# کۆنتراست

## فێلکردن لە فەلسەفە✻

ئازاد حەمە
azadhama@hotmail.com

### سەرەتا و پووختە:

لەژێر سێبەری ئەم ناونیشانە دەخوازم وەسەرەتای وەگۆهێنانی خۆم سەبارەت بە کێشەێ بێم کە گرنگی خۆی بۆ ڕوونکردنەوە هەیە. ئەم کێشەیە, کە بەخۆی لەگەلێ ڕووەوە کێشەزاێ سەیرە و پەردەش لەسەر چەندین تەنگوچەلەمەیتر هەلدەمالێ, بە بوارێ لە بوارەکانی زانستەمرۆییەکانەوە تایبەتە کە ئەوەش فەلسەفەیە. من ئەم بوارە وەك بوارێ تەماشادەکەم کە خاوەنی دیسپلینێ تایبەت بەخۆیەتی. بۆئەوەی ئەمەش بکەم یەکەم پرۆسەی وەگۆهێنانی خۆم, کە بەخۆی بەردی بناغەی نووسینەکەشمە, بە خستنەڕووی بیرۆکەێ تایبەتدەکەم کە لام دەمێکە گەلالە و بەرجەستەبووە. ئەوەش بەمجۆرە خۆی بەیاندەکا: فەلسەفە وەك بوارێ لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان و بەگشتیش وەك دیسپلینێ ئەکادیمی لەناو ئێمە(مەبەست ئێمەی کوردە) بوونی نەبووە.

ئەوی لەسەرەوە درکاندم, لەڕاستیدا نە بەری بیرکردنەوە و دانپیاهێنانێ نێگەتیڤانەیە و نەش تێگەیشتنێ ڕەشبینانە. بەلکو ئەم بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لەلایەن منەوە سەرچاوە لەچەندین بەلگەی لۆژیکی(مەنتقی) و بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە هەلدەگرێ کە ناکرێ هەر لەم سەرەتایەوە هەلڕێژرێن و یان هەلوێستەیان لەسەر بگیرێ. خودی ئەرکی فەلسەفە کە بریتیە لە بیرکردنەوە بەجۆرێ ڕەخنەییانە و هەروەها خۆڕاهێنان ,کە ئەمەش دیسانەوە ئەرکی فەلسەفەیە, لەسەر بەلگەهێنانەوە بەشێوەێ لۆژیکیانە دیسانەوە ئەو لایەنە ڕووندەکاتەوە کە فەلسەفە دیسپلینێ ئەکادیمیە و ناشێ وەك زانینێ سادە و ڕووکەش سێرکرێ. ڕاستە ڕەخنەییانە بیرکردنەوە و لۆژیکیانەش بەلگەهێنانەوە ترادیسیۆنێ(نەرێت, تەقلید) ڕۆژئاواییە و لە نووسینە فەلسەفیەکانا لە ڕۆژئاوا پتر لە دوو هەزار سالە کاری بۆ دەکرێ و وەکیتریش کاریلەسەردەکرێ بەلام ئەم لایەنە لەمیانەی نووسینەکەم پەیتاپەیتا دێمەوەسەری و لەم سەرەتایەدا شتێ ئەوتۆی لەبارەوە نالێم. ئەوەش کە ئەو ترادیسیۆنە لەناو ئێمە هەلنەگیراوەتەوە,کە ئەمە بەخۆی دەبایە بابەتی تێڕامانێ گەورەبایە, دیسانەوە لە درێژەی نووسینەکەمدا دواتر بەووردی دێمەوە سەری.

ئەوەی کە فەلسەفە لەناو ئێمە بناغەێ ئەکادیمی نەبووە یان ئەکادیمیا و دامەزراو و نێوەندی توێژینەوە نەبووە بە پالپشتی بیری فەلسەفی گەورەترین زەرەری لە نووسینەکانمان(لێرە مەبەست تێکستە) بەگشتی و بەتایبەت لە نووسینە ئەدەبی و مێژووی و ئەو نەختە نوسینە فەلسەفیانەشداوە کە بە نووسینی فەلسەفی ناوزەددەکرێن. وەلی لەگەل ئەوەشدا بەرهەمهێنانی نووسین یان تێکست لەناو ئێمە هەر بەردەوام بووە جا چ نووسین بەواتا گشتیەکەی یان نووسینی فەلسەفی بەواتا تایبەتەکەی. هۆی بەردەوامییەکە ناشێ ساویلکانە ڕاڤەکرێ. چونکە ئەو بەردەوامیە ناکرێ وەك چاوقایمی و نەترسی تەماشاکرێ بەلکو دەبێ واببینرێ کە ئەوە گەورەترین دەگەی لەلاێ لە نووسینی کوردی داوە و لەلاێ دیش لەو جۆرە نووسینانە داوە کە بەناوی نووسینی فەلسەفی ئامادەکراون. ئارگومێنتی (بەلگە) سەرەکیشم لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ستاندارتی و کۆنکرێتی بیری فەلسەفی مانا و گرنگی خۆی بۆ تێکڕای ئەوە هەیە کە دەکرێ ناونرێ مێژووی نووسین. چونکە بێمانای و هیچگەراییە گەر ئێمە پێمان وابێ ڕەخنەی ئەدەبی و شیعری, یان ڕەخنەی سیاسی-کولتووریمان لە هەرە پێشکەوتندایە بەلام ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە گەر بیری فەلسەفی لەناو ئێمە زەمینەێ ئەکادیمی هەبووبێ یان نە. ئەمە کە پاڕادۆکسێ (موفارەقەێ, ناکۆکیێ) گەورەیە فەرامۆشکردنی تێکڕای نووسینی کوردی دەخاتە ژێرپرسیارەوە.

بۆیە دەمەوێ لەم سەرەتا بەرتەسکەدا ئاماژەبەوەبکەم, ئامانجی بنەڕەتی من لەم نووسینە ئەوەیە, ئەو لایەنە ڕاڤەکەم وابەستەنەبوونی بیری فەلسەفی ئێمە بە نێوەندی ئەکادیمی و سەرچاوەهەلنەگرتنی ئەو بیرە لە نێوەندی توێژینەوە و زانکۆوە چەند هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفەێ کە نە فەلسەفەێ کۆنکرێتە و نەش ستاندارت. ئەم جۆرە فەلسەفەیەش کە لەدووتۆی باسەکەدا بە نافەلسەفە ناونراوە مەبەستلێی زۆر بەکورتی ئەوفەلسەفەیەیە کە فەلسەفی نییە بەلکو شتی دییە. واتە ئەو شتەی بەناوی فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە شتێ جیایە لە فەلسەفە یان ئەو شتە لە کۆنتراست دایە لەتەك فەلسەفەدا. ئەو شتە دییە, کە فەلسەفەدار نییە یان بێ فەلسەفەیە, بە زەبری ڕاڤەکردنێ دامەزراو لەسەر بناغەی بەلگە و سەلمێنە (ئاکسیۆم, بەدیهیات) بە ووردی بەردەستدەخەم.

ئەم نافەلسەفەیەش ,یان ئەو شتەدییە کە لەناو ئێمە بووە بە فەلسەفە یاحود شوێنی فەلسەفەی لەناو ئێمە گرتۆتەوە , بەخۆی پرۆسەێکە لەئاکامی جۆرە فێلکردنێ لە خودی فەلسەفە بەرهاماتووە. هەربۆیشە بەپێویستم زانیووە

ناونیشانی دووەمی یان لاوەکی نووسینەکەم ***فێلکردن لە فەلسەفە*** بێ. بەلام دەشکرێ خوێنەری ئەم نووسینە ناویتر لەبرِی ئەو ناوەدانێ, بۆ نموونە: ***غەدرکردن لە فەلسەفە*** یاخود ***بەهەلەبردنی فەلسەفە*** بەدلنیاییەوە ناوی وەك ***ئەتککردنی فەلسەفەش*** هەر شیاویتیابەدیدەکرێ بەلام من ڕاڤەکردنەکەم پتر لەسەر بوونیادی ئەو ناوە لاوەکیە دامەزراندووە کە بە فاکتە و سەلمێنە و نموونەوە گوزارەی لێدەکەم. گرینگە خوێنەری ئەم باسە لەوەبەئاگابێ کە مرۆڤ چەند ئازادە لە ناولێنان بەلام ئەم ئازادییە ڕەها نییە و پرۆسەی ناولێنانیش نە کارێ ساکارە و نەش دابڕاوە لە ناواخنی تێکستەکە.

لەڕاستیدا, من جۆری ڕاقەکردنەکەم مەرجی ئەوەش لەخۆیدا حەشاردەدا کە چۆن بکرێ نەك هەر ئەوە ڕوونکرێتەوە کە چۆن فێل لە فەلسەفەکراوە بەلکو ئەوەش کە چۆن چۆنی نافەلسەفە بەرمهێنراوە کە بەخۆی جەوهەری تەلیسمەکانی ئەو فێلکردنەش لە فەلسەفە ڕووندەکاتەوە. هەروەها هەولیشمداوە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو لایەنەش بدەم کە فەلسەفەکردن کارێ ئاسان نییە و مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش لەو ڕوەوە پڕە لە نموونە.

بۆئەوەی ئەمەش بکەم خۆم بەدووی ئەوەدا وێلکردووە وەلامی هەندێ پرسیار میتافۆریانە بدەمەوە, لەوانە: بۆ دەبێ کردەی فەلسەفەکردن هەبێ؟ ئامانج لەم کردەیە و پێویستی لە ئەنجامدانی ئەم ئامانجە چییە؟ ئایا فەلسەفە کە ڕیشەێ ڕۆژئاوایی(یۆنانی) هەیە شیاوە بازدان بەسەریدا؟ ئایا دانهێنان بە ئەورووپابوونی فەلسەفە دیاردەێ ئیرۆسێنتریزمانە یە؟ فەلسەفە کە بەرپرسیاریێ ڕەوشتی هەیە چەند لەناو ئێمە ئەوەی پێیدەلێن ڕەوشتی سیاسی لەڕوانگەی فەلسەفەوە ڕاڤەدەکرێ؟ تەنانەت پێشموایە هەلەنییە گەربپرسم: کوان ئەو نووسینە فەلسەفیانەی ئەو پۆلە فەیلەسوفە نوێیەی کورد, کە پسپۆڕن لە: فەلسەفەی ئیتیك, فەلسەفەی تیۆری زانین, فەلسەفەی لۆژیك, فەلسەفەی جوانکاری, فەلسەفەی سیاسی , فەلسەفەی موڕال, فەلسەفەی ژینگە, فەلسەفەی ڕاگەیاندن, فەلسەفەی ئاین و چەندین جۆری تر لە فەلسەفە نووسیویانە؟ ئایا لەوە بەئاگاین فەلسەفە دابەش چەند بەشێ لە دیسپلین دەبێ؟

## مێتۆدی ڕاڤەکردنەکە:

سەرباری ئەوی لایسەرەوە ووترا دەلێم: ئەوی لەناو ئێمە هەبووە نەك هەر فەلسەفە نییە بەلکو لە کۆنتراست (ناکۆکی ,جودایی, نالێکچووی, جیاوازیێ تووند, ناهاوشێوەیی ڕوون, ناجۆرێدیار) دایە لەتەك خودی ئەوەی ناودەنرێ فەلسەفە. ئالێرەوە بەڕوونی ئەو سەکۆیە دەستنیشاندەکەم کە کاریلەسەردەکەم. چونکە من تەنیا بەوەوە ناوەستم پرۆسەی ئەو فێلکردنە لە فەلسەفە ڕاڤەکەم بەلکو ئەوەش ڕاڤەدەکەم کە ئەوی بەنێوی تێکستی فەلسەفی بەرهەمهاتووە لە کۆنتراستدایە لەتەك خودی فەلسەفەدا. بەباوەڕی من هەر بەمجۆرەش دەتوانم دواتر ئەو شتە کە فەلسەفە نییە و شتێ جیایە یان زۆر لە فەلسەفە جوداوازە بەرتوێژینەوە بخەم. ئەمەو دەخوازم ئەوەش بلێم, ئەوناجۆریە دیار و جیاوازییە زەقەی لەنێوان فەلسەفە و ئەوی کارەبووە بەناوی فەلسەفەوە کە نافەلسەفەیە منی بەرەو ئەو تێڕامانەش بردووە قسە لە فێلکردن لە فەلسەفە بکەم. بەدلنیایشەوە ئەو فێلەنەبایە ئەو شتە جیایە بەرهەمنەدەهات. ئەمەش ڕوودەدا چونکە فەلسەفە بوونی نییە. واتە کاتێ ئەوی کە هەیە فەلسەفە نیە دەبێ بەدلنیایەوە لەبرِی ئەوە شتێ ترهەبێ. بۆیە لەم حالەتەدا هەم فێلکردن لە فەلسەفە دێتەکایەوە و هەمیش ئەوەی کە نافەلسەفەیە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە. بەلام دەمەوێ خوێنەری ئەم نووسینە زۆر بەووریایەوە مامەلە لەتەك دەربڕین و گوزارەکانم بکا. چونکە من نە دەخوازم بەشداری لەو فێلەبکەم کە تائێستا لە خوێنەری کورد کراوە نەش نیازموایە یاری(گەمە, وازی) بە دەربڕین و واتا بکەم تا سەر لەخوێنەری ئەم نووسینە تێکدەم. ئەمەش دەلێم لەسەر ئەو بناغەیەی, یاریکردن بە زارەوە و چەمك و گوزارە لەلاێ و لەلاێدیش پڕکردنی نووسین بە ئاوەلناو و پێناسەی وێژەیی و شیعرگەرایی ناپێویست بوونە بە خەسلەتە هەرە دیار و بەرچاویەکانی نووسینی نوێی کوردی.

سەرەڕای ئەوی ووتم, بەهۆی ئەم چەند دێڕە دەروازەییەوە دەمەوێ ئەوەش بلێم , ئەوی لەئەمڕۆدا لەناو ئێمە هەیە, هەروەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد, فەلسەفە نییە بەلکو شتێکە لەئاکامی فێلکردن لە فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە , ئەو شتەش کە بەهۆی ئەم فێلەوە بەرهەماتووە و تائێستاش بەرهەمدێ وەك فەلسەفە ناوزەدکرێ. ئەمە گرفتە و چارەسەرکردنی نە لەتوانای ئەم سەروتارە بەرتەسکەیە و نەش نووسەری ئەم سەروتارە بەلکو ئەمە کێشەیەکە چارەسەرێ درێژخایەن و بەردەوامی دەوێ و هەروەها پێویستی بە بەهاریکاری ئەو ڕوناکبیرە ئەکادیمیە پسپۆڕانە دەبێ کە لە ئێستا و ئایندەدا دەخوازن کاریبۆبکەن. فەلسەفە, دێریدا ووتەنی کە پاشان دێمەوە سەری, کە شتێ ئونیڤێرسالە(گەردووناوییە) بەباوەڕی من کێشەکانیشی پێویستی بە چارەسەری ئونیڤێرسالانە هەیە و بەچەند پێنووسێ پەراوێز و لۆکالی چارەسەرناکرێ. ڕوونتر بدوێم , فەلسەفە , کە لە ئێمە دەدەوێ, واتە مرۆڤ, ئێمە کە لە گشت شوێنێ هەین یان لەهەرکوێیین هەین , پێویستی بە کۆمەکی ئێمەیە. بەلام ڕاناوی ""ئێمە"" لەبەرئەوەی میتافۆری تری هەیە واملێدەکا بپرسم: ئەرێ ئێمە کێین؟ لەوەلامدا دەلێم: ئێمە تەنیا مرۆڤ ناگەێنێ بەلکو لێرەدا تایبەتیەتێکیش هەیە کە ئەوەش ئەوەیە ""ئێمە"" ئەوانەشدەگەێنێ کە کاری فەلسەفی لە ئاستێ دا دەکەن کە پشتبەستووە بە زانینێ دیسپلیندار. ئالێرەوە دەمانەوێ فەلسەفەکردن لە شتیدیکردن یان فەلسەفە لە شتیتر

جیاکەینەوە( بۆنموونە فەلسەفە لە کۆمەلناسی یان لە ئەدەبناسی و ..هتد). ئەم جیاکردنەوەیە لەنێوان فەلسەفە و زانینەکانی تر (وێژەناسی,ئابووری,کۆمەلناسی و ..) نە بەمانای فەرامۆشکردنی بەشەکانی تردێن و نەش بەمانای ئەوەی زانینی دیسپلینداری تر بوونی نییە. ئەم لایەنە کە لەدرێژەی نووسینەکە دێیمەوەسەری بەلام هەمیشە جەغتی سەرەکیم لەسەر ئەوەدەبێ کە چۆن ڕۆژانە و بەردەوام نافەلسەفە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە و هەروەها چۆن دەرکیشبەوەناکرێ ئەو شتە کە جیایە لە خودی فەلسەفە بووە بە سەرچاوە. هەر لەمیانەی باسەکە دێمەوەسەر ئەوە, ئەو جۆرە فەلسەفەیەش کە بەمشێوەیە دروستدەبێ ناتوانێ هیچ جۆرە ژێرخانێ بۆ هێنانەدونیای زانینی فەلسەفی دابینکا و, کاتێ کە فەلسەفەش وەك دیسپلینی ئەکادیمی بوونی نەبێ و پاشان فەلسەفە ئەو زانینە بناغەییە نەبێ کە پشتئەستوووربووبێ بەوەی پێیدەلێن هیۆمانی ناکرێ هیچجۆرە فەلسەفێ قووتکرێتەوە. چونکە فەلسەفە وەك زانین لە هیچەوە دروستنابێ و یان ئەو فەلسەفەیەی لە هیچەوە دروستدەبێ بەرهەمی ئەندێشەێ نافەلسەفی دژەدیسپلین و نامێتۆدیە. کەسانێکیش هەمیشە لەپشت ئەم جۆرە فەلسەفەیەوە دەبن کە فەلسەفەیان بەخوێندن نەخوێندوە و یان خۆیان لەمالەوە و یان لە قوژبنی چایخانەکان و لەدەروەی نێوەندەکانی توێژینەوە و ڕاڤەکردن فێری فەلسەفەکردنکردووە. چونکە ناشێ و ئەستەمە خۆڕاهێنان لەسەر ڕاڤەکردن و تیۆریزەکردن بەسەر واتا و تێڕامانە فەلسەفیەکان ,یان واتاکانی بواری زانستەمرۆییەکان بەبێ قوولبوونەوە و شارەزایێ ئەکادیمی.
دەکرێ ئێمە مرۆڤدۆست و کوردپەروەر بین هەروەها ئەملایەنە وامانلێکا جارجارە تێڕمانی خۆمان سەبارەت بەهەندێ ڕووداو و دیاردە نخەینە سەر چەند لاپەڕەێ بەلام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەێنێ کە ئێمە بەم تێڕامانکردنە بیریاریی یان ئەزموونێ فەلسەفی دەخەیتەوە. فەلسەفەکردن بەوجۆر جیایە لە خودی ئەوەی فەلسەفە لەچی و چۆن پێکهاتووە. بۆساناکردنی مەبەستەکەم دەچمەوە سەر پەندێکی گرامشی. چونکە گرامشی دەلێ: ئێمە کە قۆپچەی کراسەکەمان بەردەبێتەوە دەتوانین بیدورینەوە ئەلبەت دەشتوانین هەرهەموومان هێلکە سوورکەینەوە بەلام ئەمە نە ئەوە دەگەێنێ کە ئێمە بەرگدرووییێ باشین و نەش ئەوەی ئێمە چێشتکەرێ ناسراوین.
گەشتی ڕاستەخۆی من لەمیانەی باسەکەدا بەدلنیاییەوە بۆئەوەیە کە ڕیشال و تەلیسمی ئەو فێلە دەستنیشانکەم و پەیتاپەیتاش ئەوە ڕوونکەمەوە کە ئەوی بەرهەمهاتووە فەلسەفە نەبووە بەلکو شتێ بوە بەناوی فەلسەفەوە. ئەو شتەش کە لەڕێگای فێلکردن لە فەلسەفە هاتۆتەکایەوە لەگەل خودی فەلسەفە, فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی, لە کۆنتراستێ بێپایاندایە. ڕەنگیشە بەرهەمهێنەرانی ئەوە(واتە ئەو فەلسەفەیەی کە بەخۆی فەلسەفە نییە) بێئاگابن لەوی کردویانە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوان بەناوی نووسینی فەلسەفییەوە, ئەلبەتە ئەوەش هەمیشە لەڕوانگەی ئەوەوەی, کە ئێمە نووسینی فەلسەفیمان نییە و گرنگە لەو ڕوەوە تەکانێبدرێ و نووسینی فەلسەفی بەرهەمبێ, هاتوون کاری فەلسەفیان ئەنجامداوە بەلام هەرگیز نە زانیویانە ئەمەی دەیکەن نافەلسەفەیە و نەش بیریان لەوەکردۆتەوە فەلسەفەکردن مەرجە بە زانینیێ دیسپلیندارەوە بنجبەستبێ, واتە فەلسەفە بریتییە لە دیسپلین, لەهەمووش ترسناکتر ئەوەیە ئەوانەی نافەلسەفەیان بەرهەمهێناوە هەرگیز دەرکیان بەوەنەکردووە ئەوی دەیکەن بەواتای فەلسەفە فەلسەفەکردن نییە بەلکو فێلە لە مێژووی فەلسەفە یان ئەویدەیکەن لە کۆنتراستێ بێوێنەدایە لەتەك خودی زانینی فەلسەفیدا.
گرینگە لەمیانەی نووسینەکەم ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونکەمەوە من لەسەر چ بناغەێ و بەپشتبەستن بەچ ئارگومێنتێ ئەمە دەلێم؟ لەڕاستیدا بۆ ئەوەی ئەم دێڕە ڕوونکەمەوە بەپێویستی دەزانم ئەم باسە بنووسم. واتە بیرۆکەی ئەو تێگەیشتنەی کە هەلوێستەدەگرێ لەسەر ئەوەی کە ئەوی هەیە فەلسەفە نییە و بەلکو نافەلسەفەیە و لە کۆنتراستیشدایە لەگەل فەلسەفە بووە بە سەرجەم هەوێنی نووسینی دواتری قسەکانم. کەواتە لەژێرسایەی ئەم دەروازە پووختە ناتواتنم ئەوەڕوونکەمەوە چۆن ئەوی هەیە فەلسەفە نییە و بەلکو لە کۆنتراستێ بێئەندازەشدایە لەگەل فەلسەفە. چونکە مرۆڤ هەمیشە لەئامێزی ئەو دەروازە و یان پووختەیەی بۆ نووسینەکەی دەینووسێ ناتوانێ گشت پێکهاتە و دەرئەنجامەکانی ئەو نووسینە بەردەست خوێنەر نخا بەلکو لەبڕی ئەوە ستروکتووری گشتی نووسینەکە بەردەستدەخا.
هەر لەم دەستپێکەشدا دەمەوێ ئەوە بیرخەمەوە کە, ئەوی لەم نووسینەدا پێوەندی بە زناك(مانا) و بەهای واتای کۆنتراستەوە هەیە ئەوەیە ئەم واتایە کاتێ مەبەستی خۆی والادەکا کە دەخوازرێ شتێ بە شتێ تر بەرامبەرکرێ تا جیاوازی نێوانیان دەرخرێ. بەلام ئەوە دەبێ بەکارببرێ بۆ خستەڕووی جیاوازی نێوان دوو شت. ئەمە هیچ وەخت ئەوە ناگەێنێ کە من نیازموایە خۆم نخەمە ناو شێوازێ لە نووسینی کۆمپێرەتیڤانەوە (بەراووردکاریانەوە). چونکە من بەهیچ جۆرێ لەگەل پەرەدان بە دیاردەی بەراووردکاری دا نیم بەلکو ئەمەی دەیکەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئەوە لای خوێنەر پەسەندکراو و باوەرپێکراوکەم کە ئەوی لە ئەمڕۆدا لەناو ئێمە هەیە و بە فەلسەفە ناوزەددەکرێ فەلسەفە نییە بەلکو شتێ ترە کە من ئەم شتە ناودەنێم فێلکردن لە فەلسەفە. واتە فەلسەفە وونە و ئامادەبوونی نییە بەلام شتێ دی هەبوونی لەگەڕدایە کە لەئاکامی فێلکردن لە فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە کە دەکرێ ناونرێ نافەلسەفە. هەروەها من لەمیانەی باسەکەم نایەم باس لەوەکەم فەلسەفە چییە بەلکو باس لەوەدەکەم ئەوەی فەلسەفە نییە چییە. چونکە خوێنەری ئەم باسە دەکارێ بۆسەر چەند لێکسیکۆن و فەرهەنگێ فەلسەفی یان هەندێ

کتێبی گروووند لە بواری فەلسەفە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو تێگەیشتنە لای خۆی گەلالە و بەرجەستەکا کە فەلسەفە چییە بەلام بەندە دەخوازێ لەم کارەدا ئەوە لای خوێنەری ئەم کارە ڕوون و ئاشکراکا کە ئەوی فەلسەفە نییە چییە نەك بەپێچەوانەوە. کەواتە چییەتی فەلسەفە لەلایەن منەوە ئەو تێڕامانەی لەبارەوەناکرێ بەلکو لەبڕی ئەوە تێڕامان لەوەدەکرێ کە ئەوی خۆی لە فەلسەفە بەناوی نافەلسەفە جیادەکاتەوە چییە. هەروەها بەزۆری لەمیانەی نووسینەکەدا پشکنین لەسەر ئەوەدەکەم چۆن ئەم نافەلسەفەیە بەرهەمهاتووە هەروەها چۆن فێل لەفەلسەفەشکراوە. بۆئەوەی ئەم لایەنەش ڕوونکەمەوە بەپێویستی دەزانم ڕاڤەکردنەکەم بەچەند باسێکەوە تایبەتکەم لەوانە: **بازدان بەسەر ڕیشە, نووسینی بێگرووند و تێکەلکردنی ئێپۆکەکان بەیەکدی و گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا, دابەشبوونی نێودەولەتیانەی فەلسەفە: بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك هەروەها بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوە, بچووککردنەوەی گفتوگۆ و تیۆرییە فەلسەفیەکان , فەلسەفە بۆ خۆشی و وەك مۆدە , ڕۆژنامەوانی لەبڕی فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان , بەواتایتر ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتۆتەوە و... باسیدیش.**

## بازدان بەسەر ڕیشە

بۆئەوەی هێدی هێدی ڕۆچمە نێو ئەم بەشەی باسەکەم بە پێویستی دەزانم بچمەوە سەر ووتنێکی هایدگەر , گەر بەکاربرنی لێرە ماناداربێ, کە دەلێ فەلسەفە یۆنانی(گریکی) دەپەیڤێ. بەخۆی تێگەیشتن لەم ووتنە ڕەنگە زۆر ئالۆزنەبێ بەلام لەبەرئەوەی ووتنەکە زۆر میتافۆرییە ئەوا ئەم ووتنە دەشێ وەك ووتنێ ئاسایی نەبینرێ. هایدگەر کە بەخۆی لە ووتنە فەلسەفیەکانیدا گەلێ بە فەلسەفەی یۆنانیەوە پێوەندیدارنەبووە, هیچ نەبێ هێندەی بۆنموونە کەسانێ وەك نیچە یان هۆلدرلین کە لەتەکیانا لە گفتووگۆی فەلسەفیدا بووە, بەلام کۆششی ئەم بۆ ڕەتکردنەوەی ترادیسیۆنی میتافیزیك کە ئەوەش ئوسولێ یۆنانی هەیە کارێوایکردووە هیچوەخت دەستبەرداری بیری فەلسەفی یۆنانی نەبێ. ئەمە ئامانجی قسەکانم نییە بەلکو ئەوەی لەمڕوەوە ئامانجی قسەکانمە ئەوەیە کە تێگەیشتنی سەرەکی هایدگەر لەو ووتنە ئەوەیە کە فەلسەفە زمانێ یۆنانی هەیە. ئەم زمانە ڕاستە زمانی دایکی فەلسەفەیە بەلام فەلسەفە پاشان زمانی دیشی گۆکردووە وەلی هیچوەخت ئەو زمانانەی گۆیکردوون کارێ وایاننەکردووە زمانی دایکی لەبیرببەنەوە. واتە لەگەرووی فەلسەفەدا جگە لە زمانی دایك چەند زمانی دی دەبینرێتەوە کە زۆربەیان تائێستاش ئاوازی زمانی دایکیان تیابالادارە. ئەوەتا یەکێ لە قوتابیەکانی هایدگەر, لێرەدا مەبەست دێریدایە, ئاماژەبۆئەوەدەکا کە فەلسەفە تاکە ئەسلێکی (ئورژینێکی) هەیە کە ئەوەش بە زمانی یۆنانیەوە وابەستەیە. ئەم ئورژینیەی فەلسەفە کە یۆنانییە فەلسەفە بەرەو ئەوروپا دەگەڕێنێتەوە(1).

لەمەشبگەڕێتەوە کە لایسەرەوە ووروژاندمان گەر بوێرین و فەلسەفە بەسەر ئەم ووتنەی هایدگەرەوە بکەین ئەوا دەلێین مالی یەکەمی فەلسەفە یۆنانستانە و مندالدانی زمانی ئەم فەلسەفەیەش ئەو زمانە فەلسەفیەیە کە فەیلەسوفانی پێش سوکرات و پاش سوکرات بۆیان چێکردووە. بەلام چۆن دەکرێ ئێمە لەم بیرۆکەیە بگەین کە جارێ بە کەلەپووری فەلسەفەی یۆنانی(2) ئاشنانین. نائاشنابوونمان بە فەلسەفەی ناوبراو بە بەکاربردنی ناوی وەك سیزیف, هۆمیۆرس یان ناوی چەند خواوەند و بیرمەندێ پینەوپەڕۆناکرێ.لائێمە کە زانینێ زۆر سەرەتای و لاوەکی لەسەر فەلسەفەی یۆنانی هەیە ئەمەکارێوادەکا زۆر ئەستەم بێ لەو فەلسەفەیەش بگەین کە ئەمڕۆ ڕۆژئاوا خاوەنداری دەکا کە ئەوەش بەڕەچەلەك هاولاتیەتیێ(هاونیشتیمانیەتیێ) یۆنانی هەیە. فەلسەفە کە یۆنانی دەدوێ واتە فەلسەفە بەڕەچەلەك یۆنانیە بەلام ئێمە لەم ڕووداوە بەئاگانیین. یۆنانیەتی فەلسەفە دەکرێ بۆ ئەو تێکستانە بگەڕێندرێتەوە کە پێش سوکرات و پاش سوکرات نوسراون. پاش سوکراتیش کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگرێتەوە لە دونیای ڕوناکبیری ئێمە نەناسراون. ئێمە سوکرات ناس نین لەبەرئەوەی ئەو دیالۆگەمان خوێندوەتەوە کە ئەفلاتوون هەقایەتی لەسێدارەدانەکەی سوکراتمان بۆدەگێڕێتەوە, یان ئەفلاتوون ناسین نین لەبەرئەوەی ناوهایەکی وەك کۆمار و شار گۆدەکەین. ناسینی ئەفلاتوون بەخۆی ناسینی نەك هەر سوکراتی بەدەمەوەیە بەلکو ناسینی گشت کەلەپووری فەلسەفەی یۆنانی پێش سوکراتیشی بەدەمەوەیە. ئێمە کە دیالۆگە سەرەکیەکانی ئەفلاتوونمان نەخوێندبێتەوە (بەخۆی سێ جۆرە دیالۆگن)(3) چۆن پێیمان وایە فەلسەفەناسین یان بۆمان هەیە فەلسەفە بکەین لەکاتێکدا گشت دێیاتی فەلسەفەی, کلاسیك و نوێ و پاش نوێی, ڕۆژئاوا تاهەنووکەش بەدەوری ووتن و تێگەیشتنەکانی ئەفلاتوون دەخولێتەوە. بەلێ ئەفلاتوون بیرمەندێ نەك هەر میتافیزیکەرە بەلکو دامەزرێنەری ئەو ترادیسیۆنە ڕۆژئاوایەشە کە پێیدەوترێ ترادیسیۆنی میتافیزیك. ئەم ترادیسۆنەش بەپێی تێگەیشتنی گەلێ لە بیرمەندە سەردەمیەکان ڕیشەی خۆی لەو ئەکادیمیا یان ئەو یەکەم زانکۆ ڕۆژئاواییە دادەکوتێ کە لەسەر دەستی ئەفلاتوون دروستدەبێ کە تائێستاش فەلسەفە لە ڕۆژئاوا ووتنی خۆی لەبارەیەوە هەیە.

من لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسە نە مانای ئەفلاتوون بۆ فەلسەفەی یۆنانی ڕووندەکەمەوە نەش پێویستی فەلسەفەی یۆنانی بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەلکو ئەویدەیکەم یادخستنەوەی ئەوەیە کە فەلسەفەی یۆنانی لە ڕوناکبیری ئێمە بێ شوێنە و مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش کە لەم دەرگایەوە دێتە ژوورەوە ڕیشەی لەناو نووسینەکانمانا دانەکوتیووە. بەلگەشم لەسەر ئەمە زۆرە و لایخوارەوە چەند لایەکی ئەم گرفتە بیردەخەمەوە.
نووسینەکانمان کە دەیانەوێ هەمیشە ئاڕاستەێ فەلسەفی وەرگرن, کە بەخۆی لێوانلێون لە نافەلسەفەدا, بە ڕیشە نەدەچنەوە سەر ئەو دێیات و دیالۆگانەی فەلسەفەی یۆنانی دەرگای لەسەرکردۆتەوە و نەش نووسینە بەناو فەلسەفیەکانمان ئەرکی ڕەتکردنەوەی ئەو نەریتەی لە ئەستۆ گرتووە کە گشت وتاری نوێی فەلسەفی ڕۆژئاوا بە هەلوەشاندنەوەیەوە سەرقالە. بۆیە پێموایە گۆکردنی واتای وەك پۆست مۆدێرن یان بوون بە دژە ڕۆشنگەری, ئەلبەتە بەبێ زانین و تێگەیشتنێ فەلسەفی دامەزراو لەسەر دیسپلینێ ئەکادیمی, نە ئەو وێنەیەم لا دروستدەکا کە ئێمە لە نەریتی فەلسەفەی یۆنان و دواتر فەلسەفەی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوا گەیشتووین و نەش ئەوەی کە ئێمە توانیومانە لەو ئاڕاستە زۆرەی فەلسەفەی سەردەم قوولببینەوە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا تێیکەوتووە. بەباوەری من ئەم فرە ئاراستەیەی فەلسەفەی تازەی سەردەمیش دەکرێ وەك جۆرە پێوەبوونێك تەماشاکرێ کە بیری فەلسەفی لە سەردەمی ئێستادا تێیکەوتووە , زۆرجاریش مرۆڤی تازە ئەم لایەنە بەوە پاساودانده‌کا کە ئەو پێوەبوونە ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی وەلام بۆ پرسیارە زۆر ئەبەدی و بنەڕەتیەکانی فەلسەفە ئەمە بەخۆی ڕاستی تێدایە بەلام ئەم کێشەیە پێوەندی بە باسەکەی منەوە نییە بەلام ئەوەی گرینگە لێرەدا تێڕامانی لەبارەوەبکرێ ئەوەیە کە دابڕانی ئێمەی کورد لە بنەچەی فەلسەفە وەکیتر نامۆبوونمانە بە نیشتمانی تێکستی فەلسەفی ڕۆژئاوا کە موحابن ئەم کێشەیە نە بە بوونی یەك دوو نووسینی فەلسەفی ,کە زۆرجار ڕۆژنامەوانیئامێزن, تیماردەکرێن و نەش بە بوونی یەك دوو کتێب , تەنانەت بە بوونی چەند پرۆفیسۆر و دکتۆرانتێکیش,چارەسەرکردنی ئەستەمە. دەمەوێ ئەوەشبلێم کە ئەم کێشەیە پێشئەوەی کێشەێ بیرۆکرانی و دامەزراوەی بێ کێشەێ ئونتۆلۆژی ئالۆزە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە داوای بوونی بیرێ فەلسەفیمان لێدەکا لەناو ئێمە لە پلەی نەبووندایە. بۆیە بێئاوەزی نییە گەر بلێم: چۆن دەکرێ کەسی کورد لەو کێشە ئونتۆلۆژیە ئالۆزەبگا کاتێ خودی کێشە لەناو ئێمە وەك کێشەی ئونتۆلۆژی ڕاڤەناکرێ و لەوە ترسناکتریش خودی کێشە وەك کێشەی ئونتۆلۆژی نەبینرێ. ئالێرەوە دەتوانرێ پێلەسەر ئەو بۆچوونە داگیرێ کە دەلێ: بۆ ئەوەی فەلسەفەبکەین دەبێ فەلسەفیانە بژین. ڕاستە فەلسەفەکردن تێژیانێ فەلسەفیمان لێداوادەکا بەلام ئایا ئەو فەلسەفەکردنە گەر وەك کرداری یان ڕەفتارێ تەماشاکرێ پێویستی بە بیرکردنەوە یان جوانترە بلێم تێڕامانی فەلسەفی نییە؟ لەوەلامی ئەم پرسیارە دەلێم بەلێ و زۆریشی پێویستپێیە.
بەلام تەلیسمی تێگەیشتن لەم دیاردەیە ئەوە نییە کە ژیانێ فەلسەفی دروستکرێ وەك هەموو شتێ کە دروستدەکرێ.
نەخێر مەسەلەکە نە بەوشێوەیەیە و نەش کردەی بیرکردنەوەی فەلسەفی وەك گشت کردەێ دی شیاوە دروستکردنی.
بەلکو نهێنی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە فەلسەفە داوای تێژیانمان لێدەکا ئەمەش لەناو خودی ژیانەوە هەلدەقوولێ.
ڕوونتر بدوێین بۆئەوەی تێڕامانی فەلسەفی لە دەربڕین و گوزارەکانماندا بەرجەستەکەین پێویستمان بە جۆرە تێژیانێکی فەلسەفیانەی ژیان هەیە. کەواتە ژیان پێش فەلسەفەیە بەلام فەلسەفە ڕاگری ژیانە. ئەم رونکردنەوەیە نە بەو مانایە دێ بمەوێ ستایشی فەلسەفەبکەم و نەش ئەوەی نیازموابێ بیری فەلسەفی بکەم بە فابریکەێ بۆ بەرهەمهێنانی ژیان.
پووختەی ووتنەکانی پێشووم دەکارم لەم بینینەدا کۆکەمەوە: فەلسەفە لە کۆی ژیاندا شوێن بەخۆی دەگرێ. ئەمە بەو واتایە دێ کە دەستنیشانکردنی شوێنی فەلسەفە لەناو ژیان ئامانجی سەرەکیە و هەروەها پێوەندی فەلسەفەش بەژیانەوە سەرچاوە هەر لەو شوێنەوە هەلدەگرێ کە دواتر لەناو ژیانا دەبیێ. بەلام ئەوی ئامانجی من بوو ڕاگوزاریکەم ئەوەبوو کە چۆن ژیانی کەسی کورد لە فەلسەفە دابڕاوە. گەر نەرمتر بدوێم دەلێم فەلسەفە کە شوێنی لەناو ژیانماندا دیارینەکراوە وەك شتێ ئێگزۆێتیك(سەیر و سەمەرە)یش تەماشادەکرێ. بەلام فەلسەفە نە شتێ ئێگزۆتیکە و نەش لەژیان بەدەرە. فەلسەفە خودی ژیانەوە و فەلسەفەکردنیش هەلوێستەکردنە لەمەڕ ئەو ژیانە.
ئالێرەوە دەشێ بەشێ لەو سێرکردنانەی دێریدا قەرزبکەم کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەرگوێی گوێگرانی خۆی خستووە کە" " یۆنسکۆ " " لە ئایاری سالی 1991 دا لە پاریس سازیکردووە(4). دێریدا لەو کۆنفرانسەدا باسێ دێنێتەپێشەوە بەنێوی" " **ماف بۆ فەلسەفە**" " , لەوێڕا ئاماژە بۆ ئەوەدەکا ماف بۆ فەلسەفە پێوەندی بەوەوەیە کە کێ و لە کوێ پرسیاری ئەم مافە دێنێتەپێشەوە. ڕاستە بۆ دێریدا یۆنیسکۆ نوێنەرایەتی دامەزراوێ پۆست – کانتی دەکا بۆیە ئەتوانێ ئەرکێ لە جیاکردنەوەی بایەخی تایبەت و ئامانجی گەردووناویدا ببینێ. ئەم مەسەلەیەی دێریدا باسیلێوەدەکا بەزۆری دەچێتە خانەی ئەو فەلسەفەیەوە کە پێیدەووترێ فەلسەی ڕەوشت(ئیتیك). ڕاستە ناوبراو لەم بوارەدا پسپۆڕ نییە بەلام لەم کۆنفرانسەدا ڕێگاێدی بۆ گەیاندنی ئەو فەلسەفەیە دەدۆزێتەوە کە لەگەل چاپکردنی سێکارە نێودەولەتیەکەی(لەمەڕ نووسیناسی, دەنگ و دیاردە , نووسین و جیاوازی) لە 1967 دا سەریدەرهێنا کە ئەوەش هەلەوەشانەوەگەریە. هەلوەشانەوەگەری ئەم بیریارە کە بواری بەکاربردنی جۆراوجۆرە لەم کۆنفرانسەدا

بەئاشکرا ملبەرەو ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر کە ئەرکی دامەزراوێ نێودەولەتی وەك یۆنسکۆ نخاتە ژێرپرسیارەوە.
ئەمەش بۆئەوەی دامەزراوی ناوبراو بکارێ ڕۆلێ پتر بگێڕێ یان ئەو خەونە بهێنێتەکایەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
کانت پێوەیدەتلایەوە. ئەوەی مەبەستی منە لەم بەسەرکردنەوەی سێرکردنی دێریدا بۆ فەلسەفە ئەوەیە کە ئێمەی
مرۆڤ مافێمکان هەیە کە دەکرێ ناونرێ ماف بۆ فەلسەفە بەلام ئەم مافە دەبێ کاری بۆکرێ و دواجار ئەم مافە
دەب بشپارێزرێ و , لەهەمانکاتیشدا ماف بۆ فەلسەفە دەبێ لەچوارچێوەێ ئیتیکیشدا ببینرێتەوە. چونکە ئەگەرەکو
ماف بۆ فەلسەفە لە دەرەوەی ئەوەدا ببینرێتەوە(واتە ئیتیك) ناکرێ فەلسەفە بەکارببرێ بۆ گەیشتن لەوەی پێیدەلێن
بوون لە جیهان.

من لایسەرەوە بەزۆری گرنگیم بە پێوەندی فەلسەفە بە ژیان دا یان مافی فەلسەفە لە پێوەندی بە ژیانەوە کە
دەکرێ ئەم گوزارەیە بە گوزارەێ تر بەلەجیاتیکرێ کە ئەوەش پێوەندی فەلسەفەیە بە بوون لە جیهان. لێرەدا
نامەوێ ئەو کێشە میتافیزیکیانە دووبارەکەمەوە کە هەمیشە بەهۆی پێوەندی نێوان فەلسەفە بە بوونەوە بوونە بە
بابەتی دێیات بەلکو دەمەوێ ئەوە بەرچاوخەم کە فەلسەفە لە کۆتایدا ناکرێ لە ژیان جوداکرێتەوە یان مەحالە
فەلسەفە ببێ بە دەسکەلایەك بۆ هێنانەکایەوەی واژە و چەمك لە دەرەوەی خودی ژیان. فەلسەفە کە لەیەکەم ڕۆژی
لەدایکبوونیەوە بە نائارامی و دیاردەکانی ناو ژیانەوە گرێدراوە خۆی وەك پرۆسەیەك لە هەلوێستەکردن
نیشانداوە. ئەمە کە سەرسەختانە بەردەوامبووە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا زۆرترین دەرئەنجامی خستۆتەوە.
بەلام ئەم دەرئەنجامانە بێ هیوا و ناکارا دەمێننەوە گەر دەستنەخنە مل ئەو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتە سەر ژیانی
مرۆڤ. ئەمەش نایەتە دی بەبێ پرسیارکردن. چونکە پرسیارکردن لەخۆیدا , بۆ نموونە بۆ هایدگەر, بریتیە لە
فەلسەفە. پرسیارکردن لە فەلسەفەدا , بە قەولی دێریدا ویستی هایدگەر بووە(5), ئەم لایەنەش بێڕاڕایی فەلسەفە
بەرەوە ئاڕاستەێ تر دەبا. بەلام ئەم ئاڕاستەیە تەنیا لەمیانەی کردەی فەلسەفەکردندا ژیان بەسەردەبا نەك شتێتر.
بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوی لایسەرەوە ووترا دەکرێ بپرسم: دەشێ لەو ڕاڤەکردنەی سەرەوە چی وەدەسبهێنرێ؟
بەباوەڕی من دوو شت. یەکەمیان ئەوەیە کە بۆ دەبێ ژیانی ئێمە نەیتوانیبێ ئەو مافەمان لادروستکا کە دێریدا
ناوینا ماف بۆ فەلسەفە. نەبوونی ئەو مافە ئەوەمان پێدەلێ کە فەلسەفە لە ژیانی ئێمە دوورنەکەوتوەتەوە بەلکو
ئەوە ژیانمانە کە توانای فەلسەفەکردنی نەماوە. ئەمەش لەخۆیدا کاتاسترفێ(موسیبەت, بەلا) مرۆییە و پێویستی
بەتێڕامانێ درێژخایەن هەیە لەلاێ لە ژیانی خۆمان و لەلاێ تر لە واتای فەلسەفە لە ڕوانینی ئێمەی کورددا. بەلام
شتی دووەم کە لەو ڕاڤەکردنەی لایسەرەوە دەشێ وەدەستهێنرێ ئەوەیە کە فەلسەفە لەناو ئێمە زۆر بێشوێنە
(بێجێگایە). ئەم بێشوێنیەی فەلسەفە کارێ وایکردووە ئێمە لەو پێوەندیەش نەگەین کە فەلسەفە بۆنموونە بە خودی
مێژووی مرۆڤایەتی , و ئەمحار ئەو بەشە سەرەکیەی ناو شارستانی مرۆڤایەتیش کە پێیدەووترێ شارستانی
ڕۆژئاوا, هەیەتی. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەلێم کە فەلسەفە هەمیشە ئەو دەروازەیە بووە کە دەکرێ ڕۆژئاوای
پێبناسیرێ. مەگەر فەلسەفە ئەوە نییە کە پێیدەلێن ئایدیۆلۆژیای شارستانی ڕۆژئاوا. ئەمەش وادەکا بلێم
دوورکەوتنەوەی ژیانمان لە فەلسەفە هۆکارێ بووە بۆ نەگەیشتنیشمان لە شارستانی ئەوروپای کە بمانەوێ و
نەمانەوێ بووە بە نوێنەری مرۆڤایەتی. ئالێرەوە دەکرێ دانبەوەدا بهێنم: ئەو دەربڕینە فەلسەفیانەی (کۆتای
فەلسەفە,مەرگی میتافیزیك, پایانی تازەگەری و ...هتد) سالانێکە کەوتونەتە بەر بەکاربردنێ ئونیڤێرسالانەوە
(گەردوونایییەوە) لەناو ئێمە جارجارە بەکاردەبرێ بەلام بەبێ ئەندێشەێ ئەکادیمی و دوور لە قوولبوونەوەێ
تیۆری کە لەدواینباردا هیچ مانایێ فەلسەفی ناپێکن و لەگەل ڕوناکبیری فەلسەفیشمانا لە کۆنتراستێ
بێڕهەنددادەژین. بەلێ ئەو واتایانە بەرهەمی شێواوێ فکری نین و لەکۆتایشدا هەلوێستەی فەلسەفەی ئەمرۆن
لەئاست ئەو گەشەیەی مرۆڤایەتی پێیتێناوە بەلام نە ئەو واتایانە دلی فەلسەفە لە لێدان دەخەن و نەش فەلسەفە
لەوەدەکەوێ واتاهای لەمجۆرە نەهێنێتەدونیا. بەلام لەبەرئەوەی فەلسەفە لەناو ئێمە دیسپلیندارنەبووە و هەروەها
فەلسەفە بە ڕەخنەکردنی ئەو کێشە هیۆمانیانەشەوە سەرقالنەبووە کە لە بوونی مرۆییماندا پەنهانن بۆیە فەلسەفە
ئامادەبە شێواوی بەرهەمبهێنێ . چونکە فەلسەفە لەدواینباردا نە بریتییە لە ڕیزکردنی واژە و زارەوە و نەش لە
بیرخستنەوەی ناوی بیریار و شەپۆلە جۆراوجۆرەکان , بەلکو فەلسەفە شوێنێکە بۆ هەلوێستەکردن لەسەر کێشەکان
یان فەلسەفە بەواتایدی بریتییە لە پەرپرسیاریەتی.

من لەخۆڕا لەمباسەدا دەروازەم لەو لایەنە نەکردەوە کە لایسەرەوە ناوملێنا بازدان بەسەر ڕیشە. چونکە مەبەستی
سەرەکیم لەو ناولێنانە ئەوەبوو کە چۆن ئەوە نیشاندەم کە بازدانی ئێمە بەسەر ڕیشە لە فەلسەفەدا پۆلێ کێشەی
بۆ دروستکردوین. مەبەستی منیش لە ڕیشە ,کە دوو لایەنیە, ئاساییە کێشمەکێشمی ڕوناکبیری بۆ خوێنەر
دروستکا. هۆیەکەشی ئەوەیە من وایدەبینم یەکێ لە لایەکان بریتییە لەوەی ئەو ڕیشەیەی فەلسەفە خۆی لەسەر
بوونیاندەنێ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە فەلسەفە وەك دیسپلینێ زانینی لەناو ئێمە هیچ وێنەیەکی نەخستۆتەوە و ,
لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە فەلسەفە لائێمە لە پێوەندی نەبووە بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە کە ئەوەش
گریکستانە(یۆنانستانە). نەبوونی ئەم پێوەندیەش کارێ وایکردووە ئێمە تەنیا لە ئەدەبیاتی فەلسەفی یەکەم پۆلی
بیریارانی  فەلسەفە بێئاگانین بەلکو ئێمە بەو ڕیشەیەش نامۆبین کە فەلسەفەی شارستانی ڕۆژئاوا خۆی لەسەر

دامەزراندووە , کە ئەمڕۆ ئەم فەلسەفەیە بەپشتبەستن بەو ڕیشەیە توانیویەتی نوێنەرایەتی گشت ئایدیۆلۆژیای مرۆڤایەتی بکا.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە درکانم ئەوەش دەلێم: ئێمە نووسینمان بەمانای توێژینەوە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی کۆن نییە و ئەمەش کارێوایکردووە هەچ کارێ فەلسەفیترمان دەستپێکردبێ نەیتوانیوە ئەو گرفتە ڕیشەییە چارەسەرکا کە لایسەرەوە ئاماژەپیێکرا. لە نێوەندەکانی فەلسەفەش, لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا, ئەوە باوکراوە کە هەمیشە دەروازەی مێژووی فەلسەفە خۆی بەسەر فەلسەفەی یۆنانی کۆندا والاکا ئەم خۆوالاکردنە بناغەێ بتەوی بۆ فەلسەفە وەك دیسپلینێ زانینیش داناوە کە ئێمە بەجۆری ناسیستەماتیك ئەو زانینەمان وەدەستهێناوە. یەك لە ڕووەکانی ئەو وەدەستهێنانە ناسیستەماتیکە ئەوەیە کە ئەو زانینەفەلسەفیەی بەدەستمانهێناوە لەڕێگای ئەو ڕەخنانەوە وەدەستهێنراون کە لە تێکست و ئەدەبیاتە فەلسەفییە غەیرە ئۆریژینالیەکانەوە وەچنگخراون. واتە لەبڕی خوێندنەوەی خودی ئەدەبیاتی ئەفلاتوون, کە بەخۆی دەروازەێ باشیشە بۆ ناسینی سوکرات و گشت کەلەپووری میتافیزیکی ڕۆژئاوا, ئەو تێکستانەمان خوێندۆتەوە کە ئەفلاتوون ڕووندەکاتەوە یاخود ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرێ کە زۆرجار ئەو تێکستانە داوای قوولبوونەوە و تێڕامانێ جوداوازمان لێدەکەن کە ڕەنگە کەمی زانیارییمان لەسەر ئەفلاتوون بەتایبەت, و فەلسەفەی یۆنانی کۆن,کارێوایکردووە نەك هەر لەو تێکستانە نەگەین بەلکو لەو کەلەپوورە فەلسەفیەش بەباشی نەگەین کە ڕۆژئاوا خۆی پیێ جیهانیکردووە. ئەمە کێشەیە و وەلی کێشەکە نە هەر بەمشێوەیە و نە هەر ئەمەشە. بەلکو کێشەکە ڕووی تر هەیە و جۆراوجۆریشە. والایخوارەوە لە ئاستێ بەرتەسکدا بەسەریدەکەمەوە.

کاتێ کە باس دێتە سەر ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفە هەمیشە فەلسەفەی شارستانی ڕۆژئاوامان پێش گشت شارستانیە تەکانیتر بیردەکەوێتەوە و ئەمەش بەبەێ ئەملاوئەولا فەلسەفەی یۆنانی کۆنمان بیردێنێتەوە. ڕاستە فەلسەفە تەنیا لە فەلسەفەی یۆنانی بریتی نییە بەلام فەلسەفەی یۆنانی ئەو فەلسەفەیە کە زەمینەێ زانینی بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا دابینکردووە. ئەو زەمینە زانینیە هەر ژێرخانە مێتۆدیەکەی فەلسەفە ناگرێتەوە بەلکو ئەو دیسپلینەش دەگرێتەوە کە فەلسەفە وەك زانینێ پێی وابەستەیە. ئەم لایەنەش وایکردووە فەلسەفەی دواتری ڕۆژئاوا هەمیشە گفتوگۆی ئەم فەلسەفەیە بکا. بەلام فاکتەێ هەیە کە ئاساییە لێرەدا وەبیربهێترێتەوە ئەوەش ئەوەیە کە, ئەوە تەنیا فەلسەفەی ڕۆژئاوا نییە کە گفتووگۆی ئەم فەلسەفەیە دەکا بەلکو گشت فەلسەفەی مرۆڤایەتی جارجارە دێتەوەسەری و لەگەلێ شوێنیش لە جیهانا بووە بە دەروازە لە تێکڕای کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا. بەلام ئەم پیێداگرتنەی من لەسەر ئەوەی فەلسەفە ڕیشەێ ئەوروپای هەیە مانای ئەوە نییە کە فەلسەفە ڕەنگی تر و دەنگی تری تیابەدیناکرێ. هەر سەبارەت بەم لایەنە دێریدا ئەوەمانپیێدەلێ کە کاتێ باس لە ئەوروپابوونی ڕیشەی فەلسەفە دەکەین دەبێ خۆمان لە مەسەلەی ئیرۆسێنتریزم دوورخەینەوە. بۆیە سەرنجمان بۆ ئەوەڕادەکێشێ کە فەلسەفە ئەگەرەکو یۆنانیە بەلام ئامرازی جیاوازیتری تیابەدیدەکرێ. مەبەستی دێریداش لەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئێمە دەکارین باس لە ڕووداوی فەلسەفی جۆراوجۆربکەین کە بەشێکی لە ئەوروپان و بەشەکەی تری لەدەرەوەی ئەوروپان. ئەلبەتە لەناو ئەو ڕووداوە فەلسەفیانە ئیرۆسێنتریزم و ئەنتی ئیرۆسێنتریزمیش بەدیدەکرێ(6). وەلی وەك سەرنج لەسەر قسەکانی دێریدا ئەوەش دەلێم کە, ترس لە ئیرۆسێنتریزم نابێ وامانلێکا باس لە ڕیشەی فەلسەفە نەکەین کە چەند ئەوروپاییە. ئەوەتا کتێە گرووندیەکان سەبارەت بە فەلسەفە لەو ولات یان کولتوورانەی کە غەیرە ئەوروپاین, وەك عەرەبی یان ئیسلامی بەگشتی و هیندی و چینی و ..هتد , مەحالە فەلسەفە بەبێ فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و هەروەها بەبێ فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا هەناسەبدا. بەلام جیاوازیەکە لە سەردی ئەو فەلسەفانە و ووتنەوە و ڕاڤەکردنییاندایە. ڕاستە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا (بۆنموونە لە ئەسکەندەنافیا) بایەخ بە فەلسەفەی ئیسلامی یان فەلسەفەی هیندی و چینی نادرێ بەلام گەر فەلسەفە لەم ولاتانە ئەمەنەکا پرۆسەی فێربوون و ووتنەوەی فەلسەفە دلی لە لێدان ڕاناوەستێ. هۆیەکشی بەپێی تێڕامانی من تەنیا ئەوەیە کە فەلسەفە لە ڕۆژئاوا دەتوانێ بەگەڕانەوە بۆ ڕیشەی خۆی پێداویستیەکانی خۆی پڕکاتەوە.

بەلام هەموو ئەمەی ووترا ئامانج تیایا تەنیا ئەوە نەبوو کە باس لە گرووند لە بیری فەلسەفی ڕۆژئاوا بکەین بەلکو ئەوەش بوو کە بۆ دەبێ ئەم گرووندە لە بیری ئێمەدا بەگشتی و لە بیری فەلسەفیماندا بەتایبەت ڕەنگینەدابێتەوە. بەباوەڕی من ڕەنگینەدانەوەی ئەم گرووندە نەك هەر بۆتە هۆی ئەوەی بیرێ فەلسەفی ستاندارت لەناو ئێمە دروستنەبێ بەلکو ئەو لایەنە کارێواشیکردووە بیری ئەدەبیشمان (ئەلبەتە سیاسیشمان) پاشکەوتووبێ.

من لێرەدا لەم ڕووەوە گەر بدوێم تەنیا ئەوەندە دەلێیم : بیری ئەدەبی و سیاسی ڕۆژئاوا تائەمڕۆش لەگەل ئەو بنەما ئەدەبی و سیاسیانە لە دێاتدایە کە فەلسەفەی یۆنان بناغەی بۆداناوە بەلام ئەم دێاتە لە بیرە ئەدەبی و سیاسیەکانی تردا بەو ئەندازەیە ئامادەنییە. هۆش لەوبارەیەوە زۆرە بەلام ڕەنگە سەرەکیترین هۆ ئەوە بێ کە ئەو بیرە سیاسی و ئەدەبیەی لە یۆنانی کۆندا باوبووە نەتوانراوە لەناو ئەزموونە سیاسی و ئەدەبیەکانی تردا نە هەلگیرێتەوە و نەش گەشەی پێبدرێ. بەلام ئەوەی بە ئێمەی کوردەوە تایبەتە لەو بارەیەوە زۆر بەکورتی ئەوەندە دەلێم: باری کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسی ئەو ناوچانەی کوردی تیاژیاوە ڕێگربووە لەبەردەم ئەوەی ئەو

ئەزموونە سیاسی و ئەدەبیەی یۆنانی کۆن ڕەنگدانەوەی خۆی لەناوماندا نەبێ. گەشەی بیری سیاسی و ئەدەبی ئێمە کە ئەوەندە لەگەل بیرۆکە و ئارگومێنتی جۆراوجۆری نووسەرانی یۆنانی لە گفتوگۆدا نەبووە نەیتوانیوە ئەو تێکستانە بهێنێتەکایەوە کە بشێ ئەمڕۆ وەك تێکستی ڕیشەی لە نێوەندەکانی توێژینەوە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا لەبەرچاوبگیرێن. بۆیە من وایبۆدەچم کە ئەوە گەشەی ئەدەبی نییە کە ئێمە ئەو هەموو دیوانە شیعری و ڕۆمانانە بە لێشاو چاپدەکەین یان ئەوە ڕابوونی سیاسی نییە کە ئێمە خاوەنی پەرلەمانێ پەرتین. چونکە واتای ئەدەبی و سیاسی ئێمە جارێ بێلانەیە و شوێنێکی لە دونیای واتای جیهانا داگیرنەکردووە. لەمڕووەوە چەندین ئارگومێنتی جبا دەشێ بەنموونە بهێنرێتەوە کە یەکێکیان دەکرێ ئەوەبێ کوان ئەو تێکستانەی کە ئەمڕۆ وەك تێکستهایەکی ئۆریژین دەشێ تەماشاکرێن؟ ڕوونتر بپەیڤم دەلێم: ئێمە تێکستهایەکی ئەوتۆمان بەرهەمنەهێناوە کە ئەمڕۆ بکرێ وەك سەرچاوە لە نێوەندەکانی لێکۆلینەوە و پشکنین لە زانکۆ نێودەولەتیەکانا بەکاربرێن. ناکرێ و مەحالە هەندێ هەستی ناسیۆنالی و یان بۆچوونی وێژەی وامانلێکا پەنا بۆ ساغکردنەوەی هەندێ شت ببەین کە هێزی فاکتەبوونی تیا لاوازە. چونکە بەنموونە هێناوەی بەرهەمەکانی خانی یان مەحووی یان کاری یەك دوو ئەکادیمیکەری کورد کە لە ڕۆژئاوا کاری ئەکادیمیدەکەن ئەوە ڕووناکەنەوە کە ئێمە خاوەنی تێکستیهایەکی پووختین لە شێوەی ئەو تێکستە فەلسەفیە پووختانەی لە ڕۆژئاوا لە یۆنانی کۆنەوە نووسراون. چونکە ئەوە دەمانباتەوە سەر کێشەێ تر کە نامەوێ لەم کورتە باسەدا بێمەوە سەری ئەوەش مەسەلەی پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەبە. من هیچکات جورئەتی ئەوەناکەم نکولی لە تێر و پڕی تێکستهای کەسانێ وەك خانی و نالی و مەحوی بکەم بەلام دەتوانم و زۆر بوێرم تێکستی ئەدەبی یان وێژەی لە تێکستی فەلسەفی جیاکەمەوە. بۆمن چۆن گۆتە و کانت جیان یان بۆدلێر یان مالارمێ لە دێکارت یان ڕۆسۆ جوداوازن هەروەها ئێلیوت لە هۆبز و لۆك جیایە ئاواش و لەسەر هەمان بناغە خانی یان نالی لەو فەیلەسوفە جیایە کە بە تێکستە باوەڕپێکراو و دانپیاهێنراوەکانی دەشێ وەك فەیلەسوف ناوزەدکرێ. ئەم دێیاتە دەمانباتەوە سەر گفتووگۆێ تر کە ئەوەش جیاکردنەوەی تێکستی ئەدەبییە, بەتایبەت شیعر, لە تێکستی فەلسەفی یان فەیلەسوف لە ئەدیب , بەتایبەت شاعیر, . ئەوکاتەش کە لە کۆمەلگەی ئێمەدا شیعر لە فەلسەفە جیادەکرێتەوە ئەوکاتە دەکرێ باس لە تێکستی فەلسەفی پووخت بکرێ. ڕەنگە ئەو هەولانەی لەبواری شیعر لە ڕۆژئاوا بۆ بەفەلسەفاندنی پەیڤی شیعری کراون زۆر لەو هەولانە بەدوورنەبن کە لەبواری فەلسەفەدا بۆ بەشیعراندنی فەلسەفە کراون. نموونەشمان زۆرە بۆنموونە لەسەر ئەوی یەکەم(واتە بەفەلسەفاندنی پەیڤی شیعری) دەتوانین مالارمێ وەك شاعیر بەنموونە بهێنینەوە و بەلام سەبارەت بە حالەتی دووەم(واتە بەشیعراندی فەلسەفە یان بەوتارئامێزکردنی فکر) دەکرێ نیچە وەك فەیلەسوف بەنموونە بهێنینەوە. بەکورتی تا دەمێ ڕوناکبیری دی لەناو ئێمە نەیێتەدونیاوە ئەو دەمەی کە فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی دەبینێ و جیاوازیش لەنێوان دیسپلینە جۆراوجۆرەکاندا دەکا سەختە باس لە جیاکردنەوەی ئەدەب لە فەلسەفە یان دیسپلینەکانی تر بکرێ. تێکەلکردنی فەلسەفە بە ئەدەب, بوونی ئەدەب بە بەشێ لە فەلسەفە یان ترسناکتر بدوێین بوونی فەلسەفە بەبەشێ لە ئەدەب پرۆسەی نەك پرسیارکردن دەکوژێ, کە هایدگەر پێیوابووە ویستی فەلسەفەیە, بەلکو ئەو کێشە هەمیشەیەش دروستدەکا کە ئەوی دەووترێ ئایا پەیڤێ فەلسەفییە یان ئەدەبی.

من بۆئەوەی ڕەوتی ڕاڤەکردنەکەم پتر ڕوون و دیارکەم سەبارەت بە پێوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە دەچمەوە لای ئەو مێزگرتەی دێریدا کە لەتەك چەند نووسەرێ تر ئەنجامیداوە ,کە بەخۆی لەیارەی ئەو تێکستەوەیە کە ناوبراو لەو کۆنفرانسە نێودەولەتیەدا پێشکەشیکردووە کە لەبارەی وتاری هۆمانییەوە بووەکە لە ئەپریلی(نیسانی) 1994 دا بەستراوە. پێشئەوەی بێمە سەر تێگەیشتنەکانی دێریدا دەمەوێ ئەوەبلێم من لەبەشێکی تری ئەم سەروتارە دێمەوە سەر باری فەلسەفە لەپاش ئەو دابەشبوونە نێودەولەتیەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا تێیکەوتووە. چونکە ئەو دابەشبوونە یان بوونی فەلسەفە بەدوو جەمسەر کاریگەری خۆی بەسەر ئەو پێوەندیەی نێوان ئەدەب و فەلسەفەشەوە هەیە. ئەو دوو جەمسەرەش, کە لە زانکۆکانی ئەوروپا پیادەدەکرێ, بریتیە یەکەم لە جەمسەری فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی (زانکۆ ئینگلیزی زمانەکان و ئەوانەش کە لەژێرکاریگەریئەواندان وەك زانکۆکانی ئەسکەندەناڤیا) هەروەها دووەم لە جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتال (زانکۆ فەڕەنسی و ئەلەمانی زمانەکان). ئەو دوو جەمسەرەی فەلسەفە وەك یەك ناڕواننە پێوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە ئەمەش مانای خۆی بۆ گشت ئەو پێناسانە هەیە کە لەلایەن فەیلەسوفانەوە دەشێ بۆ ئەدەب بکرێ. بۆنموونە بیریارێ وەك دێریدا ,کە یەکێکە لە ڕابەرانی فەلسەفەی کۆنتنێنتال, وەك فەیلەسوفانی شیکردنەوەی ,کە فەیلەسوفە ئەنگلۆ- ئەمەریکیەکان دەگرێتەوە, تەماشای پێوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە و تەنانەت پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانستەمرۆییەکانیش ناکات.

بەباوەڕی من فەلسەفەی شیکردنەوەی نەك هەر پێوەندی بە ئەدەبەوە کەمە بگرە پێوەندی بەزانستە مرۆییەکانیشەوە کەمە. بەلام بەبۆچوونی دێریدا پێوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە پێوەندییە لەنێوان فەلسەفەی کۆنتنێنتال و ئەدەب لەگەل چەند ڕیزپەڕێکدا. هەر لەوبارەیەوە دێریدا دەلێ: پییێموایە واتای ئەدەب واتاێ فەلسەفییە. بەلانی کەمەوە ناشیاوە دامەزراندنی ئەم واتایە (واتای ئەدەب) بەبێ فەلسەفە. دێریدا بەخۆی وەك فەیلەسوف بایەخ بە ئەدەب دەدا بەلام نەك گشت ئەدەبێ. بەلکو ئەو ئەدەبەی گریمانی فەلسەفی لەمەڕ ئەدەب بەشتیتر دەگۆڕێ. دێریدا هەر لەو

مێزگرتەی لایسەرەوە ئاماژەی بۆکرا هەندێ لە فەیلەسوفانی ئەمەریکی, یان ئەلمانیش,بەوە تاوانباردەکا کە فەلسەفە کورتدەکەنەوە بۆ ئەدەب. لەم حالەتەدا دێریدا سەریلەوەسوڕدێ کە هابرماز جیاوازی لەنێوان تێکستی ئارتۆ,ژان ژینێ و هیگل دا نابینێ. بەلام ئەم بەپێچەوانەوە جیاوازی لەنێوان ئەو تێکستەدا دەکا کە پێیدەلێن تێکستی ئەدەبی و تێکستی فەلسەفی. سەرباری ئەوە ئەدەب بۆ دێریدا ماهیەتی نییە بەلام وەزیفەێ تایبەتی هەیە.هەر سەبارەت بەهەمان بابەت دەمەوێ ئەوەش یادخەمەوە کە دێریدا دەیەوێ بەحورمەتەوە بڕوانێتە ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا هەیە.وەلی دەشخوازێ ئەو لایەنەش ببینین کە چەند فەلسەفی لە ئەدەبدا هەیە. بۆیە دێریدا پیێ لەسەرئەوەدادەگرێ کە ناکرێ مالارمێ یان بودلێر بخوێنینەوە بەبێ شارەزایێ زۆر لەسەر فەلسەفە.بەلام لەلایێتریشەوە جەغتلەسەر ئەوەدەکا کە لە وتاری فەلسەفیدا ڕووداوی شیعرگەرایی هەیە, هەروەها داهێنانی شیعرگەرایی لە کردەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەشدا هەیە. هەروەها واتای فەلسەفی ئەدەب بەبۆچوونی دێریدا لەوکاتەوەی ئەفلاتوون لە " "کۆمار" "دا باسی لە جەنگی نێوان فەلسەفە و ئەدەب کردووە گۆڕانی هاتۆتەسەر بەلام گۆڕانەکە بێوێنە بووە لە ئەدەبدا(7). ئەم دێیاتەی دێریدا هێنایە پێشەوە بۆ من چەند قسەێ هەلدەگرێ کە والایخوارەوە ڕوویدەخەم.

دێریدا باس لە دوو واتا دەکا یەکێکیان فەلسەفیە و ئەویتر ئەدەبیە. ئەم دوو واتایە هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەمپێکرد بەپێی تێگەیشتنی فەیلەسوفانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی یان شیکردنەوەی و فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال وەك یەکنین. ئەمەش بەپێیتەماشاکردنی من لەلاێ پێوەندی بە جیاوازی پەرەسەندی مێژووی ئەو دوو وتایەوە هەیە و لەلایێدی پێوەندی بە جیاوازی کردەی فەلسەفەکردنەوە هەیە لە نێوان بیریارانی ئەو دوو جەمسەرەی لایسەرەوە ناویانهات. ئاشکرایە دێریدا سەرەتا خۆی بە هەندێ کاری فەلسەفی پووختەوە سەرقالکردوە: وەك هەلوێستەکردن لەسەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرەل و فەلسەفەی زمانەوانی سۆسێر و فەلسەفەی ڕۆسۆ و شتراوس بەلام ووردە ووردە پییێخستۆتە ناو ئەدەبەوە. مەبەستم هەلوێستەی فەلسەفی خۆی تایبەت بەهەندێکاری ئەدەبی بلاوکردۆتەوە, لەوانە بۆنموونە لە کتێبی" "بلاوبوونەوە" " قسە لەسەر مالارمێ دەکا, بەلام لەبەشێ لە کتێبی " "شیبۆلێت" " قسە لەسەر شاعیری ئەلمانی پۆل سیلان دەکا و لەبەشەکەیتری قسەلەسەر ڕۆماننوسی فەڕەنسی هاوڕێی مۆریس بلانشۆ دەکا کەچی لە کتێبی" "گلاس" " باس لە ژان ژینێ دەکا. وەلی لە کتێبی" "نووسین و جیاوازی باس لە ئەنتوان ئارتۆ" " دەکا.بەلام ئەو ئەدەبەی دێریدا فەلسەفەی بەسەرەوە دەکا بەخۆی لەژێر کاریگەری میراتێ لە فەلسەفەی فەڕەنسی بەتایبەت و فەلسەفەی ڕۆژئاوای بەگشتی دا بووە. بەلام ناشێ ئێمە بێین ئەم شێوازە لە نووسین لاسیکەینەوە و ئەو مێژووەش بشێوێنین کە لە پشت گەشەی هەردوو واتای ئەدەب و فەلسەفەوە بووە. بۆیە ئەوەی پێوەندی بەئەزموونی نووسینی ئێمەوەیە ئەوەیە کە ئەدەب هەمیشە لەپێشەوە بووە و تاکە بوارێ ڕوناکبیریش بووە بەلام ئەم ئەدەبە نە بە فەلسەفەوە پێوەندیداربووە و نەش فەلسەفە لەناو ئێمە بەواتا ڕۆژئاوایەکەی بوارێ ناسراو بووە. کاتێ کە ئەدەبی ئێمەش لەو فەلسەفەیە دابڕاوە کە ئەمڕۆ بووە بە سەرچاوە بۆ فەلسەفەی جیهان ئەدەبێتر لەناو ئێمە گەشەپێدراوە کە تائێستاش لەئەدەبی ڕۆژئاوای جوداوازە. ئەم ئەدەبە (ئەدەبی ئێمە) نالێم بێفەلسەفە بووە بەلکو دەلێم ئەو شێوە فەلسەفەیە لەپشتیەوە نەبووە کە لەپشت ئەدەبی ڕۆژئاواوە بووە. بەلکو لەبڕی ئەوە زانینێ فەلسەفی شێوە عیرفانی لەپشتیەوە بووە. بەلام گشت فەلسەفە بریتی نییە لە عیرفان.

## نووسینی بێگرووند, تێکەلکردنی ئێپۆکەکان بەیەکدی و گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا

تائێستا ئەو نەرێتە لائێمە لە نووسینەوە بگرە تادەگاتە لێدوان و گفتووگۆ و جۆرەکانی دی هەڤپەیڤنیش دروستنەبووە کە کەسێ ئامادەبێ و بفەرمێ: " "من لەوە ناگەم" " یان " "ئەو شتە بواری کارکردنی من نییە" " یاخود " "لەو لایەنە شارەزانیم" " و " "پسپۆڕیم لەو ڕوەوە نییە" ". هەموو لە هەموو شتێ شارەزا و پسپۆڕ و بەئاگاین بەلام حەیفێ بە جۆرێ پچڕپچڕ و تێکەلوپێکەل. هۆی ئەوەش کە هەمیشە دەمانەوێ خۆمان وەك بزان و کارەما و دانا ببینین ئەوە نییە کە ئێمە لە مێژوو نەتەوەێ چەوساوە بووینە و داگیرکەران ڕێی هاتنەگۆیان لێگرتووین و کردەی پەیڤینیان لێزەوتکردووین. نەخێر وانییە و ئەوە زێدەڕۆیێ ناسیۆنالی نابینایانەیە. چونکە هەر خەباتی ناسیۆنالی کورد کە تەمەنی پتر لە 100 سالە ئەوە بە هەلە و نادروست دەخاتەوە. مەبەستم ئەو خەباتە پڕ لە دیرۆکەی کەسی کورد هەمیشە یادیدەکاتەوە ئاماژەیە لە دیرۆکی وەگۆهاتنی کەسی کورد و ئامادەنەبوونی ئەم کەسە لە بێدەنگ بوون و خەفەبوون. کەواتە هۆی ئەوە چییە؟ بەباوەڕی بەندە ئەوە لەلاێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە مرۆڤین و دەخوازین هەمیشە بێینە گۆ و گوزارە لە سێرکردنەکانمان بکەین کە ئەوەش مافێ سروشتیە.

بەلام ئەم مافە سروشتیە لەگەل گەشەی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و نەریتی دی شوێنی پڕکردۆتەوە کە یەك لەوانە ئەو نەریتە شەفافە هێمنانەیە کە ئەمڕۆ گەلێ لە مرۆڤی سەردەم دلبەستەپێوەی ئەوەش ئەوەیە کە مرۆڤ ئامادەیە لە هەندێ حالەتدا بە شێوەێ بێتەگۆ کە جیاوازە لەو نەریتە نمونەییەی خۆی لەسەر بوونیادناوە. واتە ئەوی دەووترێ نموونەییە و هەروەها چەقی گشت شتێکە. ئەمە هەلەیە و ئەزموونی مرۆڤی نوێش ئەوەی بە ووردی سەلماندووە. بەلام لەلاێ دیش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەمەی پێیدەلێین کەسی کورد,کە کەمترین لێکۆلینەوەی لەبارەوەکراوە ,گرفتێ دەروونی و ویژدانی هەیە. ئەم لایەنەش بەرەو ئەوەم دەبا بلێم واتای ئاگایی کەسی کورد, کە شایانی تێڕامانێ زۆرە ,مێژوویێکی خۆی هەیە.ئەم مێژووە کە کەمترین خوێندنەوەی بۆکراوە ئەوەشمان پێیدەلێ کە ئەم ئاگاییە مێژووییانە بوونیادنراوە . بۆئەوەی ووتنەکەم بەلگەدارکەم لەم ڕوەوە نموونەیەك دێنمەوە. ماوەێ لەمەوبەر لێدوانێکم خوێندەوە لەتەك چیرۆکنووسێکی کوردی کوردستانی باشووردا کرابوو, کە لە هەفتەنامەیك بلاوبووەوە کە لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەردەچێ, ئەم چیرۆك نووسە لە میانەی لێدوانەکەی پتر لە سێکیۆلۆژێ (سێکسناس) تیۆریزەی بەسەر سێکس کردوە و زۆرتر لە ژاك لاکانیش بیریاری بەسەر فرۆیدەوە کردووە کە بەباوەڕی من نەدەبایە ئەمەبکرێ. بەلام هۆی ئەم جۆرە ڕەفتارانە چییە؟ هۆیەکە تەنیا ئەوە نییە ئەم چیرۆکنووسە بەڕێزە دەیەوێ تەنیا چیرۆکنووس نەبێ بەلکو دەرووناس و سێکسناسیش بێ. بەلکو ناوبراو دەیەوێ بلێ من کە نائاگایی کەسی کورد دەخوێنمەوە تابۆناسم. پرسیارەکەی من لەم چیرۆکنووسە بەڕێزە ئەئەوەیە باشە دەکرێ مرۆڤ تابۆناسبێ کۆرسێکی لەسەر دەروونناسی, فەلسەفەی ئاگایی, سێکسوالیتێ نەخوێندبێ؟ بەباوەڕی من نابێ و ئەستەمیشە. ئەوی ئەم چیرۆکنووسە بۆنموونە لەو لێدوانە کردوویوتی , کە ئەمەش یەکەمجاری نییە, دوو شتی بیرخستمەوە. یەکەمیان ئەوەی بیرخستمەوە کە ڕوناکبیری ئێمە وەك موجاهید قسەدەکا. موجاهید کە هەمیشە خۆی بە بزان و دانا لەگشت شتێ لەقەلەمدەدا زۆرترین گرینگیش لە قسەکانیدا بە خودی خۆیدەدا. ئەم گرنگیپێدانە بەخۆش فۆڕمی زۆرە کە یەکێکیان خۆ بەگوناە زانینە. ئەمەش زۆردەکرێ وابێ. واتە زۆر ئاساییە  پێوەندی لەنێوان سێمانتیکی (دەلالاتی) بیرکردنەوەی ڕوناکبیرێکی ئێمە و موجاهیدێکدا هەبێ چونکە ئێمە ڕوناکبیریمان (ئینتلێکتمان) بوونیادێ تیۆلۆژی(لاهوتی) هەیە. تائەو سێستەمە تیۆلۆژیەش کە ئەم بوونیادەی درزستکردوە نەمرێ ناکرێ ئاگای کەسی ڕوناکبیری ئێمە لە موجاهیدێ جوداکرێتەوە. مەگەر نەدەبایە ڕوناکبیری ڕوناکبیر لە کۆنتراستبایە لەگەل زانینی موجاهیدێ؟ بەدلنیایەوە بەلێ. بەلام بۆ ئەمە ڕووینەداوە گەلێ هۆ هەیە یەك لەوانە ئەوەیە, هەروەك لەم چیرۆکنووسە بەڕێزەدا بەدیدەکەم, ئەندێشەی سیاسی ئێمە, کە زۆر تیۆلۆژییە, هەمیشە کارابووە لەوەی بتوانێ ئەو ئاگاییە پەتائامێرە )لای ڕوناکبیری ئێمە دروستکا کە بێئەندازە و بەبەردەوام خۆی بە باش و بێخەتا نیشاندا. بەلام دووەمیان ئەوەی بیرخستمەوە کە ئێمە نەك هەر بێگرووندیێ زۆر لە نووسینەکانماندا بەدیدەکرێ بەلکو ئێمە لە هەڤپەیڤین و گفتوگۆکانیشماندا, کە بەخۆی سەرچاوەی لە نووسینە هەلەئامێزەکانمانەوە هەلگرتووە, قووتابخانە فکری و پۆل و زانینە جۆراوجۆرەکانیش بەیەکتر تێکەلدەکەین. کاتێ چیرۆکنووسێ سێکسناس و ئافرەتناس و یان ئەدیبێ فەیلەسوف و کۆمەلناس و هەروەها کۆمەلناسێ مێژووکرد و ئەدیب و ئیسلامیسیاسیناسیش بێ بەدلنیاییەوە نەدەکرێ دەرکبەوەکرێ چیرۆکناسی لە سێکناسی جیایە و هەروەها  نەش ئەوەی کە کۆمەلناسی و مێژووکردیش دوو پۆل و دوو بواری جیان لە دیسپلین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە بەلام لەچوارچێوەی باسەکەم بەپێویستی دەزانم هەندێ ڕوونکردنەوە بدەم کە چەند بوار و پۆلەکانی زانین لەتەك یەکدا لە کۆنتراستدان و هەریەکش لەویتر جیایە. من لێرەدا تەنیا باس لە فەلسەفەدەکەم و هەناوی ئەو کۆنتراستە ڕووندەکەمەوە کە تێگەیشتنێ لەسەر ئەو لایەنانە دەدا کە شایانی ئاوڕدانەوەن. بۆیە بەپێویستی دەزانم بگەڕێمەوە سەر ئەو فێلانەی لە فەلسەفەکراوە ئەمەش تاوەکو ئەوە ڕاڤەکەم کە چۆن فەلسەفە لە نافەلسەفە و غەیرە فەلسەفە جیایە. هەربۆیشە وایبۆدەچم یەکێ لە بەرچاویترین لەو فێلانەی لەناو ئێمە لە فەلسەفە کراوە ,کە ئەوەش بەخۆی فێلە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا, بازدان بووە بەسەر ئەوەی پێیدەلێن لەلاێ گرووند لە فەلسەفە و پرسیارە بناغەییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و , لەلایێدی تێکەلکردنی چاخ(ئێپۆك) و شەپۆل و قووتابخانە فەلسەفیەکان بەیەکتر. ئەمە چۆن و بۆ کراوە؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەمەش بەپێویستی دەزانم ئەم پەڕەگرافە بنووسم و لەدرێژەی نووسینەکەم ئەوە ڕووندکەمەوە چۆن فەلسەفە نەك هەر فێلی لێکراوە بەلکو شێوێندراویشە.

گەر تەماشای فەلسەفەی ڕۆژئاوا بکەین ,کە ئێستا لە زۆربەی نێوەندە فەلسەفیەکانی جیهان بووە بە مۆدێلێ لە بیرکردنەوەێ باوەڕپێکراو, دەبینین ووتنی ئەم فەلسەفەیە پێشهەمووشتێ لە باسهێنانە پێشەوە لەسەر یەزدان بریتیبووە, دەکرێ ناوێ تریش لەم لایەنە بنرێ کە ئەوەش میتافیزیکە. واتە, سەرەتای فەلسەفەکردن و هێنانەگۆ لە بواری فەلسەفە لە ڕۆژئاوا ,یان باشترەبلێم دەروازەی یەکەمی کردەی فەلسەفەکردن, لە هێنانەپێشەوەی باس لە سەر میتافیزیك بریتیبووە. مەبەستیشم لە میتافیزیك ,بەواتا فڕاوانەکەی, قسەکردنە لەسەر پرسیارە تیۆلۆژیەکان کە بەردی بناغە بۆ باسهێنانەپێشەوە لەبارەی بۆ نموونە گەردوون دادەنێن. ئەنجامدانی ئەمەش ,کە مەحالە بێ کەسانێ پسپۆر و شارەزا بێنەدی ,ئەو هێنانەگۆیانە بەرهەمدێنن کە شارەزایێ قوولی لە ئەستێرەناسی و کۆسمۆلۆژی (گەردوونناسی) و ئاینناسی و تادەگاتە شارەزای لە زانستە سروشتیەکان, لەوانە فیزیا, دەوێ.

فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە هەر لەیەکەم ووتنیەوە باسی بوون و نەبوونی یەزدانی کردووە بە دەروازە بۆ هاتنەناو گشت گفتوگۆیەکی فەلسەفیەوە تائەمڕۆش ئەم لایەنەی پشتگوێنەخستووە. فەلسەفەش لە ڕۆژئاوا, کە لەگەل یەکەم ئەکادیمیا لەسەر دەستی ئەفلاتوون دروستبووە, خۆی وەك دیسپلینێ ئەکادیمی دەرخستووە و بەردی بناغەی فەلسەفەشی لەڕێگای ووتن لەبارەی میتافیزیکەوە بەهێزکردووە. ئەم ترادیسیۆنەش کارێ ئەوتۆیکردووە فەلسەفە و میتافیزیك لەیەکدی جودانەکرێنەوە. زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەش کە ویستوویانە کۆتای بە بیرکردنەوەی میتافیزیك بهێنن قسەی خۆیان بەو هێزەوە تایبەتکردووە کە چارەنووسی فەلسەفەی ڕۆژئاوای دیاریکردووە. لەم ڕوەشەوە زۆر دوورناکەوینەوە و بەپێویستیشی نازانین گشت مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەسەرکەینەوە تەنیا ئەوەنەبێ کە قسەێ کورت لەسەر ڤتگنشتاین دێنینەپێشەوە کاتێ لە یەکەم بەرهەمیدا بەنێوی" " تراکتاتۆس لۆژیکۆ فیلۆسۆفیکۆس" " (8) دا کار بۆ کۆتایهێنان بە فەلسەفە دەکا ئەوەش لەڕێگای لەناوبردنی میتافیزیك. ئەم فەیلەسوفە نەمساوییە کە لەم کارە زۆر بەناوبانگەی کۆشش بۆ کۆتایهێنان بە میتافیزیك دەکا خۆی پاشان دەکەوێتە ناو لۆژیکێ میتافیزیکیەوە. کۆتایهێنان بە میتافیزیك بۆ ڤتگنشتاین کە خۆی لە کۆتاهێنان بە بیری فەلسەفی دییەوە دواتر بەجۆرێ زۆر ئالۆز لەسەر ژیانی شەخسیشی کەوتەوە. مەبەستم ئەو هەلوێستەی ڤتگنشتاین کارێ ئەوتۆی کرد کە ناوبراو واز لەکاری فەلسەفی بهێنێ و خەریکی بۆنموونە باخەووانی و دواتر مامۆستایەتی بێ لە فووتابخانەیێ میلی. ئەوەی لێرەدا گرینگە بەبۆچوونی من ئاماژەی پێبکرێ ئەوە نییە کە فەلسەفەکردن بەپێیتێگەیشتنی ڤتگنشتاین دەستنیشانکەین بەلکو ئەوە گرینگە کە ئەوەی پێدەووترێ فەیلەسوف لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا قسەی لەبارەی میتافیزیکەوە هەبووە. فەلسەفەش کە بێئەم قسەکردنە ناژی خاسلەتێ دیار و ڕوونی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە کە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لەناو تێڕامانی ئێمە, ئەوانەی فەلسەفەیانکردووە, نەبووە. هۆی ئەمەش بەزۆری بۆئەوەدەگەڕێتەوە کە فەلسەفە لای ئێمە بەتایبەت ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفەی ڕۆژئاوا, فەلسەفەی گریك, لە ئەندێشەماندا گروندی دانەکوتیووە. ئەمەش پێوەندیێ زۆری بە هەندێ دیاردەوە هەیە کەوا لایخوارەوە دەکەومەباسکردنی.

لائێمە فەلسەفە وەك یەکێ لە پۆلەکانی زانستەمرۆییەکان هیچ بنەمایەکی مێتۆدی نییە و ئەو فێربوونە فەلسەفیەش کە لای چەند کەسێ بەدیدەکرێ نە لەژێرسایەی دیسپلینێ فەلسەفی وەدەستهاتووە و نەش فەلسەفە وەك دیسپلینێ ئەکادیمی لەناو ئێمە تەماشاکراوە. دوورکەوتنەوەش لە فەلسەفە لەناو ئێمە کە کێشەێ مێتۆدی خولقاندووە بەرپرسیاریشە لە خولقاندنی کێشە لەناو پرۆسێسی خۆ بەروناکبیربوونماندا. دوورکەوتنەوە لە فەلسەفە کە دوورکەوتنەوەیە لە تێڕامان و تێخوردبوونەوەی پڕ و قوولئاسا کاریگەریێ زۆر نێگەتیڤانەی بەسەر کردەی ڕەخنەیشمان بەجێهێشتووە. لەمبارەیەشەوە هیچ زێدەڕرییناکەم و دەلێم فەرموون لە کوردستان تەماشای کتێبەکانی قووتابخانەکان بکەن هەر لە سەرەتاییەوە تا قۆناغی ئامادەی و لەوێشەوە بەرەو کۆلێجەجیاجیاکان و ئەمجار خوێندنی بالا بزانن هیچ پێوەندیەکی بە فەلسەفەوە هەیە. قووتابی ئامادەی پاش ئەوەی دەگاتە پلەی خوێندن لە زانکۆ دیسانەوە بە هەمان تونێلی بێ فەلسەفەیەتی دەبرێ. ئەم قووتابیە پێشگەیشتنە قۆناغی زانکۆ کە هیچ وانەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر فەلسەفە نەخوێندووە تا ئەو ڕۆژەی زانکۆش تەواودەکا بە فەلسەفە ئاشنا نابێ. نەك هەر ئەوە بەلکو لە قۆناغی خوێندی بالاشدا ئەم کێشەیە هەر بەردەوامە. لە ڕۆژئاوا کە لە سەرەتاییەوە بایەخ بە فێربوونی فەلسەفە دەدرێ ئەم بایەخە وورده وورده زیاتردەکا و هێدی هێدی ئالۆزتر دەبێ. ڕاستە زۆرجار ئەو فەلسەفەیەی لە قووتابخانەکانا دەووترێتەوە خۆی لەنێوان ئاین(فەلسەفەی ئاین) و مێژوو (مێژووی بیر) و فەلسەفە( فەلسەفەی مێژوو) دا دەبینێتەوە و زانیاریێ بلاو و گشتیش لای قووتابیان دروستدەکا بەلام هەموو ئەوانە لەبایەخی ئەو فەلسەفەیە کەمناکەنەوە. چونکە لەلاێ ئەوی دەووترێتەوە تایبەتە بەشارستانی ڕۆژئاوا , کە ئاسانترە بۆ قووتابیان هەرسکردنی, لەلایێدیش ئەو فێربوونە فەلسەفیەی لە قووتابخانە و تەنانەت کۆلێجەکانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا دەووترێتەوە نزدیکە لە شێوازی ژیانی ڕۆژئاواوە یان هەر ئەو ژیانە دەگێڕێتەوە کە ڕۆژئاوا دەیژێ. مایەوە ئەوەشبلێم کە لە بەشی خوێندنی بالا لە زۆربەی کۆلێجە جیاجیاکان , چ لە کۆلێجی زانستە مرۆییەکان و چش لە کۆلێجی زانستە ئیمپیری(تەجریبی)ەکان , لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا تاقیکردنەوەێ مەرکەزی لە فەلسەفە دەدەن و ئەو پرسیارانەش کە لەوبارەیەوە ئامادەدەکرێن بەجۆرێ زۆر سەردەمی و نزدیك لەو گەشەیەوە دەبن کە بیری فەلسەفی بەخۆیەوە دیویەتی. کێشەکە تەنیا ئەوەنییە کۆلێجی فەلسەفە لە فلان زانکۆ هەیە یان نەخێر بەلکو ئەمڕۆ لە ئەوروپا گەشە بە ترادیسیۆنی دەدرێ کە لە زۆربەی کۆلێجەکانی زانستە مرۆییەکان و دواتر سروشتیەکانیش فەلسەفە وەك وانە دەخوێندرێ. فەلسەفەش لە زانکۆکانی ئەوروپا ئەوەندە لق و پۆپی لێبوەتەوە کە زۆر بەباشی خۆی لەگەل ئەو جۆراوجۆرییە تەباکردووە کە زانستەکان تێیکەوتوون. هیچ دوورناڕۆین لێرە هەندێ نموونە دێنینەوە کە بەلگەن لەسەر دروستبوونی ئەو لقوپۆپە بۆ فەلسەفە. " "فەلسەفەی ڕاگەیاندن" " کە لە بەشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دا بایەخی دەدرێتێ یان " "فەلسەفەی ماف" " کە لە بەشی یاسا دەخوێندرێ یاخود " "فەلسەفەی سیاسی" " کە لە بەشی زانستە سیاسیەکان دەووترێتەوە. هەروەها " "فەلسەفەی ڕەوشت" " کە لەگەلێ لە کۆلێجەکانا دەخوێندرێ ئەمەو تادەگاتە " "فەلسەفەی

زمانەوانی"" و ""فەلسەفەی لۆژیك"" کە هیچدوورناڕۆین لە بەشی ئەدەب و زمانەوانیدا زۆر بایەخیدەدرێتێ پاشان ""فەلسەفەی ئاگایی"" کە لە بەشی دەروناسیدا گرنگیێ زۆری پێدەدرێ هەروەها ووتنەوەی""فەلسەفەی ئاین"" و"" فەلسەفەی مێژوو"" ش کە لەگەلێ لە بەشەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکانا شوێنی دیارە و هەرچی ""فەلسەفەی هونەر""ە, کە هەندێجار ناوی وەك فەلسەفەی جوانکاری"" ی لێدەنرێ لە بەشی شێوەکاری و ئەدەب گرنگی خۆی هەیە ئەمەو تادەگاتە هەندێ لق و پۆپی تر کەلەم سالانەدا لە گەلێ لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆیەکان بایەخی دەدرێتێ لەوانە: "" فەلسەفەی بەها"", "" فەلسەفەی موڕال-ئاکار-"", ""فەلسەفەی فێمینیزم"", کە هەندێجار بە "" فەلسەفەی ژیندەر"" ناودەنرێ , ""فەلسەفەی ژینگە"", "" فەلسەفەی ڕەوشتی ئاژەل"" و "" فەلسەفەی ڕەوشتی پزیشکی"". ئەمانە بەشێکن لەو لقوپۆپانەی فەلسەفە کە لەم سالانەی دوایی نەك هەر لە کۆلێجەکانی بەشی ""فەلسەفەی تیۆری"" و ""فەلسەفەی پڕاکتیك"" دەخوێندرێ بەلکو لەگەلێ لە بەشەکانی زانستە کۆمەلایەتی و مرۆییەکان و دواتر بەشی زانستە کارئەندامزانیەکانیش دەخوێندرێن. ئەمە کە ئەو هێلکاریە تازەیەیە ووتنەوەی فەلسەفە لە ڕۆژئاوای تازە تێیدەژی ئایا بەباوەڕی خوێنەری ئەم باسە هیچ لقێ لەو لقانەی فەلسەفە لائێمە دەخوێندرێ؟ ئایا گەر ىخوێندرێ ئەو پڕۆگرام و سێستەمەی لە ووتنەوەی ئەو لقەدا بالادەستە هاوشێوەی ئەوەیە کە لە زانکۆکانی کامبرج, هارقارد و ستۆکۆلم و کۆبنهاگن بۆنموونە هەیە؟ ئایا هەریەك لە لقەکانی فەلسەفە و دواتر هەریەك لەو بیرۆکە و تیۆریانەی لە بواری ئەو لقەدا کاریلەسەردەکرێ پسپۆر و توێژەرەوەی خۆی هەیە؟ بەدلنیایەوە دەلێم نەخێر و چەندینجاریش نەخێر. چۆن؟ پێش هەموو شتێ دێمە سەرئەوەی کە لەسەرەوە باسمکرد, واتە: بایەخنەدان بە فەلسەفە لەناو ئێمە و دابڕانی فەلسەفە لە دامەزراوەکان و بەتایبەت زانکۆ, کە ئەمە بەخۆی کێشەێ گەورەیە و لەناو ئێمە تائەمڕۆ نەبووە بەبابەتی دێیات. شار کە [10] هەلگری شەهادەی بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەی تیانییە چۆن دەکرێ باس لە ئامادەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لە دامەزراوەکانا بکرێ. زانکۆکان کە یەك دوو دکتۆر یان یەك پرۆفیسۆرییان لە فەلسەفە تیانادۆزینەوە چۆن دەکرێ باس لە بوونی فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمیبکرێ. یان بەواتاێ بەرینتر چۆن دەشێ باس لەو لق و پۆپانەبکرێ کە سالانێکە فەلسەفە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەریهێناوە. ئەو لق و پۆپانە کە بەهۆی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەس لەدایکبوونە پێوەندیێ زۆریان بە پێویستیەکانی کەسی تازەی ڕۆژئاواوە هەیە. دوورناڕۆین بایەخدان بە ""فەلسەفەی ڕەوشتی ئاژەل"" یان "" فەلسەفەی ژینگە"" یاخود"" فەلسەفەی فێمینیزم"" لەم سالانەی دوای لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا پێوەندیێ زۆری بە شێوازی گەشەی بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕۆژئاوای و خواستە جیاکانیەوە هەیە. بۆنموونە ئەوی لەبواری فەلسەفەی فێمینیزم باسدەکرێ وابەستەیە بە دۆزی ئافرەت لە شوێنیکار و ناومال و بەگشتی لە کۆمەلگەی پاش پیشەسازی ڕۆژئاوا کە ناویتریشی لێدەنرێ وەك کۆمەلگەی نێت و کۆمەلگەی زانیاری. ئەم جۆرە کۆمەلگانە کە بەرهەمی ئەو نەشونما مێژوویەن کە ڕۆژئاوا بەخۆیەوە دیویەتی ڕووداوی نوێیان خستۆتە ناو ژیانەوە و هەروەها ئەم ناوانە تەنیا زاراوەهایەکی لێکسیکۆنی ڕووت نین بەلکو ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڕاستانەشن کە ژیانی کەسی تازە لە ڕۆژئاوا وەریگرتووە. هەروەها بایەخدان بە ئاژەل و یان پەروەردەکرنی جۆرەها گژ و گیا لەناومال و تادەگاتە ئەو شێوازی ژیانە سێکسیەی کە لە خێزاندا لە نەشونمادایە هەموو لەگەل بیرۆکە و تیۆریەکان هاوکۆکن. هەروەها هەموو ئەو گۆڕانە زۆرەی لەبواری ماف و داد دا تادەگاتە گۆڕانی واتای گەیاندن و مێدیا و جوانکاری پێوەندیێ زۆریان بەو گۆڕانەوە هەیە کە هاتوونەتە سەر مێتۆدی وانە ووتنەوە و فێربوون لە بەشەکانی فەلسەفەی یاسا و فەلسەفەی مێدیا و فەلسەفەی جوانکاری. من لێرەدا ڕۆناچمەناو ووردەکاریەکانی ئەو گۆڕانانەی لەلایێ هاتوونەتە سەر ژیانی نوێ لە ڕۆۆژئاوا هەروەها لەلایێتر ئەو گەشەیەی مێتۆدی وانە ووتنەوە و کاری توێژینەوە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا بەخۆیەوە دیویەتی. بەلکو مەبەستی من لێرەدا زۆرتر ئەوەیە کە بلێم فەلسەفە لائێمە نەك لق و پۆپی لێنەبوەتەوە یان ژیانی نوێی ئێمە داوای گۆڕینی ستاتۆسی تیۆری و توێژینەوە زانکۆیەکانمان ناکا بەلکە ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفە بە مانا ڕۆژئاوایەکەی, کە بەخۆی یۆنانییە, لە کۆمەلگە و دواتر لە دامەزراوەکانیشماندا بوونی نییە و فەلسەفە لەم حالەتەدا نە وەك دیسپلینێ سێردەکرێ و نەش واتای فەلسەفە توایویەتی لەگەل هەندێ واتای وەك یاسا, ماف,پەروەردە, داد, ڕەوایەتی, دادپەروەی, یەکسانی, تادەگاتە واتای وەك ئاگایی, جوانکاری, ژیندەر, لەوانەش تێپەڕێ ڕەوشت و ئاکار و ڕەفتار و بڕیاردان و پەروەردە پێوەندیدروستکا. لێرەدا بەپێویستی دەزانم بپرسم : باشە گەر ئەمە دۆزی فەلسەفە بێ کە لایسەرەوە باسکرا هەروەها فەلسەفە وەك دیسپلینێ ئەکادیمی کە لەناو ئێمە هیچ ڕوناکبیرێکی لەبارەوە نییە بۆ دەبێ گشت شار باس لە نیچە یان هایدگەر و فوکۆ یاخود ئێستا دێریدا بکا؟ بەباوەڕی من ئەمە یەکێکە لە گەوروترین پاڕادۆکسە(ناکۆکیەکە) کانی ڕوناکبیریی(سەقافەتی) شار. باشە ناکرێ بپرسین چۆن ئەم پۆلە فەیلەسوفە لە شار دروستببون یان چۆن فێری فەلسەفە بوون؟ باشە ڕاستە ئەوەی ئەوان دەینووسن و دەیلێن(لە سمینار و لێدوانەکانیان) فەلسەفەیە؟ یان فێلێکە و لە فەلسەفەدەکرێ؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لایسەرەوە دەخوزام بلێم کە بەپێی تێگەیشتنی من ئەو فەلسەفەیەی لە شار خۆی بەیانکردووە نافەلسەفەیە. ئەم نافەلسەفەیەش لەڕێگای فێلکردن لە فەلسەفەوە دروستبووە. بەلام مەرجە ئێمە لێرەدا

جوداوازی نەك لەنێوان فەلسەفە و نافەلسەفە دا بکەین بەلکو لەنێوان لەلایٚ فەلسەفە و ئەنتی فەلسەفە و لەلایێدیش لەنێوان نافەلسەفە و ئەنتی فەلسەفەش دا بکەین.

بۆئەوەی فەلسەفە پێناسەکەین دەبیٚ بزانین ئەو شتە چییە کە فەلسەفییە و ئەویتر کە فەلسەفیی نییە. بەووریایشەوە لێرەدا دەلێم, ئەو شتەی کە فەلسەفییە یان فەلسەفەدارە خۆی بەوە لەو شتە جیادەکاتەوە کە فەلسەفیی نییە, یان بیٚ فەلسەفەیە,کە شتی فەلسەفی فەلسەفەکردن لەناخیدا پەنهانە. ئەمەو شتی فەلسەفی یان فەلسەفەدار ئەو شتەیە کە بەپێی دیسپلینیٚ تایبەت بەخۆی نووسراوە. لێرەدا تەنیا مەبەست جیاکردنەوەی دیسپلینەکان نییە لەیەکتر بەلکو ئەوەشە کە چۆن فەلسەفە لەو بوارانە جیاکرێتەوە کە لە واتای فەلسەفەوە نزدیکن بۆنموونە ئەدەب. لێرەدا ئەوەشدەلێم کە گرینگە خوێنەری ئەم باسە لە تەمەنی نووسینی کوردیدا و بەتایبەت لەو شوێنەی کە نووسینی کوردی دەیەویٚ خۆی وەك نووسینی فەلسەفی دەرخا بزانیٚ ئەو شتەی ئەم یان ئەو دەینووسیٚ فەلسەفییە یان ئەدەبی ,یاخود ئەو شتە فەلسەفییە یان هیۆمانی. چونکە فەلسەفە جیایە لە ئەدەب ئەو جیاییەش لەنێوانیاندا بەهۆی جۆری دیسپلینەکانیانەوەیە نەك شتیٚ تر. ئێمە کە تێکستەکانمان ئەدەبین یگرە زۆریش ئەدەبین ناشیٚ وەك تێکستی فەلسەفی ببینرێن.چونکە لە تێکستە ئەدەبیەکانا بەئەدەبیبوون پەنهانە.

هەر سەبارەت بەوی سەرەوە دەمەویٚ ئەوەش بلێم, کاتیٚ توێژینەوەی فەلسەفی بوونی نەبیٚ, چونکە ووتنەوەی فەلسەفە بێبوونە, بوونی فەلسەفە وەك دیسپلین مەحالە. هەرووەها کاتیٚ ترادیسیۆن و شێوازە فەلسەفیەکان (بۆنموونە فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەی) زانینیٚ ئەوتۆ لەسەر ڕیشە و شێوەی نەشونمایان و ئەمجار هۆ و ئاکامەکانی بەردەوامبوونیان نییە چۆن دەکریٚ باس لە بوونی فەلسەفە وەك دیسپلینیٚ فەلسەفی بکریٚ. کاتیٚ تەنیا ئامانج لە نووسینە بەناو فەلسەفیەکان گۆکردنی واتا و زاراوە ئونڤێرسالییە فەلسەفی و هەروەها بەکاربردنی ناوی بیریار و شەپۆلە فەلسەفیە گەورە گەورەکان بن چۆن بۆمان هەیە بلێین ئێمە لەو دەرگایەوە هاتووینەتە ناو فەلسەفەوە کە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوامان پێدەناسێنیٚ. بۆئەوەی قسەکردنەکان ئاڕاستەێتر وەرگرن, ئاڕاستەیەك کە بتوانیٚ ئەوە ڕاڤەکا کە بۆ فەلسەفەکردن لەناو ئێمە نەبووە بە کردە(ئاکت) دەگەڕێمەوە لای دێریدا و ئەو کۆنفڕانسەی ناوبراو لە 1991 لە یۆنسکۆ بەشداریتیاکردووە.

بۆئەوەی ئەمەشبکەم گوزارەی ***ماف بۆ فەلسەفە*** لە دێریدا قەرزدەکەم, ئەمەش بەرەو ئەو تێڕامانەمدەبا کە, لەبەرئەوەی ووتنەوەی فەلسەفە لەناو ئێمە لە پلەی هیچیدایە ناشیٚ باس لە بۆ ئامادەنەبوونی فەلسەفە لە دامەزراوەکان بکریٚ. ئەم دۆزەش گرفتیٚ زۆری بۆ تێگەیشتنەکانمان لە بوارەکانی دیشدا دروستکردووە. ئەوەتا گشت نووسینی ئێمە سەرتاپا ڕووی لە ڕەوانبێژییٚ ئەدەبی یان سیاسی یاخود مێژووگەراییٚ ناسیۆنالی ناوە. ئەو شێوازەش کە دەگیرێتەبەر بۆ گەیاندنی ئەم ڕەوانبێژییە ئەلبەتە ڕۆژنامەگەرییە. ڕۆژنامەگەریی کە شوێنی گشت جۆرەکانی دیسپلینی لەناو ئێمە گرتۆتەوە دووچاری بەگشتیکردنیٚ هاتووە کە هەر ئەم دیاردەیە واملێدەکا بلێم : تەنانەت تێگەیشتنمان بۆ ڕۆژنامەگەریش لە دەرەوەی ئەو دیسپلینەوەیە کە ڕۆژنامەگەری خۆی لەسەر بوونیاددەنیٚ (ئەم لایەنە دواتر لە پەڕەگرافیٚ تایبەت ,بەناوی **ڕۆژنامەوانی لەبڕی فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان , یان ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی تری گرتۆتەوە** دێینەوەسەری). بۆئەوەی زێتر ئەوە ڕاڤەکەم کە ماوەیٚ بەر لەئێستا قسەم لەبارەوە کرد دەلێم ووتنەوەی فەلسەفە نەك هەر مافە بەلکو ئەرکیشە. لێرەدا ووشەی ئەرك کە بەواتای بەرپرسیاریەتی دیٚ شوێنی خۆی لە ژیانی فەلسەفەدا لە ڕۆژئاوا هەبووە. دێریدا لەو باسە کە بەئاشکرا و بەڕوونی پییلەسەر ئەرك و بەرپرسیاریەتی یۆنسکۆ وەك دامەزراویٚ نێودەولەتی بۆ مسۆگەرکردنی شوێنیٚ بۆ فەلسەفە دادەگریٚ داوای دامەزراندی دێپارتەمێنتیٚ(بەشیٚ) لەناو ئەم دامەزراوەش دەکا, واتە دێپارتەمێنتیٚ تایبەت بە فەلسەفە(9).

من پییێموایە فەلسەفە وەك زانین لە دامەزراوەکاندا دەبیٚ شوێنیٚ بۆ خۆی بدۆزێتەوە بەتایبەت لە زانکۆدا. بەلام ئەمە کە نەکراوە هۆ هەیە کە بەشێکیم لایسەرەوە بەسەرکردوە. هەر لەوبارەیەشەوە دەلێم: فەلسەفەی ئەمڕۆ کە گەلیٚ لقوپۆپی لێدەبێتەوە ناکریٚ لە دامەزراوەکان دوورخێتەوە. سەبارەت بەم خالەش دەمەویٚ ئەوە بلێم, گەر بڕوانینە ئەو بڕیارە سیاسیانەی لە گەلیٚ لە دامەزراوە نێودەولەتیەکاندا کاریلەسەردەکریٚ دەبینین سەرچاوەیٚ فەلسەفیان هەیەو فەلسەفە لە سیاسەتکردنی ئەو دامەزراواوە نێودەولەتیانەدا هەمیشە ئامادەیە. ڕاستە ئەوی دێریدا باسیدەکا ڕوحیٚ کانتی تیابەیدەکریٚ بەلام ئەوە زیانبەخشنییە گەر کاری بۆکریٚ. ئالێرەدا دەکریٚ بگەڕێینەوە سەر بیرۆکەیێکی دێریدا کە ئەوەش باس لە ئامادەبوونی فەلسەفەدەکا لە گشت شوێنیٚ. ڕاستە ئەو باس لە ئامادەبوونی فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی دەکا کە لەگشت جێێکدا حازرە بەلام بۆ من ئەمە مەدلوولیتریشی هەیە کە زۆر بەکورتی دێمەوە سەری.

فەلسەفە بەبۆچوونی دێریدا ئەمڕۆ لەگشت شوێنیٚ, پتر لە گشتکاتیٚ, ئامادەیە. بەلام دەکریٚ بپرسین: کوا ئەم ئامادەبوونە لەکاتێکدا ترسیٚ زۆر لە دەرەوەی ڕۆژئاوا لە فەلسەفە هەیە. ئەم بیریارە بەخۆی ئەم لایەنەی لەئاستیٚ تردا لە کتێبیٚ بەناوی " " **کیٚ لە فەلسەفە دترسیٚ؟** " " بەسەرکردۆتەوە. ڕاستە ئەمە پێوەندی بە کێشەێدییەوە هەیە کە بۆ من ئاسانترە لێرەڕا بێمەوەسەری کە پێموایە بابەتی پرسیار لەسەر شوێنی فەلسەفە دێنێتەپێشەوە. من

,هەروەك دێریدا, گومانلەوەناکەم پرسیار لەسەر شوێنی فەلسەفە پرسیارێ غەریب نەبێ. بەلام خۆشی ووتەنی ئەمە لە ئەلەمانیا بوونی هەبووە بۆنموونە لەو دێباتانەی لەنێوان کانت و هیگل, (و) شلینگ, لەمەڕ شوێنی فەلسەفە لە زانکۆ(هومبۆلدت) کراون. کانت وەك بیریارێ کە پێیێکی لەناو فەلسەفەی پڕاکتیك و ئەویتری لەناو فەلسەفەی تیۆریدا بووە هەر زوو پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێ دێپارتەمێنتێ تایبەت بە فەلسەفە دروستکرێ. بەلام شلینگ سەبارەت بەم قسەیەی کانت ئەوە دەلێ کە ئێمە پێویستمان بەو دێپارتەمێنتە نییە لەکاتێکدا فەلسەفە لە گشت شوێنێکدا بێ. من بەشبەحالی خۆم پتر کانتی بیردەکەمەوە تا شلینگی. ئەمەش لەبەرئەوەی فەلسەفە لەبەرئەوەی لەگشت شوێنێ بوونی نییە یان بوونی سنووردارە بۆیە دەبێ دامەزراوەکان بایەخ بۆ فەلسەفە بگەڕێننەوە واتە شوێنێ بۆ فەلسەفە تەرخانکرێ. تەرخانکردنی ئەم شوێنە واتە دانهێنان بە فەلسەفە. ئەلبەتە کاتێ دامەزراوەکانیش بایەخ بۆ فەلسەفە دەگەڕێننەوە ,ئەمەش بەهۆی ئەو جێیەی تایبەتیدەکەن پێی, ڕێگا لەبەردەم کردەێ دەکرێتەوە کە ناوی کردەی فەلسەفەکردنی لێدەنێم. بەلام بابزانین ئەو دێباتەی نێوان کانت و شلینگ لەلایەن دێریداوە چۆندەکەوێتەوە. دێریدا وایبۆدەچێ کە ئەوە, واتە ئەوی فەلسەفە لە گشت شوێنێکە و یان پێویستە دێپارتەمێنتێ تایبەتکرێ بە فەلسەفە, لەنێوان دوو لۆژیکە. دێریدا دەیەوێ ئەوەبلێ کە فەلسەفە پێویستناکا لەگشت شوێنێبێ چونکە لەگشت شوێنێکە.نەك تەنیا لە زانکۆ بەلکو لەسەر ڕادیۆ,لەناو ئاخاوتنی سیاسیکانا و ..هتد. بەلام حەیفێ ئەم بیرۆکەیەی دێریدا لەناو ئێمە لەو پەڕی بێمانایدا خۆی دەبینێتەوە. چونکە فەلسەفە لائێمە شوێنی نییە.
بێشوێنی فەلسەفەش کارێوایکردووە ئاحاوتنەکانمان بێ فەلسەفە ژیان بەسەربەرن. فەلسەفە لەناو ئێمە کە زانینێ غەریبە پێوەندی لەگەل سیاسەت هیچوەخت نەبووە. ئەوەتا نووسەر یان بەگشتی ڕوناکبیری کورد گەر ببێ بە دوو بەشوە بەشێکی شاعیرە و ئەویتری سیاسییە بەلام کوان ئامادەبوونی فەلسەفە لە شیعرماندا, لە ئاخاوتنی سیاسیەکانماندا؟ ڕاستە شیعری کلاسیکی کوردی بەشێکە لە فەلسەفەی عیرفان و بگرە دەکرێ وەك تێکستهایەکی عیرفانیش دەشێ بەکارببرێ بەلام شیعری نوێی کوردی نە پێوەندی بە فەلسەفەی عیرفانەوە هەیە و نەش بەو فەلسەفەوەی کە پێیدەلێن فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە لەڕۆژئاوا ئەم فەلسەفەیە سەرچاوەێ باشبووە بۆ شیعر. هەرچیش بە ئاخاوتنە سیاسییەکانمانەوە تایبەتە ئەوەیە کە بەگشتی دەکرێ بووترێ سیاسەتکردن لەناو ئێمە کە بەردەوام بەبێ فەلسەفە دەکرێ هۆکارێ سەرەکیشبووە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ئەندێشە سیاسیەی کە ئەمڕۆ لەناو ئێمە بالادەستە. کاتێ فەلسەفە لە نێوەندی ئەکادیمی نەبێ, یان باشترە بلێم کاتێ لە نێوەندی ئەکادیمی و ڕوناکبیری ترس لە فەلسەفە هەبێ چۆن دەکرێ باس لەوەکرێ فەلسەفە لە ئاخاوتنەکانمانا بوونی هەیە.
بۆیە دەمەوێ بلێم من هەمیشە دژی ئەوەم بیرۆکەی بیریارانی ڕۆژئاوا وەك خۆی ڕاگوێزرێتە ناو دێباتەکانمانەوە لەکاتێکدا هیچ زەمینەیەك بۆ سەوزبوونی ئەو بیرۆکانە بوونی نییە. بۆئەوەی ئەم لایەنەش کۆتاییپێبێنم کە دەستم دایە دەمەوێ ئەوە بلێم فەلسەفە کە وەك شت , شتێ سەیر یان شتێ بۆ خۆشی, لەناو ئێمە سێردەکرێ نەك وەك زانینێ کە توانای گۆڕینی بڕیار و ڕەفتارەکانمانی هەیە ناماقوولیە پیمانوابێ فەلسەفە لەناو ئێمە لەهەموو جێیێ ئامادەیە. بەلام دەکرێ بیرۆکەکە بەجۆرێتر بگۆڕین و بلێین: ئەوی لەناو ئێمە و لەگشت شوێنی بوونی هەیە ئەدەبە ,ئەلبەتە سیاسەتیش, هەردووش ووزەیخۆیان لە ئاوەلناوکردنەوە وەرگرتووە. بۆیە ئاخاوتنەکانی ئێمە شیعرئاسا هەمیشە پڕە لە ئاوەلناو.
لایەنێتر کە دەتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوونکاتەوە فەلسەفە لائێمە بەجۆرێ سیستەماتیك بوونی نەبووە و هیچ دیسپلینێکی ئەکادیمیش لە پشتیەوە نەبووە ئەوەیە کە تێکڕای بەرهەمە فەلسەفیە گەورەکانی ڕۆژئاوا هەر لە پێش سوکراتەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ گەر لە هەزار کتێبی فەلسەفی باش چڕکەینەوە پێموانییە لەو هەزار کتێبە چەند دانەێ زیاتری لەناو ئێمە ناسراوبن و یان خوێندرابێتنەوە. گەر ئەمەش دۆزی فەلسەفە بێ , بەتایبەت فەلسەفەی ڕۆژئاوا, لەناو ئێمە بۆ دەبێ پێمانوابێ توانیومانە فەلسەفەبکەین؟ فەلسەفەکردن نابێ لە ئاکامی تێرخوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفیە سەرەکی و بناغەییەکانەوە بێ؟ یان فەلسەفەکردن تەنیا بریتییە لەگۆکردنی ناوی یەك دوو بیریار(نیچە, فوکۆ بۆنموونە) و یان چەند زاراوە و واتایەکی فەلسەفی(ڕۆشنگەری, مۆدێرنە نموونە)؟ لەمیانەی ئەم بەشە و بەشەکانی تری ئەم سەروتارە هەولدەدەم ئەو پرسیارانە وەلامبدەمەوە بەلام لێرەدا دەمەوێ باسلەوەکەم گەر هەندێ لە خوێنەرانی ئەم باسە بیانەوێ لەم بارەیەوە سەرچلیێ بنوێنن و داوای ئەوەم لێکەن ناوی چەند کتێبێ لەو هەزار کتێبە بەنموونە بهێنیەوە ئەوا منیش هەولدەدەم لێرەدا چەند نموونەێ بهێنمەوە تا گشتگومانێ لای ئەو کەسانە بڕەوێنمەوە و هەروەها کارێواشبکەم ئەو کەسانە ئاستی ڕوناکبیری فەلسەفی خۆیان بەباشی بناسنەوە.
لەو کتێبانە : ئەفلاتوون : ""دیالۆگی تیاتێتۆس"", ئەرستۆتالیس: ""ئیتیکی نیخۆماتیکی"", , هۆم"" تێزێ لەمەڕ سروشتی مرۆڤ"" , , سپێنوزا: ""ئیتیك "", هۆبس: "" لێڤیەتان"" , ستیوارت مێل: ""لەمەڕ ئازادی"" , کۆمت: ""کۆرس لەمەڕ فەلسەفەی پۆزەتیڤ"", باکۆن : ""ئوپوس مایۆس"", کانت:"" ڕەخنەی عەقلی پووخت"", هۆسرەل: ""توێژینەوە فەلسەفیەکان"", هایدگەر: کانت و کێشەی میتافیزیك"", کێرکجارد: ""ترس و لەرزینەوە"", ڤتگنشتاین: "" تراکتاتۆس"", لاکاتۆس:""ڕەخنەگەری و نەشونمای زانین"", ماکی: ""ئیتیك"", ڕاولز: ""تیۆری دادپەروەری"", نوزیك: ""ئەنارکی, دەولەت , یۆتۆپیا"", میلەر: "" فەلسەفەی زمان"",

ئۆستن: ""چۆن شت لەگەل ووشەدا بکرێ"", کاپوتۆ: ""هێرمۆنتیکی ڕادیکالی"", ئەرندت: ""دۆزی مرۆڤ"", گادامێر: ""عەقل لە چاخی زانست"", تایلۆر: ""هیگل و کۆمەلگەی نوێ"", هابرماز: ""کردەی گەیاندن"", ڤیریلیۆ: ""گراوند زیرۆ"" , پێرس: پڕاگماتیزم و سیمیۆلۆژی"", بادیۆ: ""تیۆری خود"", ڕۆرتی: ""فەلسەفە و ئاوێنەی سروشت"", هیپۆلێت: "" لۆژیك و بوون"", کۆژێڤ: ""دەروازە بۆ وانەکانی هیگل"", ئەلتۆسێر: ""لەپێناوی مارکس دا"",لێڤیناس: ""تۆتالیتێ و بێپایان"",زیزك: ""بەخێربێن بۆ بیابانی فیعلی"",ئایەر: ""زمان, ڕاستی, و لۆژیك"", داڤیدسۆن :""سەروتار لەمەڕ کردە و ڕووداو"", کارناپ: ""ئێمپریزم, سێمانتیك و ئۆنتۆلۆژی"", دۆمیت: ""بناغەی لۆژیکی میتافیزیکی"", فرێجە: ""لەمەڕ واتا و ئوبژێکت"",گرایس: ""مانا"", ڕایت: ""ڕاستی و بابەتێتی"", تارسکی: ""واتای سێمانتیکی ڕاستی"", ستراوسۆن: ""مانا و ڕاستی"", کۆڤمان : ""نیچە و ڕاستی"", سێڕل: ""کردەی ئاخاوتن چییە؟"",ڕاسل: ""دەروازە بۆ فەلسەفەی ماتماتیك"", کواین : ""دوو دۆگمای ئیمپریزم"",پونتام: ""ڕیالیزم, ڕاستی , و مێژوو"",لێڤیس: ""تەئویلی ڕادیکال"", ڤاتیمۆ: ""دەروازە بۆ تەئویل"", کلۆسۆسکی: ""نیچە و بازنەی فاسید"",لاکۆ-لابات: ""ناونیشانی پیت"",بۆدریار: ""کۆمەلگەی بەرخۆریی"",کارل لویت: ""لە هیگلەوە بۆ نیچە"",بلانشۆ: ""بەشی ئاگر"", لیۆتار: ""ڕوونکردنەوەی پۆست مۆدێرنە بۆ منالان-وەلامێ بۆ هابرماز"", دۆلۆز: ""جیاوازی و دووبارکردنەوە"", گریماس: ""سێمانتیك و زانستە کۆمەلایەتیەکان"",ڕێکۆر: ""میتافیزیك"",میرلۆ-پۆنتی: ""فینۆمینۆلۆژیای جەستە"",ژان – لۆك نانسی: ""ئەزموونی ئازادی"" و چەندین کتێبی تر.

سەبارەت بەناوهێنانی ئەو کتێبانە دەمەوێ ئەوەش بلێم کە ئەوە تەنیا ناوی 60 کتێبە کە ناوی 60 نووسەر(یان بیریار و فەیلەسوف)یشی لەگەل هاتووە بەلام مێژووی فەلسەفەی کۆن , نوێ , و پاش نوێی ڕۆژئاوا پتر لەو ناوانەی تیابەدیدەکرێ و تەنانەت هەندێ لەو نووسەرانە پتر لە کتێبێ نایابیان هەیە کە نەخوێندنەوەیان بەزیانی بیری فەلسەفی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە بیەوێ فەلسەفەبکا. بۆنموونە کانت جگەلە لەو کتێبە ڕەخنەییەی ناومهێنا دوو کتێبی نایابی دی هەیە (ڕەخنەی عەقلی پڕاکتیك, توانای دادوەری) ئەمە و جگەلە کارەکانی تر لە شێوەی کتێب و سەروتار. یان هوسرەل بەهەمانشێوە چەندکارێ دەگمەنی تری هەیە لەوانە: ""ئیدیاکان"" , ""تێڕامانە دێکارتیەکان"", کە مەحالە بەبێ ئەوانە نە لەو فەلسەفە فینۆمینۆلۆژییە نوێیەی ڕۆژئاوا بگەین ,کە لەپاش هیگل و کانت هوە دەستپێدەکا نەش لە کارەکانی قووتابیانی هوسرەل کە هایدگەر یەکێکە لەو قووتابیانە. ئەمەو تادەگاتە قوتابیانی هایدگەریش(ئارندت ,گادامێر, کارل لویت) . لێرەدا دەپرسم: چۆن دەکرێ لە هایدگەر بگەین ئێمە هزسرەلمان بە تەواوەتی نەخوێندبێتەوە؟ چۆن دەکرێ لە کەلەپووری فەلسەفەی پۆست- هایدگەریی بگەین کە ئێمە کارەکانی خودی هایدگەرمان نەخوێندوەتەوە؟ مەگەر لە کۆتایدا هایدگەر بریتی نیە لەو کارەی کە بەناوی ""بوون و کات ""نووسیویەتی؟. تەنانەت مەحالە لە هیگل و کانت و نیچە ش بگەین گەر ئەو کارانەمان نەخوێندبێتەوە کە هایدگەر لەسەر ئەم بیریارانە نووسیویەتی. بەخۆی دیاردەی یەکتر خوێندنەوە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە یۆنانی کۆنەوە بووە بە ترادیسۆن و زۆربەی بیریاران لەسەری ڕۆشتوون, ئەمە دیاردەیە کە گرنگی خۆی بۆ تێگەیشتن لە پرۆسێسی گەشەی بیری فەلسەفی لە ڕۆژئاوا هەبووە, واملێدەکا بێژم : ئەستەمە گەیشتن لە ئەفلاتوون بەبێ ڕوونکردنەوەکانی ئەرستۆتالیس یان ڕوونکردنەوەکانی بیریارانی سەدەی ڕێنیسانس و دواتر بۆ ئەم بیریارە. هەر هەمانشت دەکرێ بووترێ سەبارەت بە بیری گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا. بەلام ئەم ترادیسۆنە نەك لەناو ئێمە بوونی نەبووە بەلکو ئەو بەرهەمانەی گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا نووسیویانە لەلای نەحوێندراونەتەوە لەلایێتریش گەلێ بیریار و فەیلەسوفی ڕۆژئاوا تائێستا ناوەکانیان لای ئێمە گۆنەکراوە. بۆ ئەو مەبەستە داوا لە خوێنەری ئەم باسە دەکەین بڕوانێتە ناوی نووسەری ئەو بەرهەمانەی لایسەروە ناویان هات. بەدلنیایشەوە لێرەدا دەلێم: ئەو لیستەیەی لایسەرەوە بەردەستمخست دلۆپێکە لە دەریای ئەو بەرهەمە فەلسەفیانەی بەدرێژای پتر لەو دوو هەزار سالەی لە ڕۆژئاوا فەلسەفە گۆدەکرێ نووسراون. بەواتاێتر, ئەستەمە پاش ناوهێنای ئەو بەرهەمانە و هەروەها بوونی هەزارەها بەرهەمی نایاب و گرینگی تری فەلسەفی کە لە نێوەندەکانی توێژینەوەی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا پشتیانپێدەبەسترێ پییێمانوابێ فەلسەفەناسین یان لەبەرئەوەی تەنیا چەند واتا و یان ناوی بیریار و ئاڕاستەهایەکی فەلسەفی کاوێژدەکەین وایبۆبچین کە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەئاگاین.. چونکە کاوێژکردنی ناوی یەك دوو بیریار و یەك دوو واتای فەلسەفی ئاماژە نییە لەسەر بوونی نووسینی فەلسەفی. بەلکو پێویستمان بە شارەزاییە لەو مێژووەی فەلسەفە ڕووندەکاتەوە. ئەم مێژووەش تەنیا بریتی نیە لە پۆلکردنی ناوی بیریار و واتا و شەپۆلە فەلسەفیەکان بەلکو ئەو گەشەیە نیشاندەدا کە فەلسەفە وەك زانینێ ڕۆژئاوای(؟) بەخۆیەوە دیویەتی کە ئەوەش بە فەزلی بیریارانی سەرەتا یۆنانی و دواتر ئێپۆکەکانی تری ڕۆژئاوا هاتۆتەدونیا.

ئەوی لایسەرەوە باسمکرد یەکێکە لە کێشەکان. واتە گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریاران و نەناسین و نەخوێندنەوەی بەرهەمی نایابی گەلێ لەو بیریارانەش کە ناویانمان گۆکردوە بەلام هەندێ کێشەی دی هەن کە دەمەوێ لایخوارەوە بێمەوە سەری کە هەموو بەلگەن لەسەر نەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بە واتا ڕۆژئاوایەکەی بۆ ووشەی فەلسەفە: فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی و وەك بوارێ لە بوارەکانی دیسپلین.

ئەوەندەی لەوە تێگەیشتووم کە پێیدەڵێن ""فەلسەفەی ڕۆژئاوا"" فەلسەفە بریتی نیە لە فەلسەفە بۆ فەلسەفە بەلکو فەلسەفە لق و پۆپێ زۆری لێدەبێتەوە و, ئەو لق ز پۆپانەش ئەوەمان بیردەخەنەوە کە هەریەك لەو فەلسەفەیەی فەیلەسوفان کاریان لەسەر کردووە ناوی هەیە. ئەو ناوانەش کە بەخۆی باسن لەمەڕ پسپۆری پێوەندیێ زۆریان بەو دابەشکردنانەشەوە هەیە کە فەلسەفە لە پاش ئەرستۆتالیسەوە بەخۆیەوە دیوویەتی. ئەم دابەشکردنە کە دواتر زۆر گۆڕانی ووردی بەخۆوە دیوە فەلسەفەی نەك هەر دابەش دوو شێوە دیسپلین کردووە(فەلسەفەی تیۆری , فەلسەفەی پڕاکتیك) بەلکو فەلسەفە لە ئاستێ نێودەولەتیشدا بەسەر دوو گرووپی زمان دابەشکردوە: گرووپی زمانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی کە دەست بەسەر ""فەلسەفەی شیکردنەوەی""یدا دەگرێ و گرووپی فەلسەفەی فرانکفۆنی کە دەست بەسەر ""فەلسەفەی کۆنتنێنتال"" دادەگرێ. ئەم لایەنە کە زۆر بایەخدارە لە پەڕەگرافێ تایبەتدا دێمەوە سەری بەلام لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەلێم بێئاگابوون لەو دابەشکردنە کارێ ئەوتۆیکردووە جیاوازی لەنێوان ئەندێشەی بیریار و فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا و بەرهەمەکانیان نەکرێ. هەروەها لەوەشبێئاگابین کە فەلسەفەکردن وەك کردەێ مرۆیی هەروەها وەك زانینێ ئەکادیمی دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو دابەشبوونەوە. واتە بیریارێ لە کۆلێجێکی فەلسەفەی پڕاکتیك وەك بیریارێکی کۆلێجیکی فەلسەفەی شیکردنەوەی فەلسەفەناکا. ئەم لایەنە کە پاشان دەگەڕێمەوە سەری دەمەوێ لێرەدا سێرکردنی خۆم لەسەر ئەو دیاردە نائاساییە تۆمارکەم کە پێوەندی بە لایەنێ لەو لایەنانەوە هەیە کە ماوەێلەمەوبەر بەسەرمکردەوە , واتە چۆن تێکست و یاخود ئاخاوتنی فەلسەفیمان لەتەك ئەو فەلسەفە ستاندارتەی لە ڕۆژئاوا لە زانکۆکانا دەووترێتەوە لە کۆنتراستدایە. ئەمە زۆر ئاساییە هەبێ.

بەتایبەت گەر کەسێ ڕۆژێ بێت و لێکۆلینەوەێ لەسەر ئەو نووسینانانە ئەنجامدا کە بەناوی نووسینی فەلسەفی بەکوردی نووسراون بەهەندێ ئاکام و دەرئەنجامی ئەوتۆ دەگا کە پێشەمووشتێ جەغتلەوەدەکا کە نووسینە فەلسەفیەکانمان تێکەلێکن لە باسی وێژەی و سیاسی و مێژوویی و, ئەلبەتە بنجبەستووشن بە زمانێ شیعرییی کە سەرچاوەێ تیۆلۆژی شێوە شیعرگەرای هەیە. بەلام دەمەوێ ئەوەش بلێم کە ئەم شێوە فەلسەفەیە هەر لەناو کورددا باو نییە بەلکو پێشەموو شتێ لەناو کولتووورە دێرینەکانا باوە وەك هیندی, چینی, عەرەبی- ئیسلامی بەلام بەدلنیایەوە لەئاستێ دیدا چونکە فەلسەفە لەناو ئەو کولتوورانەدا زەمینەێ تری هەبووە . بەلام ئەو فەلسەفە ستاندارتەی باسمانلێوەکرد شوێنێ دیاریکراوی بەم کولتووورە جیایانە نەبەخشیووە. نموونەش لەسەر ئەوە خوێندنی فەلسەفە لە ولاتێ وەك سوید کە نەك هەر ئەمەی نەکردووە بەلکو لێوانلێوە لە فەلسەفەێ شیکردنەوەی شێوە پۆزەتفیستی کە بەزۆری خۆی لەسەر فەلسەفەی زمان و ئاگایی بوونیاد دەنێ. ئەمە لەلایێ و لەلایێتریش بەشی فەلسەفە لە زانکۆی ستۆکۆلم دەمێکە دووچاری پەتای ئەنگلۆ- ئەمەریکی لە فەلسەفەدا هاتووە و ئەو مولتی کولتوورەش مێدیای سوید بانگەشەی بۆدەکا ئینستیتوتی فەلسەفەی نەگرتۆتەوە و بۆیە بێمانا نیە ئەوەش یادخەینەوە کە فەلسەفەی کۆنتنێنتال لە ولاتانی ئەسکەندەنافی بەگشتی و لە سوید بە تایبەتی ئەو گرنگیەی نادرێتێ و کەمیش بووە بە بابەتی توێژینەوەکان. وەلی دۆزی فەلسەفە لەناو ئێمە گرفتاری پەتای تر بووە کە یەکێ لەوان بە لێشاو بلاوکردنەوەییە بەلام بەبێ ئەوەی کەس بزانێ ئێمە لەبواری زانستە مرۆییەکانا سەر بە چ قوتابخانە و نێوەندێکی توێژینەوە و ڕاڤەکردنین.

بۆ زۆرتر پووختەکردنی ئەوی لایسەرەوە وتم دەکارم ئەوەش بلێم کە: کاتێ فەلسەفە لەناو ئێمە نە بەجۆرێ سروشتی گەشەی کردووە و نەش بەشێوەێ سیستەماتیك و لەژێرسایەی دیسپلینێ ئەکادیمی دەکرێ و ئاساییە یارانی فەلسەفە لەناو ئێمە لەبڕی قسەکردن لەمەڕ پرسیارە هەمیشەیی و کێشە بنەڕەتیەکانی فەلسەفە قسە لە فەلسەفەێ بکەن کە هیچ گروندێ ئەکادیمی و پێشینەێ مەعریفی نەوێ؟ بەلام دەکرێ ئەمە بچێتە خانەی فەلسەفەکردنەوە؟ بەباوەڕی من نەخێر. لێرەدا دەمەوێ هۆ بەدەستەوە بدەم تا قسەکەم پتر باوەڕپێکراوبێ. من بۆ ئەوەی ئەم لایەنە ڕیالئامێزکەم  دەمەوێ بلێم : کاتێ فەلسەفە نەبێ ئەوا تاشێ باس بگاتە قسە لە پایانی(مەرگی) فەلسەفە. چونکە کاتێ مرۆڤ تێگەیشتن لەلای خۆێ سەبارەت بە فەلسەفە گەلالەنەکا چۆن دەشێ جورئەتبکا باس لە نەمانی فەلسەفەبکا. باشە کامەیە ئەوی پێیدەلێن نەمان یان کۆتای فەلسەفە؟ گەر بکرێ لێرەدا بووترێ پۆست مۆدێرنە باشە کام ئاڕاستەی ناو پۆست مۆدێرنە ؟ڕاستە پۆست مۆدێرنە تابلێی بابەتێ گفتووگۆئامێزە بەلام ناشێ ئەوە پشاگوێخرێ کە دۆکترینی(بیرۆکەی) فەلسەفەی پۆست مۆدێرن وەکیتر سەرەتایەکە بۆ قسەهێنانە پێشەوە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی. بەخۆی باس لە مەرگی فەلسەفە بۆ ئەو کۆمەلگانەی بە کۆمەلگەی بەرهەمهێەری بیرکردنەوەی فەلسەفی دەناسرێن شیاوە بەلام لەناو ئێمە شێوەی باسکردنەکان بەوجۆرەی ڕۆژئاوا نەبووە و هەروەها تابلێی لاواز و بێ ڕێفرێنس(سەرچاوە) بوونە و نەشیانتوانیووە نەك هەر فەلسەفە بمرێنن بەلکو ئەوەشیان پێنەکراوە لە نافەلسەفە بێنەدەروە کە بووە بە ناسنامەی گشت نووسینە بەناو فەلسەفیەکان.

هەر لەوبارەیەوە ئەوەش دەلێیم ئەو دۆزە فێلاویەی فەلسەفەی تیا ژێندراوە کارێ واشیکردوە گشت شار بکەوێتە باس لە بیریارێ وەك فوکۆ کە بەخۆی مژووکردێکی بیر بووە. سەیرەکە لەوەدابوو , و تائێستاشلەوەدایە, ئەودەمەی باس لە فوکۆ دەکرا باس لەوە نەدەکرا کە چی و کێ سەرچاوەی ئەم بیریارەیە. یان ئێستاش ئەوە ڕوونەبۆتەوە نەوەی فوکۆ کێیە و یان هاوبیر و هاوتەمەنەکانی کێین. چونکە بەشێ زۆر لەوانە کە ئەمڕۆ

مردوون (بۆنموونە: دۆمیزیل,باتای,بلانشۆ, و.. هتد) ناویان لە نوسینی کوردیدا گۆنەکراوە. ئایا دەکرێ تیۆریزەکەرێ لە بواری ئەدەبی کوردیدا هەبێ خانی بناسێ بەلام ناوی گۆرانی نەبیستبێ یان ناوی سالمی شاعیری بەرگوێکەوتبێ بەلام نالی نەناسێ. کێشەکە هەر ئەم لایەنە نەبوو بەلکو لایەنی دیش لەئارادایە کە بۆنموونە دەیەها شەپۆل و پەنچایەها واتا و ڕێباز و بیرۆکە کاری خۆیان لەماوەی ئەو سەد سالەی دوای لە بواری فەلسەفەی تێۆری و پڕاکتیك کردووە و ناویان لەناو ئێمە لەهیچ شوێنێکەوە دیارنییە. ئەمە هەمووی پێوەندی بەوەوەیە کە فەلسەفە لەناو ئێمە بۆ تێرکردنی ئارەزووە و پێوەندی نە بە پسپۆڕی و شارەزاییەوە هەیە و نەش واپێویست بووە تێگەیشتنەکان سیستەماتیك و مێتۆدی بن.

من لەخۆڕا ناوی لاوەکی ئەم باسەم بە فێلکردن لە فەلسەفە نەناوە. ئەی ئەوە فێلکردن نییە لە فەلسەفە چییە کاتێ هەموو شار ناوی سێ چوار بیریار (فوکۆ, دێریدا, هابرماز یان نیچە و هایدگەر) گۆدەکا یان تەنیا یەك دوو تەوژمی فەلسەفی (یوونیادخوازی , پۆست مۆدێرنیزم) ڕۆژانە لە نووسین و قسەکانا ناوزەدەکرێن. ئێمە کاتێ گۆکردنی ناوی ئەو بیریارانە بە هەلە نازانین کە لەپال بەلانی کەمەوە سەدەها بیریار و فەیلەسوفی تردا گۆکرێن یان کاتێ پێمان وایە زۆر ئاساییە ئەو یەك دوو تەوژمە فەلسەفیانە بەبەردەوام ناوزەدکرێن کە لەپال ئەوانەوە لەلاێ ڕیشەی مێژووی و تیۆری ئەو تەوژمانە لەبیرنەکرێن و لەلاێتریش ئەو تەوژمانە لەچەندین تەوژمی فەلسەفی تر دانەبڕدرێن , بۆنموونە: ڕێلەتڤیزم -ڕێژەگەریی-, پۆزەتڤیزم, ئەزمونگەریی-ئیمپریزم- , پڕاگماتیزم و فێمینیزم , ئەلبەتە بە گشت جۆرەکانیەوە لیبرال, ڕادیکال, سێکسوال و پۆزەتیڤ.

سەربارى ئەوە دەمەوێ ئەوەش بلێم کە, هەرگیز ئەوە دیاردەیەکی ساغ نییە ئاڕاستەێ فەلسەفی بناسینەوە بەلام دەیەهای ترمان نەبیستووبێ. فەلسەفەی ڕۆژئاوا نە لە نیچەوە(ئەلبەتە هایدگەر و فوکۆش) وە دەستپێدەکا و نەش لە هەندێ واتا و شەپۆلی فەلسەفی وەك بنەماخوازی, پۆست مۆدێرنە بەلکو ئەم فەلسەفەیە مێژووێ زۆر بەرین و قوولی هەیە و ناشێ لە ناوی یەك دوو بیریار یان یەك دوو واتا و ڕێبازی فەلسەفیدا کورتکرێتەوە. بۆیشە وادەلێم چونکە گشت شار ناوی نیچە و لەویش بترازێ ناوی فوکۆ و هایدگەر و پاش مەرگی درێداش ناوی دێریدا گۆدەکەن. هۆی ئەمە چییە و بۆ شارێ کە لە بێ فەلسەفەیدا مەلەدەکا خۆی نووقمی ناوی هەندێ فەیلەسوف و یان چەند واژە و ئاڕاستەێ  فەلسەفیکردووە؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بەمجۆرە ڕوونکردنەوەی خۆم بەردەستدەخەم.

گەر بەووردی و زۆر لەسەرەخۆ بڕوانینە ئەو نووسینانەی لەناو ئێمە وەك نووسینی فەلسەفی خۆیان بەیانکردووە دەبینین هەر هەموو لە خالێکدا یەکدەگرنەوە کە ئەوەش ئەمەیە: ئەو نووسینانە لە دەوروخولی یەك دوو ناوی بیریاردا خۆیان کۆدەکەنەوە کە یان نیچە و هایدگەرە یانیش یەکێ لە قووتابیانی ئەم دوو بیریارەیە.

من بەهیچ جۆرێ ڕێیەخۆمنادەم کە بیری ئەو دووبیریارە( واتە نیچە و هایدگەر) پووچەلکەم و یان هەولبدەم بیانخەمە دەرەوەی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە. بەلکو ئەوەی من زۆر خەفەتباردەکا ئەمەیە: لەگەل ئەوەشدا کە گشت ئەو نووسینانەی وەك نووسینی فەلسەفی لەناو ئێمە خۆیان بەیانکردووە و بەدەوری ئەو دووبیریارە و ئەمجار یەك دوو هاوبیریان دەخولێتەوە نەك هەر نەیتوانیوە پەی بە تێزەکانی ئەو دووبیریارە و هاوبیرەکانیشیان نەبەن بەلکو نەکراوە کە کارەکانی ئەو دووبیریارە و و هاوبیرەکانیشیان بەتەواوەتی نخوێندرێتەوە و بیری ئەوانەش بێنە ناساندن کە بیری ئەو دوو بیریارەیان (واتە نیچە و هایدگەر) دروستکردووە . بۆیە من پێموایە ئەم کێشەیە کێشەیەکی زۆر قوولە و پێویستی بە نەختێ ڕاوەستانی تێڕامانئامێزە. بۆپتر ڕوونکردنەوەی ئەوەش دەمەوێ لەم ڕوەوە چەند دێڕێ ڕووبخەم:

نیچە و هایدگەر لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دوو بیریاری بەرچاوین و لە بیریارە دیارەکانی ئەلمانیشن. ئێمە ناوی وەك کانت, هیگل و هۆسرەل , مارکس لە مێژووی فەلسەفەی ئەلمانی دوورناخەینەوە  بەلام لێرەدا ئامانجێ دیاریکراو لەپشت گەڕانەوە بۆ بیری ئەم بیریارانە لەئارادانییە . هەر سەبارەت بەم دوو بیریارە ئەلمانیە ئەوەش دەلێم کە ئەم دوو بیریارە شوهرەتیان لە دەرەوەی ئەلمانیا زۆرترە و تەنانەت کاریگەریشیان بەسەر بیری فەلسەفی ئونیفێرسالەوە لەڕابەدەر شوێنی دیارە. ئەم لایەنەش کەمتر بیریاریانی تری ئەلمانی وەك فێختە, گۆتە, شلینگ, دێلتای,شێلەر, شلایرماخر, و......هتد دەگرێتەوە. ئەم شوهرەت و کاریگەریەش دەکرێ لەوەدا کورتکرێتەوە کە لە ماوەی 30 یان 40 سالی ڕابردوودا بوونە بە هۆکارێ بۆ هاتنەدونیای گەلێ بزاڤ و قووتابخانەی فەلسەفی و ئەدەبی و جواتکاری کە گرینگترینیان پۆست بنەماخوازی و پۆست تازەگەری بوونە. یەکێ لەو خالەنەش کە لێرەدا ناشێ فەرامۆشکرێ ئەوەیە کە هەردوو پۆستەکەش لەدەرەوەی فەلسەفەی ئەلمانی لەدایکبووە و تەنانەت کاتێکیش ئەو پۆستانە بوونە بە جێی بایەخی فەلسەفەی ئەلمانی کە ناوبانگیان لەدەرەوەی ئەلمانیا گەیشتوە بە لوتکە. نەك هەر ئەوە بەلکو ئەو پۆستانە لە ولاتی ئەلمانیا بەگەرمیش پێشەوازی لێنەکراوە و بگرە وەك هەڕەشەیەکیش بۆ سەر میراتی ڕۆژئاوای, کە ئەوەش پڕۆژەی مۆدێرنەیە, تەماشاکراوە. هەر لەم ڕوەشەوە, بەبێ گومان, پییێلەسەرئەوە دادەگرم , ئەوەی دیسانیشەوە خۆی بۆ پاراستنی میراتی مۆدێرنە لە ڕۆژئاوا تەرخانکردووە هەر ئەلمانیایە.

هابرمازیش ,کە پێیوایە پتر لە گشت فەیلەسوفە ڕۆژئاوایەکان بەتەنگ ئایندەی ڕۆژئاواوە دێ لە دوو کاریدا (وتاری

فەلسەفی بۆ تازەگەری, تازەگەری پرۆژەیٚ ناکاملە) هەرزوو سۆزی خۆی بۆ پرۆژەی مۆدێرنە نیشاندا , کە ئەمەش دەکریٚ وەك نموونە وەرگیریٚ کە جۆن بیری نیچە - هایدگەر تەنیا لە دەرەوەی ئەلمانیا هێنراوەتە گۆ. ئەلبەتە ئەم بەگۆهێنانەش بەجۆرێووە کە ماهیەتی زاست, ڕاستی و عەقلی پیێبخراوەتە ژێرگومانەوە. گەر باس لە دەرەوەی ئەلمانیا بکەین کە شوێنی هێنانە گۆی تێکستەکانی نیچە-هایدگەرە ئەوا بەدلنیایەوە دەبیٚ یەکسەر خەیالمان بۆ ولاتیٚ وەك فەرەنسا(زمانی فەرەنسی نەك ئینگلیزی) بچیٚ و , بۆ نەوەیەك کە لەپاش برگسۆن و سارتەر ویستیان گۆرەپانی بیرکردنەوەی فەلسەفی سەرلەبەر هەلوەشێننەوە. لێرەشدا و بەتایبەت ناکریٚ و شیاو نییە بیریارانیٚ وەك باتای, بلانشۆ, فوکۆ و دۆلۆز, دێریدا و بۆدریار و لیوتار لەبیرکرێن. هەریەك لەمانەش بەجۆریٚ و لە چوارچێوەی خۆیان بە یەکیٚ لەو دوو بیریارەوە(نیچە یان هادیدگەر) وابەستەبوونە. ئەمەش پرۆسەیٚ بووە لە سالانی 1960کانەوە بەردەوامبووە و مانا و گرنگیێ زۆریشی بۆ واتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەگشتی و فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی بەتایبەت هەبووە. لەم دوایەشدا نەك هەر بیری ئەو بیریارە فەرنسیانە لە دەرەوەی فەرەنسا و بەتایبەت لە زانکۆکانی ولاتانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی بایەخی درایێ بەلکو بیری نیچە و هایدگەریش بایەخی بۆگەڕایەوە. ئێستا لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئینگلستان تێزهایەکی ئەکادیمی کەمتازۆر لەبارەی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە و زارۆکە فەرەنسیەکانیان پێشکەشدەکریٚ و , تەنانەت ئەو دێیاتە فەلسەفیانەش کە لەئاکامی تێکستەکانی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیەوە لەسەردەستی هاوبیرە فەرەنسیەکانیان وروژێندراون گەلیٚ تێما و بازنەی فەلسەفی لێبوەتەوە و پسپۆر و لایەنگرانیٚ زۆری خستۆتەوە. بەلام نابیٚ ئەوەش لەبیرکەین چوارچێوەی نەشونمای بیری ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە و زارۆکە فەرەنسیەکانیشیان لە ولاتانی ئەسکەندەنافی و ئەنگلۆئەمەریکی بە بەراوورد بە گەشەی میراتی فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی هەر بەرتەسك و سنووردارن. چونکە لەلایٚ ئەم ولاتانە زۆر لەژێر کاریگەری بیری فەلسەفەی شیکردنەوەیدان, کە ئەوەش هەندیٚ ئاڕستەی فەاسەفی وەك پۆزەتفیزم, پڕاگماتیزم و جۆرە فەلسەفەیٚ لۆژیکی بوونیادنراو لەسەر فەلسەفەی ماتماتیك(بیرکاری) دەگرێتەوە و , لەلایێش لەبەرئەوەی ئەو سێستەمە ڕەخنەییەی فەلسەفەی نیچە و هایدگەر ,و ئەلبەتە ئەوی هاوبیرە فەرەنسیە کانیشیان, کاریلەسەردەکەن لە ولاتانی ئەسکەندەنافی و ئەنگلۆئەمەریکیدا زۆر پەسەندکراون نیین. بچووکترین نموونەش ئەوەیە کە زۆربەی ئەکادیمیکەرانی زانکۆی کامبرج لە 1992 لەسەر ئەوەکۆکبوون کە لەسەر ئەو بناغەیەی کە بیری دێریدا بیریٚ پووچە نابیٚ دکتۆرای فەخری پیێبدریٚ. ئەمە لەلایٚ و لەلایتریش ئەوە گەمە نییە کە تائێستا یەك تێزی دکتۆرا لەسەر بیری دێریدا لە سوید نووسراوە کە ئەوەش ستافان کارشامەر لە سالی 1986 لە زانکۆی یۆتۆبۆرگ بەنێوی ""کات و زمان"" نووسیویەتی کە ئەمڕۆ ناوبراو بەرپرسی ئەو تێزانەیە لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکۆلم کە لەمەڕ فەلسەفەی کۆنتنێنتال دەنووسرێن.

بەلام ئەوەی بە باری ڕۆشنبیری و نووسینی ناوبراو بە نووسینی فەلسەفی ئێمەوە تایبەتە بەپێچەوانەی گشت ئەوانەوەیە کە لەسەرەوە باسکرا. چۆن؟ بۆئەوەی ئەم پرسیارە ڕوونکەمەوە بەپێویستی دەزانم ئەم پرسیارە بکەم: هۆی ئەوە چییە کە دەبیٚ نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە پۆپولێربن(ناسراوبن)؟ ئایا هۆیەکە ئەوەیە چەند کەسانێمکان هەیە کە تێزی ماستەرنامە و دکتۆرانامە و پۆست دکتۆرانتەکانیان لەسەر بیروۆکەکانی نیچە و هایدگەر نووسیوە ؟ یان هۆیەکەی شتیرە؟ باشە ئەو شتانە چیین؟ لەڕاستیدا دەکریٚ لێرەدا گەلیٚ هۆ ڕیزکرێن لەوانە: جاریٚ پێشهەمووشتیٚ نە لەناو ئێمە تێزی ئەکادیمی لەسەر بیرۆکە(دۆکترین) و ووتنەکانی ئەو دووبیریارە ئەلمانیە نووسراوە و نەش کارەکانی ئەو دووبریارە ئەلمانیە بەزمانی دایك دەستدەکەون. ئەمەش وادەکا پەنا بۆ زمانی تر ببریٚ(بۆ نموونە زمانی عەرەبی و فارسی کە بوونە بە ئەلتەرنەتیڤ بۆ نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانمان بۆ بەچنگهێنانی ڕوناکبیری) بۆ خوێندنەوەی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە بەلام ئەوەش کێشەکە چارەسەرناکا. چونکە نە بەرهەمەکانی ئەو دوو بیریارە بەجۆریٚ سێستەماتیك و بە شێوازیٚ جوان لەناو ئەو زمانانەی لەناو دوو کەواندا ناویانمهێنا وەرگێڕدراون و نەش ئەو وەرگێڕاوانە لە مەنهەجی خوێندنی ئەکادیمیدا بەکاردەبرێن. کاتیٚ ئەو تێکستە فەلسەفیانە لە پڕۆگرامی خوێندنی فەلسەفی شوێن بۆخۆیان نەدۆزنەوە و هەروەها کاتیٚ پسپۆڕ و لێهاتوو , نەك وەرگێڕی بازرگان و هاوی, ئەو تێکستانە وەرنەگێڕن کە بناغەیٚ بۆ فەلسەفە وەك زانینیٚ ئەکادیمی دادەنێن ئەوا بیری ئەو بیریارانە لەناو ئێمە هەمیشە غەریب و لاپەڕەبن. لەوانەش سەیرتر ئەوەیە کە کارە سەرەکی و بناغەیەکانی ئەو دوو بیریارە بەتەواوەتی وەرنەگێڕدراون و ئەمەش کارێوادەکا کە کەموکوڕییٚ گەورە لە ناسینی بیری فەلسەفی ئەو دوو بیریارەدا هەبیٚ. بۆزۆرتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم دەلێم, هەریەك لە بیریارانی ڕۆژئاوا خاوەنی کاریٚ گەورەن کە تاکاتی مردنیشیان بەجۆریٚ لەجۆرەکانی تێزەکانی ئەو کارە سەرەکیەیان دەلاوێننەوە و یان هەولی پتر بەرەوپێشەوەبردنی دەدەن. بۆنموونە سەبارەت بە کەسیٚ وەك هایدگەر ناکریٚ تێزی دکتۆرانامەکەی کە ئەوەش کتێبەی ""بوون و کات"" ەکەیەتی لەبیرکەین. باشە کاتیٚ ئەم بەرهەمەی هایدگەر نە بەکوردی و نەش بەو زمانانە دەستدەکەون کە نووسەرانی کورد فێربوون و ڕوناکبری لێوەوەدەستدێنن چۆن دەکریٚ ئەو هەموو تیۆرزەکردنە بەڕاست وەرگیرێن کە سالانێکە بەسەر واتای دازاین, بوون, کات, و چەندین چەمك و بیرۆکەی ترەوەدەکرێن؟ ئایا لێرەدا ناشیٚ بلێین ئەوەی لەناو ئێمە هەبوە فەلسەفە نەبووە بەلکو فێلبووە و

لە فەلسەفە کراوە؟ ئەی ئەوە فێڵ نییە لە فەلسەفە کاتێ تۆ لە کۆپیەوە ئۆرژینال دروستکەی؟ ئەوە بەهەلەبردنی فەلسەفە نییە چییە کاتێ کۆشش بۆئەوەبکرێ لەڕێکای دوان و ئاخاوتنی کەسێ ترەوە زانین لەسەر بیری بیریارێ یان ئاڕاستەێ فکری وەدەستبهێنرێ؟

ئەمە لەلایێ بەلام لەلایێ تر وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی لەسەرەوە ڕووی خوێنەری ئەم باسەمخست بۆ دەبێ نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە پۆپولێربن بەمشێوەی لایخوارەوە وەلامدەدەمەوە:

لەڕاستیدا پاش ئەوەش کە زانیمان کە ئەوە ئێمە نین تێکستەکانی نیچە و هایدگەرمان وەرگێڕاوە و پاشان هەر ئەوەش ئێمەنین کە نێوەندی ئەکادیمیکەمان لەژێرکاریگەری بیری فەلسەفی ئەم دوو بیریارەیە باشە بۆ دەبێ ئەم دوو بیریارە پتر لە بیریارەکانی تر ڕۆژئاوا, و تەنانەت هەلەشناکەم گەربلێم پتر لەخودی واتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا, ناویان گۆکرێ یان پۆپولێربن؟ دەکارم هۆیەکە بەکورتی لەم چەند خالەدا کۆکەمەوە:

هۆی ئەو هەموو بایەخدانە بەو دوو بیریارە لەلایێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوە دیاردەێ نێودەولەتیە و لەلایێ دیش بەشێکی پێوەندی بە حەزی شەخسی هەندێ کەسەوە هەبوە کە بایەخیان بەو دوو بیریارە داوە نەك بیریارهایەکیتر, بەلام بەشەکی دی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە بایەخدان بەو دوو بیریارە سەرچاوەی لەوەوەهەلگرتوە کە تێگەیشتن لە بیری ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە بەبەراورد بە هەندێ بیریاری تری ئەلمانی بۆنموونە:کانت, هوسرەل یان ڤتگنشتاین یاخود فرێجە کارێئاسانترە بەلام زۆریش ئاسانییە. بۆنموونە لەو کارانەی هایدگەر قسەلەسەر بیری فەلسەفی نیچە یان کانت یان هۆسرەل دەکا ئەو ئاسانییە بەبیریەوە بەدیناکرێ. بەلام ڕەنگە ئەو ئاسانیە لە تێگەیشتنی بیری نیچە پتر ئامادەبێ. ئەمەش پیێموایە دوو هۆی لەپشتەوەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە بیری نیچە بیرێ فەلسەفی شیعرگەرا و وتارئامێزە و دووەمیش ئەوەیە کە کارەکانی نیچە لەچاو کارەکانی هەندێ بیریاریتری ئەلمانی فرێجە, کانت, کارناپ و ڤتگمشتاین (بیریارێ نەمساویە بەلام بە ئەلمانی نووسیویەتی) نەرێتێ ئەکادیمی دیاریکراوی تیابەدیناکرێ و سیستەمێ فەلسەفیشی بەرهەمنەهێناوە. هەر سەبارەت بەوی لایسەرەوە بەرباسمخست دەمەوێ هەندێ ڕوونکردنەوەی تر بدەم و, ڕوونکردنەوەکانیشم ئەم ئاڕاستانە وەردەگرێ کە لایخوارەوە دێمەوسەری.

ڕاستە بایەخدان بە نیچە و هایدگەر سەرچاوەێ نێودەولەتی هەیە بەلام ئەمە بۆ ڕوناکبیرێ بۆ نموونە نەرویجی یان سویدی لەبارترە وەك لە کورد. هۆی سەرکیش ئەوەیە لەلایێ گەر تێکستە سەرەکیەکانی ئەو دووبیریارە بە زمانی دایکیش نەبن(کە بە فیعلیش نین) بەلام ئەمە ڕێگا لەوەناگرێ کە ئەو ڕوناکبیرە سویدی یان نەرویجیە نەتوانێ بەزمانی تر بیخوێننەوە. لەهەمانکاتدا ئەو دێیاتە فەلسەفیانەش کە تێکستی بۆ نموونە ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە دەیوروژێنن پتر لە ژیانی ئەو ڕوناکبیرە سویدی یان نەرویجیەوە نزدیکە بۆیە قولبوونەوە و کارکردن لەسەر ئەو تێکستانە هەر سەرچاوە لەوەوەهەلدەگرێ. پاشان بەنێودەولەتیبوونەکەش کە لەسەرەوە ئاماژەمپێکرد پێوەندیێ زۆری بەو بایەخەی ئەو پۆلە فەیلەسوف و ڕوناکبیرە فەڕەنسیەوە هەبووە کە لە سالانی 1960 بەولاوە کەوتنە ژێرکاریگەری تێکەستە فەلسەفیەکانی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیەوە. وەلی ئەوی کە ناومنا" " بیری فەلسەفی ئەو دوو بیریارە ئەلمانیە ئاسانە تێگەیشتن لێی" " ,کە ئەمەش هۆێ بووە بۆ زۆر پۆپولێربوونی ئەم دوو بیریارە لەناو ئێمە ,دەکرێ بەمجۆرە ڕوونکرێتەوە:

بیری فەلسەفی نیچە پتر لە بیری هایدگەر لەناو ئێمە پۆپولێربووە. هۆی ئەوەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە زۆرخوێندنەوەی نیچە ڕەنگە ڕێگا لەبەردەم تێگەیشتن لە تێکستەکانی خۆشکا بەلام هەمانشت ناکرێ سەبارەت بە هایدگەر بووترێ تەنانەت گەر هەمانشت سەبارەت بە هایدگەریش بووترێ بەلام هەرگیز ناشێ هەمانشت سەبارەت بە مامۆستاکەی هایدگەر بووترێ(واتە هوسرەل). چونکە خوێندنەوەی هوسرەل , بۆنموونە کارهایەکی وەك " "تێڕامانە دێکارتیەکان" " یان " "ئیدیاکان" " یاخود " "توێژینەوە فەلسەفیەکان" " ئاسانیە تێگەیتنی لێی. پاشان هەر سەبارەت بە بیری نیچە دەمەوێ ئەوەشبلێم: بیری فەلسەفی نیچە پێیێکی لەناو فەلسەفەیە و ئەویدیشی لەناو شیعرگەراییە و ئەوەش ئەو شیاویەی لەبەردەم خوێنەرانی تێکستی نیچە هەمیشە والاکردووە کە زووتر تێگەیشتن لەبارەی بەرهەمەکانیەوە بەدەستبهێنن وەك لە بیریارانی تر ڕۆژئاوا بۆنموونە کانت, ڤتگنشتاین, هۆسرل, لۆك و کارناپ ..هتد. بەلام با ئەوەش لەبیرنەکەین ئەو ئاسانیەی لە بیری فەلسەفی نیچە دا بە بەراورد بە بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی کلاسیك یان هاوچەرخ بەدیدەکرێ شتێ ئەوتۆی لەناو ئێمە بەرهەمنەهێناوە کە لێرەدا بەنموونە بیهێنینەوە. بەلام ئەوە بە باشی ڕەنگدانەوەی خۆی لە وتاری فەلسەفی ڕۆژئاوادا هەبووە, واتە بواری بیریاریکردن بەسەر نیچە هەمیشە ئاسان تر بووە وەك لە بواری بیریاریکردن بەسەر بیری کەسێ وەك کواین, ڕاسل, یان فرێجە یاخود ڤتگنشتاین. هەرچی هایدگەرە کەمتر ئەو ئاسانیە لەبیریدا بەدیدەکرێ بەتایبەت ئەو بەشەی پێوەندی بە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی مامۆستاکەیەوە(هۆسرل) هەیە. پاشان هەر لێرەدا و تایبەت بە هۆی پۆپولێربوونی بیری نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە دەکرێ باس لە لایەنێ مەنهەجیش بکەین کە ئەوەش ئەمەیە: دەکرێ ئێمە نیچەناس بین لەکاتێ ئەو بیرە نەناسین کە نیچە سەرچاوەی لێوەهەلدەگرێ و یان ڕەتدەکاتەوە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارە دەلێم: بۆ نموونە نیچە لە گشت کارەکانیدا لە دێیاتێ فەلسەفی بێڕەهەنددایە لەتەك فەلسەفەی ئەفلاتون(پلاتۆن) ئەلبەتە ئەم دێیاتەش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیالیزمەیە کە دوژمنی سەرسەختی نیچە

بووە. هەروەها گەڕانەوەی بەردەوامی نیچە بۆ فەیلەسوفەکانی پێشسوکرات دیسانەوە خاڵێ گرینگە سەبارەت بە پێکهاتەی فەلسەفی نیچە. ئەمەو مانای تیۆری ""ویست"" لای شۆپنهاوەر و کاریگەری بەسەر نیچەوە. ئێمە کە ئەوەندە سەرگەرمی نیچە و تێکەستەکانین کوا ئەو نووسینانەی لەبارەی فەیلەسوفەکانی پێشسوکرات یان خودی ئەفلاتوون ئەلبەتە شۆپنهاوەریش نووسیومانە؟ ئایا دەکرێ دەستوپەنجە لەتەك فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەبێ فوولبوونەوە لە بیری بیریارێ وەك ئەفلاتوون نەرمکرێ؟ لێرەدا بەدگۆی ناکەم گەر قسەی ئەو نووسەرە سویدیە بە نموونە بهێنینەوە کە دەڵێ: لەپاش عیسا زۆرترین ناو لە ڕۆژئاوا گۆکراوە ناوی ئەفلاتوون بووە. باشە کوا گۆکردنەکانی ئێمە لەوبارەیەوە؟ باوەڕناکەم بکرێ و بشێ مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بێ فەلسەفەی ئەفلاتوون بونی هەبێ. هەر لەم بارەیەوە دەتوانم ئەوەش بلێم کە دەکرێ ئێمە نیچە ناسبین ئەو دوو جلدەمان نەخوێندبێتەوە کە هایدگەر لەسەر نیچە(بەناوی نیچە) نووسیویەتی؟ بەدلنیایەوە نەخێر. چونکە ئەو بەرهەمە دوو جلدیەی نیچە لەناو ڕوناکبیر و بیریارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتال زۆر ناودارە و مانایٔ زۆریشی بۆ پێگەیاندنی بیریان سەبارەت بە بیری نیچە دیووە. ئەمەش بەباشی لەناو بیریارانی کۆنتنێنتالی فەرەنسی زمان بەچاکی دەرکەوتووە.

هەر سەبارەت بە پرۆسەی فێلکردنەکان لە فەلسەفە و بەهەلە پۆپولێربوونی بیری هەندێ بیریار و یان واتا و بزاڤ دێینەوە سەر هایدگەر. سەرەتا دەمەوێ بلێم: ئەوی نەختێ شارەزای لەسەر پێکهاتەی بیری فەلسەفی هایدگەر هەبووبێ ئەوە دەزانێ کە ناکرێ وێنەکردنی هایدگەر بەبێ هوسرل. ئەوانەی چەند کاتژمێرێ بە ووردی هایدگەریان خوێندبێتەوە دەرکیان بەوەکردووە کە بوونیادی فەلسەفی هایدگەر فینۆمینۆلۆژی بووە. ئەو فەلسەفە فینۆمینۆلۆژیەش سەرچاوەی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرەلەوە هەلگرتووە نەك کانت یان هیگل. بەلام ئەو سەرچاوە هەلگرتنە کە دەکرێ بە قۆناغکرێ دوا قۆناغی ئەوەیە کە هایدگەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی مامۆستاکەی(واتە هوسرەل) ڕەتدەکاتەوە. هەر ئەو ڕەتکردنەوەیەشە ئەو هایدگەرە دروستدەکا کە پاشان دەبێ بە جەمسەرێ سەرەکی لەناو فەلسەفەی کۆنتنێنتال. ئێمە هایدگەرمان تەنیا لەلایەن چەند تێکستێ جۆراوجۆرای ناسێستەماتیکەوە ناسیووە کە بەرهەمی وەرگێڕانی هەندێ وەرگێڕی ئەماتۆر (هاوی) بوونە ئەمەشوایکردووە لە بنەڕەتی ئەو ڕەتکردنەوەیە نەگەین کە بۆنموونە ڕیشالی بیرۆکەکەی لە کتێبی"" بوون و کات"" دا چندراوە کە تائەمرۆ پێناچێ 10 کەس لەناو ئێمە خوێندبێتیەوە. نەك هەر ئەوە بەلکو دلنیام لەبەرئەوەی 10 کەس لەناو ئێمە کارە سەرەکیەکانی هوسرەلی نەخوێندوەتەوە بۆیە ئەستەمە ئێمە پێمانوابێ لە بنەچەی ئەو ڕەتکردنەوەیە گەیشتووین کە هایدگەر کاریلەسەرکردووە. لەم ڕوەشەوە ناتوانم ناوی ئەو نووسینە فەلسەفیانە بەنموونە بهێنمەوە کە بەکوردی لەسەر یان لەژێرکاریگەری فەلسەفەی فینۆمیۆنۆلۆژی هوسرەل نووسرابێتن. ناشکرێ ئەو کاریگەریە بەرجەستەکراوبێ کە جارێ سەرەکیترین کاری هوسرەل نەك هەر بەزمانی کوردی بەلکو بەو زمانانەش بەردەستناکەون کە بوونە بە ئەلتەرنەتیڤ بۆ بەدەستهێنانی ڕوناکبیری فەلسەفی لەبارەی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە.

لێرەدا و بۆنموونە ناوی ئەو چەند کارە فینۆمینۆلۆژییە دەنووسم کە هوسرەل لە نێوەندی ئەکادیمی پێیناسراوە:"" ئیدیاکان بۆ فینۆمینۆلۆژیاێ پووخت"" و ""فەلسەفەێ فینۆمینۆلۆژی"" , ""تێڕامانە دێکارتیەکان"","" توێژینەوە لۆژیکیەکان"" و ,"" فۆڕمال و لۆژیکی ترانسندینتال"".

ئەمجۆرە نموونانە و ڕوونکردنەوەکانیش ووردە ووردە ئەوەلای خوێنەر بەرجەستەدەکەن کە ئەوی هەیە فەلسەفە نییە بەلکو شتێکە ویستوویەتی ببێ بە فەلسەفە بەلام دواتر بووە بە شتێ غەیرە فەلسەفە کە ئەوەش بەکورتی نافەلسەفەیە. ئەوە دەقاودەق نافەلسەفەیە کە ڕیشەی تێگەیشتن و بیرۆکە فەلسەفیەکان لەڕێگای دەستی سێهەم و چوارەمەوە بێتەناسین. ئەوە نافەلسەفەیە کاتێ بازبەسەر ئەسل دەدەین و دەچین لە نووسخەوە ڕیشە بەرهەمدێنین دواتر پییێمانوایە فەلسەفەمانکردووە. لێرەدا و بۆ پتر بەلگەدارکردنی ئەم چەند دێرە دەگەڕێمەوە سەر ئەوی لەسەرەوە قسەم لەبارەوە کرد, واتە : لەخۆڕا پۆپولێربوونی بیریارهایەکی وەك نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە. بۆ ڕاڤەکردنی ئەمەش دەلێم: من ئەوە بە شتێ سروشتی دەزانم کە بیری فەلسەفی نیچە و هایدگەر لە فەرەنسا ئەوەندە گەشەیکردووە چونکە تێکستەکانیان و ئەوی لەبارەشیانەوە ووتراوە بە بەڕەنسی هەن. هەروەها پییێم ئاساییە بیری نیچە و هایدگەر و تەنانەت پەرەپێدەران بە بیری ئەمانیش شوێنێ نێوەندی لەناو ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفەی کۆنتنێنتال بۆخۆی مسۆگەرکردووە چونکە ئەمبیرانە پێوەندیێ زنجیرەیی لەنێوانیاندا هەیە. هەر لەم بارەیەشەوە گەر تەماشای دێریدا بکەین ,کە بیریارێ دیاری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتالە, بە نووسین لەسەر هوسرەل دەست بە فەلسەفەکردن دەکا. دێریدا ئەمەی بەجۆرێ هەرەمەکی ئەنجامنەداوە هەروەها ئەم ئەمەی لەسەر هەمان دەستووری ئەکادیمی مامۆستاکەی(واتە هایدگەر) ئەنجامداوە. دێریدا سەرەتا بە هۆگربوون بە فەلسەفەی هوسرلەوە دێتە ناو گۆڕەپانی فەلسەفەوە, ئەوەش لەگەل یەکەم یەرهەمی کە بلاویدەکاتەوە. چونکە پاش وەرگێڕانی کتێبی ""هەندەسەی ژیۆمێتری"" هوسرەل بۆ سەرزمانی فەڕەنسی دێریدا دەروازەێ بۆ ئەم بەرهەمە بەناوی"" دەروازە بۆ هەندەسەی ژیۆمێتری هوسرەل"" دەنووسێ و پاش سالێتر دێریدا کتێبی دووەمی سەبارەت بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسرەل بەناوی"" دەنگ و دیاردە"", لە سالی 1967,بەچاپدەگەێنێ, ئەم دوو توێژینەوەیەش مانایٔ گەورەیان بە سەرلەنوێ دێیاتکردن لەسەر بیری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرەل لە فەڕەنسا

بەتایبەت و لەنێو بیریار و ڕوناکبیرانی کۆنتنێنتال بەگشتی دا. لەو دێیاتانەشدا دێریدا پتر هایدگەرییە و پاشان خۆشیەتی. هایدگەرییە بەو مانایەی دێریدا لەژێر کاریگەری فینۆمیۆنۆلۆژیای هایدگەر ڕەخنە ئاڕاستەی فینۆمینۆلۆژیای هوسرەل دەکا و خۆشیەتی چونکە دێریدا ڕەخنە نەك هەر لە هوسرەل بەلکو لە گشت وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاواشی دەگرێ کە ئەوەش هەر لە ئەفلاتوون و ڕۆسۆوە دەگرێتەوە تادەگاتە , سۆسێر و هوسرەل و هایدگەر و فروێد و لیڤی شتراوس. لەحالەتێ وادا بەباوەڕی من دەکرێ مرۆڤ پۆپولێربوونی دێیاتکردنی بیریارێ یان ئاڕاستەێ فەلسەفی پێپەسەندکراوتبێ نەك وەك ئەو وێنانەی لایسەرەوە کە لەمەوبەرباسکران کە هەرهەموو لەو پاڕادۆکسە(ناکۆکە) بەرچاودەخەن کە ڕوناکبیری فەلسەفی ئێمە پێیدەتلێتەوە.

## ڕۆژنامەوانی لەبڕی فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان

### ڕۆژنامەگەریی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتۆتەوە

یەکێ لە کێشەکانی خودی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەوەیە ئەم کێشەیەی من لەم پەڕەگرافەدا باسیلێوەدەکەم واتە ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری جێگای هەموو دیسپلینێکی گرتۆتەوە و هەروەها ڕۆژنامەگەری بووە بە نووسین و ئیدی نووسین لەدەرەوەی ڕۆژنامەگەری بوونی نییە نەکردووە بەبابەت بۆباسکردن. من پێیمwایە ڕۆژنامەگەری تا ئەو شوێنە دەکرێ ببێ بە بابەتی باس کە پێوەندی بە تەکنیك و هونەری نووسین و بلاوکردنەوە و, ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە نەك ئەوەی ڕۆژنامەگەریی ببێ بە دەزگاێ بۆ بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری.کاتێ ڕۆژنامەگەری دەبێ بە ئەلتەرنەتیڤ بۆ ڕوناکبیری ئەمە هەر هەلە نییە بەلکو تێکدانی ڕۆژنامەگەرییشی بەدەمەوەیە. چونکە ڕۆژنامەگەری دەبێ کۆشش بێ بۆ پەرەدان بە تەکنیکی نووسین و دێیاتهێنانەپێشەوە لەسەر ماف و ویستی تاك لە کۆمەل نەك ئەوەی ڕۆژنامەگەری ببێ بە خودی نووسین. واتە و بەکورتی ڕۆژنامەگەری کە بەخۆی دیسپلینێ تایبەت بەخۆیەتی شوێنی زۆربەی دیسپلینەکانی تری بواری زانستەمرۆییەکانی گرتۆتەوە, لەوانە: کۆمەلناسی, زمانەوانی, ئابووری, دەروونناسی, فەلسەفە, ئێتنۆگرافی, ئەنترۆپۆلۆژی و تادەگاتە تیۆری سیاسی و هونەر و.. هتدیش.
بۆ پتر دوان لەسەر ئەو چەند دێڕەی سەرەوە دەخوازم بلێم, نووسینی کوردی لەم یەك دەیەی دوایی بووە بە پارچەێ لە نووسینی ڕۆژنامەگەرییئامێز. ئەمەشوایکردووە ئەم جۆرە نووسینانە ببن بە پردێ بۆ باس لە نووسین(نووسین وەك تێکست), یان ڕۆژنامەگەریی خۆی وەك نووسین دەرخا و هەولبدات گشت ئەو بۆشاییانە پڕکاتەوە کە لە زانین و زانیاریەکانماندا هەیە. هۆی ئەوەش کە نووسین خۆی لە جەستەی کاری ڕۆژنامەوانیدا ئاخنیوە گەلێ زۆرە دەشێ هەندێ هۆی سەرپێی لەم ڕووەوە بەسەرکەینەوە. یەك لەو هۆیانە ئەوەیە ڕۆژنامەوانی دەمێکە بووە بە شوێنێ بۆ هاتنەگۆی تاکی کورد جا ئەوە هونەرمەند بێ یان سیاسەتکار, ڕەخنەگرێ کۆمەلایەتی بێ یاخود وێژەر. بۆنموونە لەگەل کەوتنە تاراوگەی گشت کەسێکی کورد یەکەم هەنگاوی ئەم کەسە بۆ خۆدۆزینەوە و خۆهۆگرکردنی کۆشش بۆ دەرهێنانی ڕۆژنامەێ دەکا کە لەوێڕا بە نووسینی سیاسی و ئەدەبی ئەو ڕۆژنامەیە پڕدەکرێتەوە. ڕۆژنامەوانی کە پەیوەندیێ زۆری بە ڕۆحی تاراوگاوی کەسی کوردەوە هەیە هەمیشە وەك شوێنێ تەماشادەکرێ کە تیایا بەرەنگاربوونەوەی تیائەنجامدەدەرێ. هەر بۆنموونە تەماشای ئەزموونی شاخ و هەندەرانکەن پڕە لە وێنەی لەم جۆرە. هەروەها هۆی دووەم ئەوەیە دەرکنەکردن بەوەی چەند پۆلێ لە زانین یان بەواتاێتر چەند جۆرێ لە دیسپلین هەن کە هەریەکە بە بوارێکەوە تایبەتن کارێوایکردووە گشت نووسین وەك بەشێ لە کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامدرێ. لە ڕێگای نووسینی ڕۆژنامەوانی ئامێزیشەوە باس لە گرفتی سیاسی ناسیۆنالی, کاری داهێنانی هونەری و جوانکاری, بابەتی بیریاری و فیلۆلۆگی و گشت بەشەکانی تری زانستە کۆمەلایەتی و مرۆیەکان دەکرێ. هەرچی هۆی سێهەمە, کە ڕەنگە لە هەردوو هۆیەکەی تر زۆر ڕەگەزیتربێ, ئەوەیە نووسینی کوردی لە بنەڕەتدا نووسینێ ئەدەبی(وێژەیی) و سیاسیە و ئەم جۆرە نووسینانەش کە بوونە بە هەوێنی نووسینی ڕۆژنامەوانی لەلاێ زۆرترین خوێنەری هەیە و لەلاێدیش زۆرترین نووسەری هەیە. ئەم دۆزەش جۆرە ڕەوتێ ڕۆشنبیری دروستکردووە کە سەختە جیاوازیکردن لەنێوان نووسەر و خوێنەر.
من بۆ زێتر شیکردنەوەی قسەکانی سەرەوەم دەلێم: نووسینی کوردی لەم چەند سالەی دوایی ,بەتایبەت پاش ڕاپەڕین, ئاڕاستەێ ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە. نووسینی کوردی کە پێش ڕاپەڕین پتر ئەدەبی(وێژەیی) و هونەری بوو ئەمێستا بووە بە یەك پارچە لە ڕۆژنامەوانی. پرۆسەی ئازادی پاش ڕاپەڕین کە بووەهۆی بەرهەمهێنانی گەلێ دیارەدی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری بەلام ئەوەشیکرد کە گشت بزاڤی نووسینی کوردی, گەر سەرجەم وتاری ڕوناکبیری نەلێم, بووە بە ڕۆژنامەوانی. مەبەستم ڕۆژنامەوانی تاکە زالترین پێنووسی کوردی ئەم یەك دەیە و نیوەی ئەم دواییەیە. نووسینەکان سالانێکە ئەوەندە بەڕۆحێ ڕۆژنامەوانیانەوە دەنوسرێن زۆر بەزەحمەت دەکرێ نووسینێ ئابووری لە کۆمەلایەتی و ئەویش لە هونەری و ئەمیش لە نووسینی کولتووری و ئەدەبی جیاکرێتەوە.
بۆمن ئەمە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی ڕۆژنامەوانی هەموو نووسینی کوردی تاڕادەێ پێکدێنێ و ئەمەش گەلێ هۆ

لەپشتیەوەیە من لایسەرەوە بەشێوەێ لاوەکی چەند هۆێکم خستەڕوو کە دەمەوێ لێرەوەڕا بێمە سەر ڕوونکردنەوەی هۆیەکان بەجۆرێدی. بەلام پێشئەوەی ئەو هۆیانە ڕیزکەم بەلامەوە گرینگە لەکاتی هۆنینەوەی هۆیەکان پشت بە چەند ئارگومێنتێ(بەلگەێ) ببەستم.
ئارگومێنتی یەکەم ئەوەیە, نووسینی کوردی دوور لە پۆلەکانی زانستەمرۆیی و کۆمەلایەتی و تەنانەت زانستە سروشتیەکانیش تەمەن بەسەردەبەن. گەر زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و هەفتەنامە و تەنانەت مالپەڕەکانیش سەرو بنکەین چەند تێکستێ نابینیتەوە کە سەربە پۆلێ دیاریکراو بن لە نووسین. ئەمەش بەو واتایە دێ کە نووسینەکان لەژێرسایەی پۆلێ دیاریکراو لە زانین نانوسرێن, کە لەڕاستیدا مرۆڤایەتی سەدەهاێکە بووە بەخاوەن چەند پۆلێ لە زانین کە هەر لە زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکانەوە دەگرێتەوە تادەگاتە زانستە سروشتیەکان. نەك هەر ئەوە بەلکو لەناو نووسەرانی ئێمە جیاکردنەوە لەنێوان پۆلەکانیش بەدیناکرێ و ,هیچ وەخت دەرك بە گرنگی ئەو پۆلانەش نەکراوە. زانستەمرۆییەکان کە لە زانستەکۆمەلایەتیەکان و ئەمانیش لە زانستە تەجریبیەکان جیاناکرێنەوە هەلەێ پێشوەختی زۆریان بۆ نووسینەکانمان بەگشت دروستکردووە و ئەوەش بەزیانی مێتۆد و شێوازی ڕاڤەکردنی نووسینەکانمان شکاونەتەوە. بۆیە من لەبەررۆشنایی ئەو ئارکومێنتە پیێلەسەر ئەو گومانەدادەگرم شتێ هەبێ پێیبووترێ نووسینی ئەنترۆپۆلۆگی و شتێ دیش ئەتنۆگرافی و دواتر دەروونناسیێ بوونیاندنراو لەسەر فەلسەفەی ئاگایی و زماناسی و هەروەها فەلەکناسی و تادەگاتە ئەوەی پێیدەلێین فەلسەفە و زانستی زمان و فیلۆلۆگیا و تەنانەت زانستێ ئابووری سەربەخۆ بەبێ تێکەلکردنی تاوێ بە سیاسەت و تاوێ بە کۆمەلناسی. هۆی نەبوونی ئەمەش دەکرێ بۆ گەلێ هۆکار بگەڕێندرێتەوە , لەوانە, یەکەم: درەنگ دروستبوونی نێوەندی ئەکادیمی لە ناوچەکانی ئێمە, دووەم:  ترس لە زانین و ئەو جۆرە دامەزراوانەی ئاگایێ تۆگمە و بتەو لەناو خەلکادا دروستدەکەن و سێهەم:  دانەبڕانی زانکۆ وەك دامەزراوێ لە ئاین و سیاسەت و چوارەم:
کارنەکردنی زانینی ئەکادیمی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری دەسەلاتاوی و بەتایبەت ئەوەی پێیدەلێن بیری ئاینی کە هەمیشە ببڕبڕەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بووە. ئەمانەش بەدلنیایەوە بە ئامار و توێژینەوە تۆگمەتر و بەلگەدارتردەکرێن. لەبەرئەوەش کە من لێرەدا زانیاریێ ئەوتۆم لەبەردەستدا نیە و نازانم یەکەم گروپی کوردی کە لە زانکۆ خوێندویانە کەی بووە و کیێبوونە ؟ و کامە ڕیشەیان لا پەسەندکراوبووە؟ هەروەها یەکەم دکتۆرانت و پرۆفیسۆری کورد کێی بووە؟ و کەی ئەم کەسە بەم پلەیە گەیشتووە و لە چ بوار و پۆلێ لە پۆلەکانی زانین ئەم پلەیەی بەدەستهێناوە؟ تەنانەت خراپنیە ئەوەش بزانین ئایا ئەو کەسە ئافرەت بووە یان پیاو؟ تەنانەت لەبارەی ئەوەشەوە زۆر بێئاگا و بێزانیاریم کە کێ یەکەمکەس بووە لە هەندەران خوێندی تەواوکردووە و لە چ بوارێك و کەی؟ مەبەستی من لە بیرخستنەوەی ئەم شتانە ئەوەیە کە بەو ڕوونکردنەوەیە بگەم بۆ نووسین لایئێمە دوور لە پۆلەکانی زانین ژیانبەسەردەبا و دواتر بۆ خودی نووسینیش لەم یەك دوو دەیەی دوای کە زۆر گەشەی کردووە و وەك چاخی زێڕینی نووسینی کوردیش لەقەلەمدرێ بووە بە یەك پارچە لە نووسینی ڕۆژنامەوانیئامێز. هەروەك لەسەرەوەش ووتم هۆ زۆرن کە دەکارن ئەو ئارگومێنتە روونکەنەوە کە لایسەرەوە باسکرا بەلام بەشێ لەو هۆیانەی کە پێشتر ئاماژم پێنەکردوون والایخوارەوە دێیمەوە سەری.
دۆزی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردی بەجۆرێ پێکهاتووە کە تەنیا نووسینی ڕۆژنامەوانی توانیویەتی پێیبوێرێ. واتە تراژیدیەکان, نەگبەتیەکان, هەرەسەکان و تادەگاتە کێشە بوناویەکانیش کارێوایانکردوە ڕۆژنامەوانی ببێ بە نوێنەری نووسینی کوردی و تاکە بوارێکیش بۆ ڕونکردنەوەی هەبوونی خود و کۆمەلگەی کوردی. هیچ دوورناڕۆین یەك لەو شتانەی پێوەندی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیەوە هەیە لەماوەی ئەو سەدسالەی تەمەنیدا ئەوەیە کە کەوادیرێ زۆری سیاسی و ڕۆژنامەوانی لە ژیانی ڕۆشنبیری کوردی بەرهەمهێناوە. ئەمانەش کە پاشئەوەی کەوتنە هەندەران تاکە بوارێ کە دەسەلاتیان بەسەریەوە شکاوەتەوە هەمیشە بلاوکردنەوەی نووسینی سیاسی یان ئەدەبی بووە. تەنانەت ئەوانەش کە کاری ئەکادیمیان کردووە تێزە زانکۆیەکانیان بەزۆری هەر لە بواری سیاسی و ئەدەبی بوونە. بۆیشە ئەوانەی تێزە ئەکادیمیەکانیان لەم دوو بوارەدا بووە تاوێ ڕۆژنامەوان و نۆڤێلیست و شاعیرن و تاوێدیش ڕەخنەگرێ ئەدەبی و سیاسی و بەڕێوەبەری سەنتەر و هتدن. ئەمانە هەموو شتێکن لەیەك کاتدا چونکە لە بنەڕەتدا ئەو لێشاویە هەمیشە لەخۆیانا دەبیننەوە کە ئەمانە بن. پاشان پێشینەی فکری و ئەزموونی ڕۆشنبیریان ئەوەندە تێکەل و پەرتە هەمیشە ڕێگا لەبەردەمیانادەکاتەوە بۆ بوونیان بەوانە.
مەبەستم لەوی لایسەرەوە ووتم ئەوەبوو کە, ڕۆژنامەوانی ئێمە یان نووسینی ئێمە کە بەشێ زۆری پێوەندی بە ژیانی پارتیزانی کوردەوە هەیە ئەم جۆرە ژیانە مانای بۆ ئەوە هەبووە کە نووسین ببێ بە ڕۆژنامەوانی. واتە ئەو جۆرە ژیانە کارێوایکردووە شێوازی نووسینی کوردی ڕەوتێ ڕۆژنامەوانی وەرگرێ و لەوێشڕا ئەدەب کۆلەکەی ئەو شێوازە بێ لە نووسین. ئەم نەرێتە کە تائێستاش لەنێو ئێمەدا زال و باوە لەحالەتێ ئاوەلناوئامێزیدا دەژی. ئەدەب کە تەکنەلۆژیاکەی ئێمەیە هەمیشە ئاوەلناوەئامێزە. هۆی ئەوەش بە زۆری بۆ دۆزی ژیانی سیاسی و کولتووریمان دەگەڕێتەوە. کولتووری کشتوکالی(گوندی) و بیری ئاینی ئێمە نەیتوانیوە پتر لەو ئەدەبە دروستکا. لێرەدا مەبەستم لەم ئەدەبە ئەو ئەدەبەیە کە پڕە لە ئاوەلناو و وەسف و پیاهەلدان. ئەدەبێکیش کە بەهۆی

ڕۆژنامەگەریەوە هەناسەبدا ناتوانێ نائاوەڵناوییێ. من لێرەدا نە بەدووی ئەدەبێ بێ ئاوەڵناو دەگەڕێم و نەش ژیانی پارتیزانی سەد سالی ڕابردووی کورد پووچەڵدەکەم بەڵکو ئەوەی بۆ من مەبەستە بەرباسخرێ ئەوەیە کە لەبەرئەوەی کورد لە حالەتی داکۆی لە خودی خۆیبووە ئەمە وایکردووە بکەوێتە ناو جیهانێ لە نووسین کە زمانێ ڕۆژنامەوانی ئاوەڵناوئامێز زالبووە بەسەری. بەلام ئەم حالەتە ڕابوونێ فەلسەفی ئەوتۆی دروستنەکردووە کە ببێ بە بناغەێ بۆ تێڕامان لە بوونی بوونەوەری کورد بەجۆرێتر. وەلی بوونی بوونەوەری کورد پتر لەو فەلسەفە سیاسیەی داواکردووە کە لەنێو ئێمەدا سالەها سەرداربووە. ڕاستە ئەو فەلسەفەیە گەردووناوی بووە جا ئەوە کۆمۆنیزم بێ یان ناسیۆنالیزم بەهەدوو بەشکەیەوە , ئاینی و نائاینی بەلام گەردووناوی ئەو فەلسەفە سیاسییە هیچوەخت نەیتوانیوە تێڕامانێ فەلسەفی لەسەر کەسی کورد بەرهەمبهێنێ. هۆیەکەی تەنیا ئەوە نییە کە ئەو فەلسەفانە دەرەکی بوونە بەلکو هۆیەکە ئەوەیە کە خودی فەلسەفە وەك بوارێ بۆ هەلوێستەکردن و بیرکردنەوە لەنێو ئێمەدا شتێ باو و گشتی نەبووە. بۆیە تائێستاش بەشێ زۆر لە زەلیلی سیاسیمان بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەندێشەی سیاسیمان بەس سیاسی بووە و بە ئەندێشەێ سیاسی فەلسەفیانەوە وابەستە نەبووە.مەبەستم تەنیا سیاسیانە بیرمانکردۆتەوە نەك فەلسەفیسیاسیانە.تەنیا سیاسیانەش بیرکردنەوە ئەوەی بەدەمەوە بووە کە ڕۆژنامەوانی ببێ بە زمانحالی ئاگایی سیاسیمان. ئەوە نیە ئێستاش ڕۆژنامەگەری تاکە پەرستگای نێوەندی سیاسیمانە. ئەوە نییە شەڕی مێدیا یەکەم ئامرازی داکۆکیکردنەکانمانە. ئەوە نییە مێدیای سیاسیمان چەند بێ فەلسەفە گوزردەکا و چەندیش دۆستی یەکەمی ئەدەبە. ئەدەبێ بێ فەلسەفە و بێ زانستی زمان. ئەوەنییە ئێستاش مێدیای سیاسی کە زۆرترین دەسەلاتی لەبەردەستدایە ,کە لەناوەڕۆکدا ئەم دەسەلاتە زۆرترین پارەی لەبەردەستدایە, جگەلە ڤستیڤال و دروستکردنی بنکەی چاپ و هەندێ دەزگای ڕۆژنانەوانی کە دەسەلات ناویناون سەنتەری توێژینەوە شتێ ئەوتۆی دروستنەکردووە. ئەم دەسەلاتە کە پێشتر نە بەم ناوەڕۆك و نەش بەم ڕوالەتەی ئێستا بووە هەر خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامە و کەوادری ڕۆژنامەوانی بووە. ئەمە تەنیا کێشە نییە بەلکو سکاندالیشە (ئابرووچوون). ئەی ئەوە سکاندال نییە ڤستیفال و ئاهەنگ و کۆنفرانسە زانستیەکان لەیەك جیاناکرێنەوە. یان ئەوە سکاندال نییە ئەوی دوێنێ هونەرمەند یان وێژەر یاخود تەنانەت سیاسەتکاریش بووە ئەمڕۆ سەرقالی کاری ڕۆژانەمەوانیە. گەر ئەم کەسە ڕۆژنامەێکیش سەرپەرشتینەکا خۆ بەلایەنی کەمەوە کەسێ چالاکە لە هەلسوڕاندنی کۆڕوکۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانی. دەسەلاتی نوێی کوردیش کە تەمەنی زۆر کۆن نییە بۆئەوەی خۆی لە پرۆسەی بەکوردبووندا بەرجەستەکا یان بەواتێ تر بۆئەوەی لەو پێشبڕکێ سیاسیەدا بەشداربێ کە خۆی لە یارێ بەراوردکاری هەرزاندا دەبینێتەوە زۆرترین بایەخ بە ڕۆژنامەوانی دەدا. کێشکە هەر ئەمە نییە بەلکو کامە کۆلکە سیاسی و ئایدیۆلۆژیشە تادەگات کادێرە کۆن و نوێکانیش هەر دیسانەوە لە دەستوپەنجە نەرمکردندان لەتەك کاری نووسین بەلام نووسین بەمانا ڕۆژنامەوانیەکەی نەك نووسین وەك جۆرێ لە تیۆری زانین کە ئەوەش بەدلنیایەوە بریتیە لەوەی پێیدەلێن توێژینەوە.

من هێشتا بەتەواوەتی نەهاتوومەتە سەر بەشێ زۆر لەو هۆیانەی کە دەمەوێ سەبارەت بە هۆی بوونی نووسین بە نووسینی ڕۆژنامەوانیئامێز یان بوونی هەموو نووسینمان بە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا بخەمەڕوو. ئەمە لەلاێ و لەلاێتریش ئەو هۆیانەشم باش ڕاڤەنەکرد ئەو ئارگومێنتەی لای سەرەوە ڕووندەکەنەوە. لێرەوە و پەیتا پەیتا لەلاێ کار بۆ ڕاڤەکردنی ئارگومێنتەکە دەکەم و لەلاێتریش بەدواچوونێ ئەنجامدەدەم کە تیایدا هەندێ هۆکاری دی ڕوودەخەم کە ناهێلن فەلسەفە لەناو ئێمە گەشە بکا و بگرە جگەلەو فێلەی لە فەلسەفەدەکرێ و یان کراوە فەلسەفە بە ڕۆژنامەوانیش بەلەجیاتیدەکرێ. ئەمەش وایکردوە لەبڕی فەیلەسوف ڕۆژئامەوانمان هەبێ و لەبڕی گشت پسپۆرێ تریش هەر ڕۆژنامەوانیمان بەسەردا بسەپێنرێ. ئەم لایەنەش تائەندازەێ زۆر دەکەم بە سەرەتاێ بۆ هێنانە پێشەوەی قسەکردن لەوبارەیەوە.

من لەسەرەوە پێم لەسەر ئەوەداگرت کە نووسینەکانمان ئوسولێ دیاریکراویان نییە و هۆی ئەمەشم بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەوبارەیەوە ئارگومێنتێ کومانلێنەکراوم لەبەردەستدایە کە نووسینەکان کە لێرە و لەوێ بەردەستدەکەون سەر بەخانەێ لە خانەکانی زانستە مرۆیی و یان کۆمەلایەتیەکان نیین. ڕاستە ڕوناکبیر و نووسەرانی کورد بەشدارییان لە دروستکردنی ئەو خانانەدا نییە بەلام ڕەنگدانەوەشیان لەناو نووسینەکانمان دیسانەوە هێندەی بەشدارینەکردنەکانمانە لە دروستنەکردنەکانیان. ڕاستە ئێمە لەم حالەتەدا تاك و تەنیا نیین بەلام ئەوەی پێوەندی بەو لایەنەوە هەیە کە نووسینی ئێمە بووە بە بەشێ لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ڕەنگە لەمەیانا تاك و تەنیا بین. ئەمە هێرش نییە بۆ سەر مێژووی نووسینی کوردی بەلام خۆ ناشکرێ لێرەدا کۆمارێ لە درۆ بۆ خوێنەری ئەم باسە چێکەم. ڕاستە نووسینی کوردی لەم دەسالەی دوای زۆر گەشەیکردوە بەلام ئەو گەشەیە تەنیا بریتیە لەزۆری ژمارەی لاپەڕەنووسراوەکان و کەلەکەبوونی شاخێ لە نووسینی دووبارە و هاوشێوە و هاوناوەڕۆك. لەوەشبگەڕێتەوە نووسینەکان دەکرێ بکرێن بە دوو پۆلەوە بەشێکیان نووسینی ئەدەبین کە نووسینی شیعریش گەورەترینی بەختی لەناو ئەم بەشە دا هەیە و پۆلی دووەمیش بریتیە لە نووسینی سۆسیۆ – کولتووری و

سیاسی-کۆمەلایەتی بەلام بەڕەوانبێژیێ ڕۆژنامەرگەرییەوە. هەردوو پۆلەکەش تادەگەنە دەستی بەکاربر(خوێنەر) بەتوونێلێکدا تێدەپەڕن کە ئەوەش تونێلی ڕۆژنامەوانییە.

من دیسانەوە واهەستدەکەم ئەوی لایسەرەوە درکاندم هۆیە و دەبێ و مەرجە بەدووی هۆکاردا بگەڕێم. بەپێ تێگەیشتنی خۆشم یەك لەو هۆیانەی دەمەوێ بەرباسیخەم, ئەلبەتە بە بەلگەوە, ئەوەیە کە لەناو ئێمە دوو پۆلی ئەکادیمی سالەهایە زۆرترین وەبەرهێنانی تیا ئەنجامدەدرێ کە ئەوەش یەکەم مێژووە و دووەمیش زمان و ئەدەبی کوردیە ئەلبەتە لەم دوایە پۆلێ دیش فووتبوەتەوە کە کۆمەلناسیە بەلام کۆمەلناسی وەك بەشێ لە ئەدەبی سیاسی و مێژووی سیاسی. سەرەتا ئەو دوو پۆلە(مێژوو , زمان و ئەدەب) و دواتریش هەر سێ پۆلەکە بەسەریەکەوە (مێژووو زمان و ئەدەب, کۆمەلناسی) باس لەیەك شت دەکەن ئەوەش ژیانی کوردەوارییە هەر لە تێکست و هەقایەت و سەرگوزشتە ئیتنیەکانیەوە تادەگاتە ڕابەر و تراژیدیا و گشت ئەو دیرۆکەش کە ناسیۆنالیزمی ئەو ئیتنەی دروستکردووە. بۆیە لائیێمە ئەکادیمیکەرێ هەروەك سیاسیێ و ئەویش هەر وەك داستانبێژ و شاعیرێ و ئەمانیش هەروەك ڕوناکبیرێ غەیرە سیاسی بیردەکەنەوە. گالتە نییە کاتێ یادی سالرۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکرێ سیاسی و ئەکادیمیکەر و شاعیر و پارێزەر و ڕۆژنامەوان هەرهەموو وەك یەك دەپەیڤن و بەهەمان ڕەوانبێژی و سێستەمی زمانەوانیەوە تێکستەکانیان بەگوێی گوێگرانیانا دەدەن. لەوە سەیرتر ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا دیوارێ ئەوتۆ لەنێوان گوێگر و خوێنەر یان ئەوی شتێ پێشکەشدەکا و ئەوی لێیوەردەگرێ نەماوە ئەمەش لەبەرئەوەی شار هەرهەمووی نووسەرە. ئەلبەتە هۆی ئەوەش کە گشت شار بووە بە نووسەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیریێ ڕۆژنامەوانیئاسا گشت شاری گەمارۆداوە. ئەم خالە کە دەرئەنجامە(واتە ئەوەی شار لێوانلێوە لە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا) هۆیەکەی بۆ چەند شتێ دەگەڕێتەوە کە لایسەرەوە ئاماژەم بەبەشێکیکرد و لێرەش بەشێتری دەخەمەڕوو. زۆر بەکورتی ئەو هۆیەی بە پێویستی دەزانم وەك سەلمێنە لەمڕوەوە بیخەمەڕوو ئەوەیە کە بەئاسانزانینی نووسین و بە ئاسانزانینی کاری ڕۆژنامەوانی ڕەنگە لەپشت ئەوەوەبووبێ شار هەمووی بنووسێ و یان شار هەمووی لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە, هەفتەنامە و گۆڤار و پاشان مالپەڕ بەشداربێ. ئەمەو جگەلە بلاوبوونەوەی مۆدی سەرپەشتیکردنی بنکەی کولتووری و پەخشکردن و توێژینەوە کە ئەم شوێنانە کاری فکری و فەلسەفیان بە نووسینی کولتووری تێکەلکردوە. ئەم شوێنانە کە جیاوازی لەنێوان شتی فکری و کولتووریدا ناکەن باشترین بنکەن بۆ دروستکردنی ڕوناکبیریێ ئاوەلناوئامێزی ئەدەبی.

ڕاستە من لە شوێنێتر باسم لەوەکردوە شار پڕ بووە لە مەلبەند و نێوەندی چالاکی ڕوناکبیری سەیر سەیر یان یانەی کولتووری جۆراوجۆری بێسەروبەر کە ئەو زۆریە نە کێشە فکری و تیۆریەکانی نووسین و ڕۆشنفکریمانی چارەسەرکردووە و نەش ڕێگایان لە هەلەسیاسی و کۆنخوازییە فکریەکان گرتووە بەلام لێرەدا دەمەوێ گرنگی بەو لایەنە بدەم کە چۆن ئەم دیاردەیە ڕۆشنبیریێ ئاوەلناوئامێزی ئەدەبی دروستکردوە. ئەمەش دروستبووە کاتێ کە ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتۆتەوە و پاشان نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا خۆی وەك گشت نووسین دەردەخا. هەر لەوێڕا ئەوەشمووت, ئەو نێوەندە ڕوناکبیری و مەلبەندە کولتووریانەی لە شاردا لەگشت شوێنێ هەن پسپۆڕێ ئەکادیمیان تیابەدیناکرێ و یان ئەو شوێنانە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان ناگەڕێنەوە لای پسپۆڕان و, یان ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارەکانیش ,چ حیزبی و چش ئەهلی, کە بەشێکیان ئەو سەنتەر و نێوەندانە دەریدەکەن, پێش بلاوکردنەوەی نووسینێ پشت بە پسپۆڕ و شارەزایان لەو بوارە نابەستن کە ئەو نووسینە پێوەیتایبەتە. ڕاستە ئەمە بووە بە نەڕێت بەلام هۆی ئەوە چییە کە ئەمە بووە بە نەڕێت؟

من لێرەدا دێمەوە سەر بەلگە(ئارگومێنتێ) تر و وەك هۆکارێکیش تەمشایدەکەم بۆ بوونی نووسینی کوردی بە بەشێ لە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا. بەلگەکەشم بە نەڕێتبوونی ئەو دیاردەیەیە. پێش ئەوەی بێمە سەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆ ئەوە بووە بە نەرێت کە لەناو ئێمە پشت بە ئەکادیمیکەر نەبەسترێ دەمەوێ یەك دوو سەرنج لەبارەی ئەم ڕەفتارەوە بنووسم کە بەبێ جیاوازی گشت ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارە حیزبی وغەیرە حیزبی(ئەهلی) یەکانیشی پێکەوە بەیەکسانی گرتۆتەوە. زۆربەی ئەو سەنتەرە کولتووریانە, بە ئەهلی وغەیرە ئەهلیەکانیانەوە, بەو کەسانە پڕکراون کە سالاهایە کاری ڕۆشنبیری دەکەن کە ئەمەش وادەکا ڕۆشنبیری ببێ بە کارێ دووبارە بەلام لایەنێ تر کە تایبەتە بەم ڕەفتارەوە ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی لە نێوەند و مەلبەندە ڕۆشنبیریەکان کاردەکەن بژێوی ژیان وایانلێدەکا لەسەر نووسین و پەرەدان  بەکاری کولتووری بەردەوامبن ئەمان کە پارەێ ئەوتۆ وەرناگرن ئەمە دواتر کارناکاتە سەر ئەوەی کە ئەمانە چەند لەکارەکانیانا شارەزان یان بەرهەمێنەرن. بۆیشە نەوەیەك هەیە هەروەك ئەو نەوەیەی هەمیشە سیاسەتدەکا ئەمیش تەنیا کاری ڕۆشنبیریکردنە بەلام کامە ڕۆشنبیری؟ ئەلبەتە لەوێڕا ڕۆشنبیری دەبێ بە شمەکێ تاوێ بە شتی کولتووری و تاوێ بە شتی ئەدەبی هەروەها تاوێ بەشتی سیاسی و تاوێکیش بە شتی کۆمەلایەتی سەرپێی بەها بۆخۆی پەیدادەکا. بێبەهای ئەم ڕۆشنبیریە تەنیا لە هاوشێوەی و لێکچویەتیەکەیدا نیە بەلکو بەپلەێ سەرەکی لەو ناکاریگەرییەشدایە کە لەناخیدا پەنهانە. ڕۆشنبیریەك کە ئامرازی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکانی ببێ بە سێستەمێ لە داستانبێژی و وتارێ لە

ستایش ناکارێ تایبەت و دەگمەن بەرهەمبهێنێ. دەگمەن و تایبەت بەرهەمهێنان لە ڕۆشنبیریدا پێوەندیێ زۆری بە ئاگایێ چەقبەستوە لە بوارێ دیاریکراو و بە ئەزموونێ یاخیانەی بەدەر لە کاوێژکردنەوەی خۆ و ئەویدیش.

بەلام ئەوەی بۆ لەناو ئێمە نەبووە بە نەرێت پشت بە پسپۆڕ و کەسی شارەزا(ئەکادیمیکەر) ببەستریێ چەند لایەنێکی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن: سەرەتا دەمەوێ بلێم تەنیا ئەو مەلبەند و وەزارەت و بارەگا ڕۆشنبیریانە بەرپرسیارنین بەڕامبەر بەو ڕەفتارەی پشت بە کەسی پسپۆڕ و شارەزا لەکاری کولتووری, ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری نەبەستریێ بەلکو بەشێ لەو پشتلێکردنە بۆ ناچڕی و ناتۆگمەی هۆشمەندی ئەو دەستەبژێرە ئەکادیمیکەر و پسپۆڕانەش دەگەڕێتەوە کە دۆزێ ئەوتۆیان هێناوەتە پێشەوە کە ئەو شوێنانە پتر بە کارمەندی بە ئەزموون لە بواری نووسین و ڕۆشنبیری پڕکرێنەوە وەك لە پشتبەستن بە لێکۆلەر و توێژەروەی ئەکادیمی. بەوتایێدی, ئەو دەمەی مامۆستاێ زانکۆی بێئاگا دەبێ لەو باس و خواسەی لە شار لەبارەی هەندێ ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی دەکرێن ناچار ئەو شوێنانە تێکستی ئەو کەسانە لە بلاوکردنەوە و کۆڕوکۆبوونەوەکانیاندا دەکەن بە سەرچاوە کە لێرەو لەوێ کۆیانکردۆتەوە سەبارەت بەو شتانە. واتە سەنتەری لێکۆلینەوە و هەفتەنامە و شوێنەکانی تری چالاکیە ڕۆشنبیریەکان دەرگایان لەسەرپشت دەبێ بۆ نووسین و پەیڤ و ئاخاوتنی ئەوانەی کتێبێکیان لە هاوڕێێکیانەوە دەستکەوتووە کە لە سەردانێکی بۆ ئێران یان بۆ سوریا کڕیویەتی یان ئەوانەی لە پەراوێزی نووسینی ڕوناکبیری گشت کەس و گشت ڕێباز و ئاڕاستەێ فکری دەنووسن. ئەوانەی ڕۆژێ قسەلەسەر ئیسلامی سیاسی و عیلمانیەت دەکەن و ڕۆژێتریش قسەلەسەر بەدرخانیەکان دەکەن, یان ئەمڕۆ باس لە ڕۆشنگەری دەکەن کە پڕۆژەێ هەلەئامێزبووە و سبەیش باس لە شیعر و ناسیۆنالیزم دەکەن. ئەم جۆرە ڕوناکبیریە تێکەل و دەمدەمیەی لە شاردا لە خۆڕسکانە تەنیا ئەو زەلیلیە ئەکادیمیە بەرپرسیارە لێی کە سالاهایە چیرۆك و شیعر و هەرەسەکانی کورد لێکدەداتەوە. ئەو نووسینانەش لەو ڕووەوە بەرهەمهاتوون تابلێی هاوشێوە و هاوناوەڕۆکن. تۆ تەماشا ئەو دەستەبژێرە خوێنەوارە کوردەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێتەوە یان تێزی ئەکادیمیەکەی لەسەر شیعر و چیرۆك نووسیوە یانیش لەسەر ڕۆژنامەگەری بەلام بەتێهەلکێشانی بە باسی وەك سیاسەت و مێژوویێ بەناسیۆنالیکراو. ئەمەش بارێوادێنێتە پێشەوە پشتبەستن بە کادێری نووسین و ڕاگەیاندن ببێ بە نەرێت. کاتێ کە ئەوەش دەبێ بە نەرێت لەلاێ ڕوناکبیریێ تێکەل و پەرت لەناو خەلك (گوێگران, خوێنەران) بلاودەبێتەوە و لەلاێدیش ناونیشانی ئەکادیمیکەر ووندەبێ. بۆ ووندەبێ؟ ووندەبێ چونکە ئەکادیمیکەر وەك دەستەبژێر نە پێوەندی بە بەرهەمهێنانی ڕوناکبیریەوە دەبێ و نەش ناوی ئەکادیمیکەر لە پێکەوەلکاندا دەبێ بە ناوی ڕوناکبیرەوە. من کە دواتر ئەوە ڕوندەکەمەوە مەبەستم لە ئەکادیمیکەر کێیە و چیە دەمەوێ لێرەدا ئەوەش نخەمە سەر خەرمانەی قسەکانی پێشووم کە دەزانم ناماقوولیە تۆ بە هەلگری چەند بەکالۆریۆسێ تەنانەت دکتۆرانتێکیش لە بەشێ لە بەشەکانی زانستەمرۆیەکان سەنتەرێ کولتووری یان دەزگاێکی توێژینەوە و وەرگێڕان بەڕێوەبەری بەلام دۆزی ڕۆشنبیری لەئەمڕۆدا لائێمە هێندە زامدارە ئەستەمە ڕوناکبیری لەگەل ئەکادیمیادا یەکبگرێتەوە.

گرینگە بۆ خوێنەری ئەم باسەی ڕوونکەمەوە مەبەستم لە ئەکادیمیکەر چییە و کێییە؟ من کە ناوی ئەکادیمیکەر دەهێنم مەبەستم لەیەك کاتدا کەسی ڕوناکبیر و ئەو کەسەشە کە بەهۆی قوولبوونەوەی لە بوارێ زانستیدا پسپۆڕی بەدەستهێناوە. ئەم کەسە کە دەکارێ هۆشمەندیێ(ئینتلێکتێ) تایبەت و دەگمەن سەبارەت بە کێشە و یان ڕووداوێ بەرهەمبهێنێ لێشاوترین کەسە کە وتن و تێگەیشتنەکانی بە سەرچاوە وەرگیرێ یان هیچنەبێ گفتووگۆ لەبارەی سێرکردن و ڕافەکردنەکانیەوە بکرێ. من دەلێم گفتووگۆ نەك ستایش و پەسەندکردنێ ڕەها و بێکۆتای ئەوی کەسێ توێژەرە و لێکۆلەرەوە دەیلێ. چونکە زۆر ئاساییە ئەو گفتووگۆیە ئاڕاستەێ ئەوتۆش وەرگرێ کە ئەوی لەلایەن ئەو کەسە ئەکادیمیکەرە روناکبیرەی ناوهێنا دەووترێ ڕەتکرێتەوە و تەنانەت پووچەلیشکرێ بەلام بە بەلکە و سەلمێنەی جیاواز لەوی ئەو کەسە ئەکادیمیکەرە ڕوناکبیرە پشتی پێدەبەستێ. بەواتایێر کەسی ڕوناکبیری ئەکادیمیکەر ڕێگا لە شیکردنەوە و دێیاتی پشت بەستوو بە بەلگە و سەلمێنەدەکاتەوە کە ڕەتکردنەوەکانیش دەبێ لە هەمان ئاستدا بن. گەر خوێنەر بیەوێ ناوی چەند کەسێ لەو جۆرەی بۆبهێنمەوە ئەوا لەبڕی ئەوە ڕوونکردنەوەێ دەخەمە ڕوو کە تیایا ئەوە بەلگەدار دەکەم چەند مەرج و گرینگە ڕوناکبیر ئەکادیمیکەربێ و ئەمیش واتە ئەکادیمیکەر ڕوناکبیر بێ.

گەر تەماشای بۆنموونە دیاردەی بیریاریی لە ڕۆژئاوا بکەین, بەلانی کەمەوە لەماوەی ئەم دوو سەدسالەی دوایی, دەبینین زۆربەی ئەوانەی بیریاریان کردووە بەجۆرێ لە جۆرەکان نێوەندی ئەکادیمیان بۆ ئەو مەبەستە بەکاربردووە. ئەمە کە دیاردەێ ئەلمانیە بەلانی کەمەوە لە کانت و هیگل و دواتر هۆسرەلەوە دەستپێدەکا تادەگاتە بیریارانی فەڕەنسی لەوانە لیڤی-شتراوس, بارت, فوکۆ, دێریدا,فیلیپ لاکۆلابات , ژان- لۆك نانسی , سیزۆ و کریستیڤا و هتد. هەریەك لەمانە کە بەهۆی توێژینەوەکانیان بەرپرسی بەشێ لەو بەشانە بوونە کە بیریاری تیابەرهەمهاتوە ئاماژەیە لەسەر پێکەوەلکانی ڕۆشنفکری بە ئەکادیمیاوە. بۆنموونە پێش ئەوەی هەندێ ئاڕاستەی وەك هەلوەشانەوەگەری فەڕەنسی(دێریدا, لاکۆلایات, نانسی) یان هەلوەشاتەوەگەری ئەمەریکی(پۆل دۆمان, میلەر, باربرۆ جۆنسۆن) , پۆست کۆلۆنیالی ئەمەریکی(سپیڤاك, بەهۆبها) , نیوپڕاگماتیزمی ئەمەریکی(ڕۆرتی و ئەوانیتر),

پۆست مارکسیزمی ئەمەریکی(جێمسۆن , ئینگلتۆن) , فێمینیزمی فەڕەنسی(سیزۆ, کریستیڤا, ئیریگارای) یان بوونیادخوازی شتراوس و سیمیۆلۆژیای بارت و فینۆمینۆلۆژیای سێ هایە ئەلمانیەکە (هێگل, هۆسرەل, هایدگەر) و فینۆمینۆلۆژیای فەڕەنسی (کۆژێف, هیبۆلێت, میرلۆ- پۆنتی, سارتەر) و شیکردنەوەی دەروونی لاکان و زمانەوانی بنەماخوازی دۆسۆسێر ببن بە مۆدەی فکری پێشتر کارێ زۆریان لەسەرکراوە و یان بەری توێژینەوەی ئەکادیمی بوونە و پاشانیش بوونە بە وانە لە هۆلی کۆلجەکانا و ئەمەش مێدیا و نێوەندە کولتووریەکانی بەجۆرێ ئەوتۆ مەجبورکردوە کە هەموو وردەکاریەکانی ئەم ئاڕاستانە هەلگرنەوە و لەبەریانیشاکاریکەن. هەچ پێداچوونەوە یەکیش بە مێژووی بیری هاوچەرخی ڕۆژئاوا لەم دوو سەدەیەی دوایدا ئەنجامدرێ ئەوە بەباشی ڕووندەکاتەوە ئەوانەی وەك بیریار و فەیلەسوف و ڕوناکبیری گەورە تەماشاکراون پێش هەموو شتێ کەسانێ ئەکادیمی و پسپۆڕبوونە لە بوار و تێزێ تایبەتدا. ئالەم حالەتەدا دەشێ باس لە جۆرێ تر لە ڕۆژنامەگەری بکرێ کە نێوەندی ڕۆشنبیری دەسەلاتی بەسەرەوەیە. مەبەستم لێرەدا لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە ئەو ڕۆژنامەگەریەیە کە ناتوانێ نە لە نێوەندی ئەکادیمی دوورکەوێتەوە و نەش لە دەزگاکانی مێدیا.

لائیێمەش کە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا جێی گشت دیسپلینێکی گرتۆتەوە یان هەر نووسین بووە بە ڕۆژنامەوانیێ ڕووت (ئەبستراکت) ئەوە نە نەخۆشی نووسینی کوردی چارەسەردەکا و نەش ڕۆشنبیری دەتوانێ تەنیا بە ڕۆژنامەوانی بژی. چونکە ئەمە لایەنێ دەخاتەوە کە ئەوەش دەرککردنە بە بێ نووسینی لەناو ئەو هەموو زۆریەی نووسین. هەروەها ئەوە دیاردەی بێ نووسینییە کە نووسینەکان ئەوەندە لەیەکدەچن و ئەوەندەش بێ سەرچاوە و بێ مێتۆدن. گەر نووسین بریتیبێ لە هەلوێستەی کورتکورت و پەرت و بێ ناواخن و ئەمانەش ببن بە سەرچاوە و پالپشت بۆ خودی کردەی ڕۆشنگەریی بێمانایە باس لە بوونی پرۆژەێ ڕۆشنبیریکرێ. چۆن دەکرێ باس لە بونی فەلسەفە لەناو ئێمە بکرێ کاتێ ئەو ئاگاییە لەبارەی نووسینەوە لەناو ئێمەدا بەگشتینەبووە کە نووسین ناوی دووەمی توێژینەوەیە و فەلسەفەش کە بەخۆی بریتیە لە ئەنجامدانی توێژینەوە دیسانەوە بەلگەێ ترە لەسەر نەك هەر نەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بەلکو لەسەر ئەوەش کە توێژینەوە لەوپەڕی نەبوونیدا ژیان بەسەردەبا. بۆ ئەوەی سەرنجەکانیشم ڕێژگەر(نسبی) کەم و لە تێگەیشتنی دۆگما و ڕەهای بەدوربگرم دەلێیم: کوا ئەو توێژینەوانەی لەژێر ناوی فەلسەفە ئەنجامدراون؟ من لێرەدا ئەو نووسینانەم مەبەستە بە پشتبەستن بە ئارگومێنت و سەرچاوە و واتا و تیۆری دیاریکراوەوە ئەنجامدراون نەك بەهۆی بەرهەمهێنانی چەند بیروبۆچوونی تێکەلی تاوێ سیاسی- کۆمەلایەتی و تاوێکیش ئەدەبی- کولتووری کە هەر هەمووش خۆی لەسەر جۆرە شێوازێ پڕ لە ئاوەلناو(ئەدجێکتیڤ) بوونیادناوە. ئایا لەکۆتایدا دەشێ بووترێ ئێمە نووسینی فەلسەفیمان هەیە؟ ئایا ئەوە نووسینی فەلسەفیە کە بە قەرزکردنی چەمك و زاراوە لەم فەرهەنگ و لەو ڕێبازی ئەدەبی و یان کولتووریەوە بمانەوێ کۆمارێ لە نووسین بهێنینەدونیا کە بەخۆی کۆمارێکە لە ئاوەلناو و وشەی وێژەیی. بەلگەی ترم ئەوەیە ڕۆژنامەوانی ناشێ ببێ بە سەکۆێ بۆ بەرهەمهێنای دیسپلین کاتێ مێدیا لەبەردەست کەسانێ کاسبکاری فکری و کۆلکە ئەدیب بێ یان بەدەستئەوانەوە بن کە بەڕەچەلەك دەچنەوە سەر بنەمالەیەکی ئەدەبی یان سیاسی کە ئەم حالەتەش زۆرجار وایانلێدەکا خۆیان بە بەرهەمهێنەری ئازادی و بیری نوێ بزانن. ئەو دیاردەیەش کە دۆزێ لە بەراوردکاری دێنێتە پێشەوە مێدیا دەکوژێ. مێدیاش کە لە دۆزێ بەراوردکاریدا دەژی خوێنەر تەنیا بەوەوە سەرقالدەکا کامە بنەمالەی ڕۆشنبیری یان کام گروپی کولتووری و چ ڤستیڤالێ ئەدەبی زۆرتر بەرهەمهێنەرن ئەمەش بەخۆی لەکۆتایدا ئامانج تەنیا بۆ هەلبژاردنی لایەن و گروپ یان هەفتەنامە و گۆڤارێکە و بەس. ئەوەتا لەڕۆژی یادی ڕۆژنامەی کوردستان نەك مێدیاکان دەبن بەدوو بەشەوە بەلکو خودی مالی کوردی و شاری کوردیش دەبن بەدووشەوە. ئەوەی زۆر شوێنی تێڕمانە سەبارەت بەو جۆرە ڕۆژانە و یان هاوشێوەکانی بۆ نموونە یادی کۆماری مەهاباد یاخود بنەمالەی بەدرخانیەکان ئەوەیە کە مێدیا و سەنتەرە کولتووریەکانی شار بەپالپشتی دەسەلاتی سیاسی کوردی هەریەکە لەئاست خۆیەوە چەند هەقایەتخوان و وێژەرێ دێنن و ئەو ڕۆژە دەلاوێننەوە. سال بە سالیش ڕۆژەکان پتر ئاوەلناوئامێز و حەماسیتر دەبن. ئەوندە ستایش بەرهەمدێ ئەوندە ڕەخنەی ڕەفتارە سیاسی و ڕۆشنبیریە تاریك و هەلەکان ناکرێن. لەڕۆژی وادا بۆ مێدیای کوردی ئەوەی گرینگ و ئامانجئامێزە ئەوەیە چۆن کەسێ لە بنەمالەی پێشەوا قازی یان بەردخانیەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان بهێنرێتەدوان.

ئەوی لایسەرەوە باسکرا بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ناومنا شار پڕبووە لە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا. مەرجە بۆ پتر تۆگمەکردن و بتەوکردنی بینینەکان دیاردەێتر باسکەم یەك لەو دیاردانەش کە دەکرێ لێرەدا بەنموونە بهێنرێتەوە لەسەر ئەوەی کە شار پڕبووە لە نووسینی ڕۆژنامەوانیئاسا زۆربوونی دیاردەی لێدوانە (هەڤپەیڤین). من داوای ئەوە لە خوێنەری ئەم باسەدەکەم بۆ پتر تێگەیشتن لە مەبەستەکەم بڕوانێتە ژمارەی تازەی گشت ئەو ڕۆژنامە, هەفتەنامە و گۆڤار و مالپەرە ئەهلی و غەیرە ئەهلیانەی کە ڕۆژانە یان ماوەی جارێ دەردەچن کە بەلانی کەمەوە هەریەکەیان یەك لێدوانییان تیایە. سەیرەکە هەر ئەمە نییە بەلکو ئەوەشە لەو لێدوانانەدا لێدواندەرەکان, نوسەر بن یان ئەدیب, بەزمانێ ئەوتۆ قسەدەکەن کە ڕۆژنامەگەریی وەك ئەلتەرنەتیڤێ

بۆ ڕوناکبیری پەسەندەکەن. چۆن دەکرێ ڕۆژنامەگەری ببێ بە ئەلتەرنەتیڤ بۆ ڕوناکبیریی کاتێ کە ڕۆژنامەگەری لایئێمە جارێ لەوەنەکوتوە بریتی نەبێ لە وتارێ سیاسیی؟ ئەمە با جارێ لێیگەڕێم و دێمەوە سەر باری فکری ئەو لێدوانانە و ئاستی بینینی لێدوانکەرەکان و لێدوانسازکەرەکان. دەمەوێ لەو ڕوەوە بلێم: لێدواندان لەلایەن نووسەر و ڕۆشتبیری کوردەوە یان سازکردنی هەڤپەیڤن لەلایەن ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤاری کوردیەوە شتێ هەلە و بەد نییە بەلام ئەوە هەلەیە و ئەمجار بەدیشە کە ئەو نووسەر و ڕوناکبیرەی لێدوان دەدا ناتوانێ جیاوازی لەنێوان هەندێ شتدا بکا کە لێرەدا بەکورتی باسیلێوەدەکەم.
گەلێ لەو لێدوانانەی ئەو ئەدیب و نووسەرانە دەیدەن,کە هەرهەمووش بەجۆرێ لە جۆرەکان لە چوارچێوەی کارێ ڕۆژنامەوانیدا ئەنجامدەدرێن, لەبەرئەوەی ڕەخنە و ڕوونکردنەوەکان تیایانا زۆر شەخسی و دوبارەن ناشێ وەك سەرچاوە بەکارببرێن و یان وەك بۆچوونی باوەڕپێکراو تەماشاکرێن. هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو لێدوانانەی نووسەرانی کورد دەیدەن لەیەك دەچن و, لە ووتنەکانیشیانا سێستەمێ زمانەوانی هاوشێوە و هاوواتا زالە ئەمەوادەکا زۆرجار لێدوانی ڕۆمانووسیێ لە لێدوانی کۆمەلناسێ یان ئەمیان لە ئەدیبێ بەزەحمەت جیاکرێتەوە.
هۆی ئەمە چییە؟ یەك لەو هۆیانە کە زۆر شایانی باسکردنە ئەوەیە ئەدیبی ئێمە لەیەکاتدا جیرۆك نووس و ڕۆمانووس و شاعیر و پسپۆریشە لە بوارە مەعریفیەکانا(فەلسەفە, زانستی زمان, تیۆری سیاسی) هەروەها پسپۆڕێکیش لە بوارێ لەو بووارانە خۆشیەتی و ئەدیبیشە. هەرهەموو لەیەککاتیشدا, واتە ڕەخنەگر و نووسەری ئەدەبی و پسپۆر لە بوارێ لە بوارەکانی زانستەمرۆیەکان(دەروونناسی, ئابووری, کۆمەلناسی), ڕەوای ئەوەش بەخۆیان دەدەن لەیەکاتدا قسە لەسەر نالی و پێشەوا قازی و هابرماز و گارسیامارکیزیش بکەن. ئەم لایەنەش کە پێوەندی بە تێنەگەیشتنە لە پسپۆڕی و ترس لە پسپۆڕ بەرهەمی ئەو تێکەلگەراییە کە لەناو ئێمە ڕیشەیداکوتیووە و ڕۆژنامەگریش لە گەیاندنی بەرپرسیارە . ئەم تێکەلگەڕایەش والە لێدواندەران دەکا فەلسەفە بەسەرکاری خۆیان و کاری گشت کوردیشەوە بکەن ئەمەش لەڕێگای چواندنی کارەکانی خۆیان بە کارە جیهانیەکان. بەلام ئەمەیان زۆر ناڕاستەخۆ دەکرێ. واتە سیاسەتکردنێ لە ووتنەکەدا بەدیدەکرێ. ئەم دیاردەیە پێوەندیێ زۆری بەو سێستەمی ستایش و ڕەتکردنەوەیەشەوە هەیە کە لە ئەزمونی سیاسی یان وتاری سیاسی کوردیدا بنجبەستە کە دەبایە ڕەخنەکردن و گفتووگۆ کۆلەکەی ئەو وتارە بایە. نەك هەر ئەوە بەلکو هەندێ کەس لەپال ئەوەی جیرۆکنوسن یان شاعیرن لەسەرئەوەش ڕاهاتوون ماوەی جارێ لێدوان بدەن و لێدوانەکانیشیان کە زوو زوو دەکەونە سەر لاپەڕەکان یەك سێستەمی ڕەوانبێژی تیا زالە کە ئەوەش بریتیە لە کروزانەوە و لاواندنەوەی خۆ هەروەها دروستکردنی ***منێ*** کە ناویدەنێم ***منی ڕۆشنبیری***. ئەمەشدەکرێ تا لەوێوە ئەوە بە خوێنەری (یان گوێگری) ئەو لێدوانە بووترێ کە گەر ئەمانە کورد نەبوونایە ئێستا قسە و دید و کارەکانیان لە مێدیاکانا زۆرترین نرخی بۆخۆی دابیندەکرد. مەگەر بەشێ لەوانە لە هەدەران نەبوون یان لە هەندەران نین یاخود زمانێ بێگانە قسەناکەن بۆ دەبێ هەر لەڕێگای دروستکردنی ئەم منەوە بویسترێ کۆمارێ لە نازناو بۆ خۆ دروستکرێ؟
زۆرجار لێدوانکەرانیش پرسیارەکانیان ئەوەندە دووبارە و هاوشێوەن هیچ جیاوازیێ لەنێوان ئەو لێدوانەی لەگەل کۆمەلناسێ دەکرێ بە بەراورد لەگەل ئەوەی لەتەك ڕۆمانووسێ یان هونەرمەندێ شێوەکاردا دەکرێ بەدیناکرێ.
بۆنموونە پرسیاری پێوەندی دەسەلات بە ڕوناکبیرەوە یان ئاستی شیعر و ڕەخنەی نوێی کوردی لەو پرسیارانەن لە گشت لێدوانێ ئامادەن. مەبەستم سێستەمی مەعریفی ئەو لێدوانانە بەجۆرێ پێکهاتوون نە سەربە پۆلێ لە زانینی تایبەتن و نەش دەکرێ بخرێنە ژێر فیگورێ لە ڕوناکبیریەوە. بۆیشە ئەو لێدوانانە زۆر بەدەگمەن وەك سەرچاوە بەکاردەبرێن یان زانینەکانی لە بوارێ دیاریکراودا هەرگیز وەبەرناهێنرێن.
هەموو ئەوانەش کە لەسەرەوە باسکران والە من ناکەن ڕۆژنامەگەری وەك بوارێ لە گەیاندنی زیندوو ڕەتکەمەوە.بەلام من ئەوە ڕەتدەکەمەوە کە ڕۆژنامەوانی یان کاری مێدیا وەك ئەلتەرنەتیڤێ بۆ دروستکردنی وتاری ڕوناکبیری تەماشاکرێ. ڕۆژنامەوانی کە لە کۆمەلناسی و مێژوو و دەروووناسی و فەلسەفە تادەگاتە زانستی زمان و وێژە جیایە خاوەنی دیسپلینێ تایبەت بەخۆیەتی. ڕۆژنامەوانی بێ دیسپلین نییە بەلام مافی ئەوەشی نییە کە شوێنی دیسپلینەکانی تری بواری زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکان زەوتکا. بەلێ من هیچکات پێموانییە کە ڕۆژنامەوان بەهەمان ئەرك هەلدەستێ کە بیریارێ یان کۆمەلناسێ پێیهەلدەستێ وەلی لەهەمانکاتیشدا دانبەوەدادەنێم کە ڕۆژنامەوانی لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا کەرتێ مەعریفی مەزنە و پێیشم وایە کاری ڕۆژنامەوانی نە کارێ ئاسانە و نەش بێبەها. بەلام ئەوە ئاسان و بێبەهایە کە گشت شار بە سیاسی و نووسەر و ئەدیب و ئەکادیمیکەر و هونەردۆستانیشەوە یان ڕۆژنامەوانن یاخودیش بەجۆرێ لە جۆرەکان بەکاری ڕۆژئانەوانی و بەنووسینی تێکستی  ڕۆژنامەوانیئاساوە سەرگەرمن. ئەوە ڕۆژنامەوانیی نییە کە بێبەهایە نەخێر بەلکو ئەوە بێبەهایە کە شار هەمووی سەر لەکاری ڕۆژنامەوانی دەردەکا یان کاری ڕۆژنامەگەری پیێئاسانە. دیسانەوە دەلێم ئەمە دەرئەنجامە و مەرجە هۆیەکەی بەردەستخەین. بەباوەڕی من هۆی ئەم دیاردەیە , واتە بوونی گشت شار بە ڕۆژنامەوان یان بارێ ئەوتۆ لە شار دروستبووە کە هەرهەموو سەر لەکاری ڕۆژنامەوانی دەردەکەن ئەوەیە کە لایئێمە ڕۆژنامەوانی داوای زانینێ دەگمەن و تایبەتمەندمان لێناکا. پاشان ڕۆژنامەوانی گەر ئەوەبێ ئێمە قسە بە

دوژمنانی کورد بلێین یان قسەلەسەر باری ئافرەت کە ئێستا زۆر مۆدیەتی بکەین یان وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بلاوێنینەوە ئەوا ئەم ڕوناکبیریە لای گشت خەلکی شار دەستدەکەوێ. دەکرێ بپرسین بۆ؟ لە وەلامدا دەلێم هۆی ئەوە ئەوەیە کە هەستی بەکوردبوون لای گشت خەلکی شار کارێ وایکردووە کە هەموو خۆ بە نووسینەوە سەرقالکەن ئەمە لەلایێك و لەلایێتریش هەر ئەم هەستە کارێ وایکردووە کە پۆلی ڕۆژنامەگەری ببێ بە پۆپولێرترین پۆلی مەعریفی. ئائەمە نەگبەتیێ گەورەیە کاتێ هەستی بەکوردبوونمان وامانلێکا ببین بە نووسەر یان خۆمان بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە سەرگەرمکەین. لەوە بەدتریش ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەری بکەین بە قەلغانێ بۆ پاراستنی هەبوونمان یان گەشەدان بەو هەستە. لێرەدا پرسیارە ئیرۆنیکەی من ئەوەیە: دەکرێ وتاری ڕوناکبیری نەتەوەیەك لە ڕۆژنامەگەری بریتیکرێ؟ بۆ خۆم دلنیایترین وەلام ئەو وەلامایە کە پێیوایە ناشێ نەتەوەیەك لەم سەردەمە نێتاویەدا(یان بەنێتکراوەدا) تاکە ئازووقەی مەعریفی و یاخود ماهیەتی ڕوناکبریی خۆی لە ڕۆژنامەوانیدا بەرجەستەکا.ئەمە لەلاێ و, لەلاێ تریش ئەوە موسیبەتێ گەورەیە کاتێ نەك ڕۆژنامەوانی بەلکو ئەو ڕۆژنامەوانیەی کە تاکە ئازووقەی مەعریفی نەتەوەیەکە خۆی بە لاواندنەوەی ڕابردووەوە سەرقالکا.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوی سەرەوە باس لە ئارگومێنتێ دەکەم کە بەباوەڕی من ڕێگاێ چاك لە دروستبوونی تێگەیشتن سەبارەت بەوی پێشتر باسمکرد دەکاتەوە. گەر تەماشای ئەو چەند یادە بکەین لەماوەی ئەم چەند سالەی دوای بۆ سالڕۆژی ڕۆژنامەی کوردستان یان ڕۆژنامەونی کوردی ئەنجامدراوە دەبینین کە یادەکان تەنیا تەرخاندەکرێن بۆ لاواندنەوەی ڕابردوو. ئەلبەتە بەبەر ئەو لاواندنەوانەشەوە زۆرترین تیۆریزە بەسەر وتاری ناسیۆنالیزمی کوردیەوە دەکرێ کە پسپۆڕ و بیریارانی پرۆسەی ئەو تیۆریزەکردنەش دیسانەوە یان کادێرەکانی بەشی ڕاگەیاندنە حیزبیرکانن یان ئەو کۆلکە ئەدەیب و شاعیر و ئەکادیمیکەرانەن کە بەبێ ڕۆژنامەگەری هەناسەنادەن. باشە دیسانەوە دەمانەوێ بپرسین بۆ ئەمانە , واتە ئەو کادێر و کۆلکە ئەدیب و تەنانەت ئەکادیمیکەرانە ئەو هەموو خەیالەیان بە ڕۆژنامەوانی داوە؟ بەباوەڕی من ئەوی یەك نەخت بڕوانێتە پێکهاتە و توانای ڕوناکبری ئەم جۆرە توێژانەی کۆمەلگەی کوردی(واتە کادێرو ئەدیب و ئەکادیمیکەر) لەوەدەگا کە ئەمانە تاکە بوارێ کە هەبوونی خۆیان بەباشی تیا دەبیننەوە ئەوا بواری ڕۆژنامەوانییە. چونکە لائیێمە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی بووە بە زمانحالی ووتاری ناسیۆنالیمان و هەروەها لەبەرئەوەیش کە ئەوە ڕۆژنامەوانیشە قسە لەسەر دەسەلات و گشت گۆڕانە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریەکانی کۆمەلگا دەکا بۆیە بۆ ئەمان هەمیشە ئاسانە بێنەپێشوە قسە لە دونیای ناوەوەی کورد بکەن. ئەمەش هیچ کات ماقوولنییە بە باری ئازادی ڕاگەیاندن لە شار پاساودانکرێ. چونکە ئازادی ڕۆژنامەگەری دەبێ جیاکرێتەوە لەوەی کە مێدیای کوردی بکرێ بە سەکۆیەك بۆ بلاوکردنەوەی نووسینی هەلە, نووسینی تێکەل و بێ ئامانج و نووسینی بێسەرچاوە و نائۆرژین. ئەوە ئازادی نییە تۆ بە وشەی لاهوتی و شیعەرگەرائامێز قسە لەسەر ناسکترین دیاردە و کێشەی کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتووری بکەی.

## دابەشبوونی نێودەولەتیانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك , فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەی

دابەشبوونی نێودەولەتیانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك دوو جەمسەری فەلسەفی جیای دروستکردووە کە ئەوەش فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەییە کە لە بنەڕەتدا دابەشبوونێ ڕۆژئاوایانەیە بۆ فەلسەفە وەك دیسپلینێ ئەکادیمی. لە زۆربەی کۆلێج یان ئینستیتووتەکانی فەلسەفەی زانکۆکانی جیهانی ڕۆژئاواش ئەم دابەشکردنە لەئامێز گیراوە. ئەگەرچی ئەم دابەشبوونەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك شتێ نوێ نییە و ئەم ترادیسیۆنە(نەرێتە) لە فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆوە بۆ فەیلەسوفانی پاش خۆی بەتایبەت کانت,کە بایەخێ زۆری بەم دابەشبوونە داوە, ماوەتەوە بەلام لەم سێ چوار دەیەی دوایی لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپا ئەم ترادیسیۆنە پیادەدەکرێ و ئەم دابەشبوونەش گرنگی و ڕۆلی خۆی لە زیادکردنی پسپۆری و ووردەکردنەوەی ئەم پسپۆڕییەدا دیووە و بگرە دابەشکردنێکیشی لە پۆلگەرایی و بەش بەشکردنی بوارەکانی فەلسەفەش لەخۆگرتووە.
من لەم پەڕەگرافەدا دەمەوێ هەندێ ڕۆشنای بخەمە سەر لەلاێ ئەو دابەشبوونەی فەلسەفە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا بەخۆوە گرتویەتی و هەروەها ئەو بەجەمسەربوونەی فەلسەفەش تێکەوتووە کە بیریار و فەیلەسوفانی ڕۆژئاوای سەرجەم بەدەور خۆدا کۆکردۆتەوە, لەلایێتر ئەوەش وەڕوودەخەم کە چۆن ئەم دابەشکردنەی فەلسەفە(فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك) هەروەها ئەو بەجەمسەربوونەی فەلسەفەش(فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەی) لەناو نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لەناو ئێمە دەرکی پێنەکراوە کە ئەوەش دیسانەوە نەك هەر ئاماژەیە بەلکو بەلگەشە لەسەر نەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بە مانا ئەکادیمیەکەی. بۆیە من ناهەقیناکەم گەر بلێم فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی کە خاوەن دیسپلینێ تایبەت بەخۆیەتی لەناو نووسەر و هەوادارانی فەلسەفەی ئێمە ناسراو نەبووە و هیچوەختیش بیرێ فەلسەفی بەمانا سێستەماتیکیەکەی لەئارادانەبووە. بەلکو لەبڕی ئەوە ئەوی

هەبووە کۆمەڵێ تێکستی ناچووستی تێکەڵ و بێئامانج بوونە کە بەرهەمی هەندێ بیرکردنەوەی ناپووختی فەلسەفی بوونە.

مرۆڤ کە چاوێ بە پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفە لە کۆلێجەکانی فەلسەفە لە ولاتانی ئەوروپا دەخشێنێ ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە دابەشبوونی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك ڕۆڵێ زۆری لە زۆربوونی بواری توێژینەوە و پسپۆڕی دا دیووە. من بۆئەوەی قسەکانی خۆم لەو ڕووەوە بکەم یەکەمجار دێمە سەر ***فەلسەفەی تیۆری***, کە یەکێکە لەو دوو بەشەی فەلسەفە, و پاشانیش دێمە سەر ***فەلسەفەی پڕاکتیك***. ***فەلسەفەی تیۆری*** کە خۆی وانیشاندەدا بایەخ بە پرسیارەکان لەمەڕ دیدی جیهان دەدا چەند بەشێ دەکا بە بواری خۆی لەوانە: لۆژیك, میتافیزیك, سێمانتیك (تیۆری نیشانە), تیۆری زانین (ئێپستمۆلۆژی) , بوونناسی (ئۆنتۆلۆژی) و تیۆری زانست و ئەلبەتە فەلسەفەی زمانیش. لەمڕووەوە گەرووردتر بدوێم ئەوەش دەڵێم کە لە هەندێ لە کۆرسەکانی فەلسەفەی تیۆریدا کە بایەخ بە تیۆری زانین , تیۆری زانست و سێمانتیکی مۆدێرن دەدرێ لە بواری تیۆری زانیندا واتا وەك زانین و ڕاستی و باوەڕ ڕەفتاری لەتەکادەکرێ هەروەها بایەخ بە گرووندەکانی زانینیش دەدرێ. هەرچی لەبواری تیۆری زانستە ئەوا بایەخ بە مێتۆدەکانی زانست و سروشتی ڕونکردنەوە زانستیەکان هەروەها جیاوازی نێوان بوارە جۆراوجۆرە زانستیەکان دەدرێ. سەبارەت بە تیۆری زانست دەشێ ئەوەش بووترێ کە ئەم تیۆریە بایەخێ زۆر بە هەندێ کێشە دەدا لەوانە بوونیادنانی چەمك و تیۆری زانستی, هەروەها لێکدانەوەی هەندێ واتا لەوانە یاسا, تیۆری, ڕونکردنەوە , بناغە و ڕوونی(ئێڤیدێنس) هەروەها پێوەندی نێوان لایەنی تیۆری و ئیمپیریش.

وێرای ئەوە دەمەوێ ئاماژە بەوەشبکەم کە, ڕیشە سەرەکیەکانی فەلسەفە بریتیە لە فەلسەفەی سروشت, فەلسەفەی بەها, فەلسەفەی زانین و فەلسەفەی زانست. فەلسەفەی سروشت کە ئۆنتۆلۆژیا(یان میتافیزیك) دەگرێتەوە هەولێکە بۆ گەیشتن لە سروشت و گەردوون (ئونیڤێرسوم). میتافیزیك کە ئەرستۆ ناویناوە فەلسەفەی یەکەم گفتگۆ لەسەر یەزدان و پرسیارە ئەبەدیەکانی فەلسەفە دەکا. وەلی فەلسەفەی بەها فەلسەفەیەکە تایبەت بە موڕال , جوانکاری و ئیتیك. هەرچی فەلسەفەی زانین(ئێپستمۆلۆژیا)ە فەلسەفەیەکە بۆ لێکۆلینەوە لە زانین(ئێپستم), ڕیشەی زانین و ڕاستی زانین. بەلام فەلسەفەی زانست لەبارەی زانینەوە دەدوێ وەك زانینێ زانستی. ئەمەو پێویستە بلێم بیری فەلسەفەی زانست لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بیرێ کۆنە. هەر لەمڕووەوە مایەوە ئەوەش بلێم کە ئەوی لەسەرەوە ناومنا سێمانتیك دەکرێ بووترێ بوارێکە تیایا بایەخ بەواتا وەك ماناو تەئویل(وەرگێڕان) و پێناسە دەدرێ.

هەر لە بواری بەشی فەلسەفەی تیۆریدا گرنگی بە مێژووی تیۆری یان مێژووی فەلسەفەی تیۆریش دەدرێ کە ئەم گرنگی پێدانەش لایەنی گەشەی مێژووی زانست دەگرێتەوە. بەدلنیایشەوە ئەم مێژووە لە ئەنتیکەوە (یۆنانی کۆن) بەردەوامە تادەگاتە سەردەمی ئەمڕۆ. ئالەم حالەتەشدا بۆئەوەی تێگەیشتنێ تەواو و پڕمان لەسەر ئەو مێژووە هەبێ دەکرێ هەریەك لە ئێمە بەجیا ئاوڕ لە بەرهەمی تاك بە تاکی ئەو فەیلەسوفانە بدەینەوە کە لەم گەشەکردنەدا بەشداربوونە یان دەشێ هەر کەسێ لە ئێمە ئاوڕێ تایبەت لە ئێپۆکێ دیاریکراو یاخود ئاڕاستە و یان قووتابخانە و شەپۆلێ دیاریکراو بداتەوە بۆئەوەی نەشونمای ئەو بیرکردنەوانە بناسێتەوە کە ئەم مێژووەیان بوونیادناوە.

هەر لە بواری فەلسەفەی تیۆریشدا دەبێ ئاماژە بۆئەوەشبکەم, کە ئەم فەلسەفەیە گرنگی بە کۆرسی لۆژیك(مەنتیق) دەدا. لەم حالەتەیەشدا دەبێ لەوە بەئاگابین کە فەلسەفەی لۆژیك بایەخێ زۆر بە واتا لۆژیکیەکان دەدا, لەوانەش: ئاکامی لۆژیکی, ڕاستی و ناکۆکی. هەر لەم بوارەشدا گرنگیێ زۆر بە شیکردنەوەی بوونیادی لۆژیکی کە شوێنی خۆی لە مێژووی لۆژیك دا هەیە , دەدرێ. ئەمەو لە فەلسەفەی تیۆری گرنگی بە فەلسەفەێ دیش دەدرێ کە ئەوەش فەلسەفەی ئاگاییە(مایند). لەم بەشەشدا دەشێ گرنگی بە چەندین کێشەی سەرەکی تیۆری و فەلسەفی بدرێ.

هەرچی ***فەلسەفەی پڕاکتیکە*** کە خۆی وانیشاندەدا بایەخ بە پرسیارەکان لەمەڕ دیدی ژیان دەدا خۆی بەوە لە فەلسەفەی تیۆری جیادەکاتەوە کە ژیان نەك جیهان دەکا بە مۆلگەی لێخودبوونەوەکانی. بۆیە پرسیارە فەلسەفیە پڕاکتیەکان کە زۆر لە ژیانەوە نزیدیکن بایەخ بەو کێشە فەلسەفیانە دەدەن کە پڕاکتیکین, لەوانە ژیانی پڕاکسیسی مرۆڤ, ڕەفتار و هەلسوکەوتەکانی. لێرەوە چەندین کێشە دەبن بە هەوێنی فەلسەفەی پڕاکتیك بۆنموونە چۆنیەتی گەیشتنی ئەم مرۆڤە لە پراکتیکدا لە هەقیقەت یان پێوەندی ئەم بە هەقیقەتەوە یان چۆنیەتی گوزارەکردنی ئەم مرۆڤە لە هەقیقەتی خۆی کە لەوێشڕا باس دەکرێ بێتە پێشەوە لەسەر ئەو بەها و مانایانەی ئەم مرۆڤە بە هەقیقەتی خۆی دەیدا لەوانە تێگەیشتن و بۆچوونی ئەم لە بڕوا و ئایدیۆلۆژیاکان کە لە پڕاکتیکدا هەر ئەم مرۆڤە بەها و مانایان بۆ دابیندەکا.

بۆئەوەی زێتر ئەم بەشە فەلسەفیە شیتەلکەمەوە دەلێم, لە بواری فەلسەفەی پڕاکتیکدا چەند بەشێ بەدیدەکرێ کە گرینگترینیان تیۆری یەها و فەلسەفەی موڕال(ڕەوشت)ە. هەر لەبواری فەلسەفەی موڕالدا دەکرێ باس لە بەشیدیشکرێ لەوانە فەلسەفەی ماف, فەلسەفەی سیاسی, و تیۆری بڕیردان. گشت ئەو بایەخانەش لەو بەشانەدا مانادارەکرێن لەڕێگای خستنەژێرپرسیاری کێشە پڕاکتیکیە فەلسەفیەکانەوە دەبن. ئەمەو جگەلە هەندێ بەشی تر وەك فەلسەفەی کۆمەلایەتی, فەلسەفەی ئاین, فەلسەفەی فێمینیزم و فەلسەفەی جوانکاری.

دەمەویٚ سەرنجی خویٚنەر بۆئەوەش ڕاکیٚشم کە, لە بواری فەلسەفەی ماف دا ,کە بەخۆی ئەم بوارە یەکیٚکە لە بەشەکانی فەلسەفەی پڕاکتیك, گرنگییٚ زۆر بە دادپەروەری-یەکسانی- کۆمەلایەتی دەدریٚ لەویٚشڕا نەك هەر باسکردنی دیموکراسیەت وەك بابەتیٚ سیاسی مانای خۆی هەیە بەلکو وەك بابەتیٚ کۆمەلایەتیش. ئەم فەلسەفەیە باس لەوەدەکا کە دۆزی تۆ لە کۆمەلگادا وەك کورد یان پیاو یان هەژار ئەوە دەستنیشان ناکا کە مافی چیت هەیە و چیشت نییە بەلکو ئەوە دۆزی تۆ لە کۆمەلگادا دەستنیشاندەکا کە تۆ مرۆڤی و بەس, واتە مرۆڤ بوونەکە مەسەلەی مافەکە دەستنیشاندەکا نەك شتیٚتر. هەر سەبارەت بە فەلسەفەی پڕاکتیك لە بواری فەلسەفەی موڕال کە گرنگییٚ زۆر بە مەسەلەی ماف دەدا ئەم گرنگیپیٚدانە تەنیا بە مافی مرۆڤەوە تایبەت نییە بەلکو بە ژینگە و ئاژەلیشەوە تایبەتە. لەو پرسیارە موڕالیانەش فەلسەفەی پڕاکتیك لەم بوارەدا بایەخیپیٚدەدا ئەوەیە کە, ئیٚمەی مرۆڤ تاکەی ژینگە پیسکەین و تاکەی ئاژەل بۆ خواردن و یان لە ئەزموونگاکانمانا بەکاربەرین. فەلسەفەی  موڕال لەم حالەتەدا نایەویٚ مرۆڤیٚ بەختیار بەهۆی نابەختیارکردنی ئاژەلەوە دروستکا بەلکو دەیەویٚ لەو مافە بکۆلیٚتەوە کە مرۆڤ و ئەلبەتە ئاژەل و ژینگەش پیٚکەوە هەیانە. قسەی فەلسەفەی موڕالی تازە(11) ئەلبەتە لەڕیٚگا فەلسەفەی مافەوە لەبارەی بەختیاری و نابەختیاری مرۆڤ پیٚوەندییٚ زۆری بە ئاستی ژیانی ئەو کۆمەلگەیانەوە هەیە کە ئەم جۆرە فەلسەفەیە تیایا گەشەدەکا. چونکە لە گەلیٚ لە ناوچەکانی وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەئەمڕۆدا ئەستەمە باسبهیٚنریٚتە سەر مافی ئاژەل و ژینگە کاتیٚ کە مرۆڤ لە بناغەیترین ماف مەحرورومە. یان سەختە لەئەمیٚستادا پەرە بەو جۆرە لە فەلسەفەی ماف بدریٚ کە شویٚنی مرۆڤ و ئاژەل و ژینگەشی وەك یەك تیابیٚتەوە. مەبەست ئەوەیە زەحمەتە ئاژەلیٚ بەختیار و ژینگە(دەوروبەر)یٚ پاك دروستکەی مرۆڤەکەت کە دروستکەری ئەو بەختیاری و پاکیەیە لە دۆزیٚ ژیان بەسەرببا لیٚوانلیٚوە لە زەلیلی و مەحروومی. لەکاتیٚکیشدا خویٚندی فەلسەفە یان نییە یان بەوجۆرە نییە کە لە ژیانی ئیٚستای مرۆڤی تازەوە نزدیکە ,جا ئەم مرۆڤە تازەیە لە هەرکوییٚ, ناتوانیٚ نە لە کیٚشەکانی ئەم مرۆڤە تازەیە بگا و نەش لەو کیٚشانەی دیٚنە سەر دەوروبەری ئەم مرۆڤە تازەیە. نامەویٚ لە باسەکەم دوورکەومەوە بەلام بەلامەوە گرینگە ئەوە بیرخەمەوە کە فەلسەفەی موڕال وەك بەشیٚ بەرچاوی لەناو فەلسەفەی پڕاکتیکدا ئەوەمان بیردەخاتەوە کە دەکریٚ ئیٚمەی مرۆڤ خۆمان لە موڕالی(ڕەوشتی) خۆمان بەرپرسبین. لیٚرەوە دەکریٚ باس بهیٚنریٚتە سەر ئەوەی ئایا ڕەفتارەکانی ئیٚمە پیٚشوەخت بڕیاردراون و ئیٚمە بەرپرسیار نیین لیٚیان یان بەپیٚچەوانەوە ڕەفتارەکانمان بەرهەمی هەلسوکەوتی خۆمانن. بەووتنیٚ فەلسەفی لیٚرەدا باس دیٚتە سەر دیٚتیٚرمینیزم(جەبریەت, حەتمیەت) و ئیندیٚترمینیزم(ناجەبریەت , ناحەتمیەت) ئەم باسەش لە نیٚوەندەکانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا بایەخیٚ زۆری دەدریٚتیٚ.

هەر سەبارەت بە فەلسەفەی پڕاکتیك دەمەویٚ ئەوەشبلیٚم: لە بەشەکانی فەلسەفەی پڕاکتیکدا چوونە ناو کیٚشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان زۆر بەدیدەکریٚ. ئیٚستا کە لە زۆربەی کۆلیٚجەکانی فەلسەفە لە ئەوروپا فەلسەفەی پڕاکتیك گەشە بەخۆیەوە دەبینیٚ هۆیەکەی تەنیٚ ئەوەیە کە ئەم بەشە فەلسەفییە خۆی زیادلەپیٚویست لە ژیانی مرۆڤی تازەوە نزدیکدەکاتەوە. بەلام چەند ئاڕاستەی ئەهریمەنانەی بازاڕ و پیٚشبڕکیٚی سیاسی جیهان ,کە بەخۆی دیسانەوە ئەم پیٚشبڕکیٚیە بە ئاڕاستەکانی بازاڕەوە وابەستەیە, ڕیٚگا بە سەرکەوتنی ئەو فەلسەفە کۆمەلایەتیە دەدا کە لە زانکۆکانی شارستانی نویٚی ڕۆژئاوا لە ڕسکاندندایە جاریٚ زۆر ڕوون نییە. چونکە فەلسەفەی موڕالی نویٚ بەزۆری دەیەویٚ دەرگا لەو جۆرە تیٚڕامانە فەلسەفییە موڕالیانە بکاتەوە کە بەشداری نەك لە سارێژکردنی ئازاری مرۆڤ دەکەن بەلکو ئازارنەهیٚلەریشن. ئەمەش لەسەر ئەو  بناغەیەی فەلسەفە بەدووی بەختیاریدا ویٚلە. بەلام بەختیاری بۆ هەمووان بە ژینگە و مرۆڤ و ئاژەلیشەوە. هەروەها بۆ گشت ژیٚندەر و چین و تویٚژکیش. ئەمە هەولی ئەم فەلسەفەیە و مەرج نییە ئەم هەولە هاتبیٚتەدی. هەر سەبارەت بەم هەولە واتە کۆششکردن بۆ نەهیٚشتنی ئازار و لەبڕی ئەوە مسۆگەرکردنی بەختیاری دەکریٚ باس بهیٚنریٚتەسەر یەکسانی نیٚوان ژیندەرەکانیش کە ئەمەش بەجۆریٚ تر باسیٚ فەلسەفی دیٚنیٚتە پیٚشەوە کە ئیٚستا لە بەشی فەلسەفەی پڕاکتیکدا زۆر بایەخی دەدریٚتیٚ کە ئەوەش فەلسەفەی فیٚمینیزمە.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە دەستمبۆدریٚژکرد ئەمەویٚ ئەوەش بلیٚم, فیٚمینیزم کە سەربە جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنیٚنتالە و خویٚندنی لە کۆلیٚجیەکانی فەلسەفە لە ئەوروپا دەچیٚتە خانەی فەلسەفەی پڕاکتیکەوە لە زانگۆکانی ئەنگلۆ- ئەمەریکیش بایەخیٚ زۆری پیٚدەدریٚ. ئەلبەتە پاش بایەخدانی گەلیٚ لە ئینستیتوتەکانی تویٚژینەوەی ژیندەر و ژیانی سیٚکسی لە ئەمەریکا بەکارەکانی فوکۆ و ئەمجار بایەخدانی گەلیٚ لە زانکۆکانی ئەمەریکا(یال, هارفارد) بە هەلوەشانەوەی دیٚریدا و ڕۆلی ئەم هەلوەشانەوەگەرییەش لە گەشەدان بە تیۆریەکانی فیٚمینیزم کە هەموو ئەمانە دۆزیٚ ئەوتۆیان هیٚنایە پیٚشەوە کە تیۆری کویر(شاز) و فیٚمینیزمیٚ شیٚوە فەڕەنسیش لە ئەمەریکای باکوور بیٚتەدونیا و ئەمجار زۆریش پۆپولیٚربیٚ.

وێرای ئەوی لایسەرەوە ووتم ئەوەش بیردەخەمەوە کە, ئەم دابەشبوونی پسپۆڕییە لە بواری فەلسەفە لە زانگۆکانی ڕۆژئاوا ئالۆزییٚ زۆری فڕیٚداوەتە بواری تویٚژینەوە و, بەشەکانی وەك فەلسەفەی سیاسی, جوانکاری, ئیتیك و موڕال و کاریگەرییٚ زۆری ئەم دابەشبوونەوەیەیان بەسەرەوە دیارە و لە گفتووگۆ سیاسی و دیٚیاتە

کولتووریە گشتیەکانیشا زۆر بەکاردەبرێن. هەر سەبارەت بەم لایەنە ئەوەش دەبێژم کە لە کۆرسەکانی فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیکیشدا هەر لە گروند کۆرسەوە تا قۆناغی دکتۆرانت ئامانجێ زۆر بۆ خستنەڕووی پرسیار و بونیادنانی واتا و تیۆریی لەئارادایە و زۆربەی ئەو شتانەش, وەك بیر دەخولقێنرێن لە ژیانی کەسی تازەی ڕۆژئاوایەوە نزدیکن. هەر دوورناڕۆین لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ولاتانی ڕۆژئاوا شتێ هەیە پێدەلێن باوەڕ بەخۆبوون ئەم مەسەلەیە فەلسەفەی تازە زۆر بایەخیدەداتێ و لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تا هۆلی پەرلەمان بەگشت ئەو ووردەکاریانەی لە هۆلەکانی زانکۆدا باسدەکرێ لاسایدەکرێتەوە. بەلام ئەمە هەرگیز مانای ئەوەنیە کە فەلسەفە یان تیۆریە کۆمەلایەتیەکان لە ڕۆژئاوا کارەکتێری ئایدیۆلۆژیان نییە. بەلێ هەیانە و تەنانەت فەلسەفەی ڕۆژئاوا نەك هەر ناسنامەی لووتبەرزی شارستانی ڕۆژئاوایە بەلکو هەمیشە چەکی ئایدیۆلۆژی ئەم شارستانیەتەش بووە. وەلی ئەم لایەنە وا لە من ناکا بۆ ئەوە نەچم ڕۆلی فەلسەفە لە ولاتانی ڕۆژئاوا ئەوەی تیابەدیناکرێ کە بەشداری لە دروستکردنی مرۆڤی ڕەوشت هەستیار ناکا.

بەلام فەلسەفە لە زانکۆکانی ئەوروپا هەر ئەم دابەشبوونەی بەخۆوەوە نەدیوە, واتە فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك, بەلکو باس و خواسەکانی دووچاری دابەشبوونێ تر هاتووە کە ئەوەش دوو جەمسەری فەلسەفی قووتکردۆتەوە کە یەکێکیان پێیدەووترێ ***فەلسەفەی کۆنتنێنتال*** و ئەویتر پێیدەووترێ ***فەلسەفەی شیکردنەوەی***.

فەلسەفەی یەکەم, واتە فەلسەفەی کۆنتنێنتال, پتر لەنێو فەیلەسوف و بیریارانی فەڕەنسی و ئەلمانیدا باوە و ئەویدیش, واتە فەلسەفەی شیکردنەوە, زۆرتر فەلسەفەیەکی ئەنگلۆ- ئەمەریکیە. فەلسەفەی کۆنتنێنتال پتر تەرەفداری فەلسەفەی پڕاکتیك دەکا یان بواری کارکردنی بیریار و فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال بەزۆری لە هێلی گشتی فەلسەفەی پڕاکتیدا خۆی دەبینێتەوە. هەرچی فەلسەفەی شیکردنەوەییە کە فەلسەفەێ ئەنگلۆ-ئەمەریکیە دەشێ وەك فەلسەفەێکی تیۆری تەماشاکرێ. ئەمەی ووتم بەس نییە بۆئەوەی خوێنەری ئەم باسە وێنەێ پڕ لەسەر ئەو دوو جەمسەرە فەلسەفیە و پێوەندی ویش بەو دابەشبوونەوە پەیداکات کە فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی تێیکەوتووە بۆیە لایخوارەوە ڕوونتر و بەربلاوتر دەدوێم تا ئەو وێنە پڕە بەدەستەوەبدەم کە ئامانجی ئەم بەشەیە.

***فەلسەفەی کۆنتنێنتال*** کە سەرەتا لە ئەمەریکای باکوور و بەریتانیا گەشەیکردووە لە دەرەوەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی و فەلسەفەی بوون ئەم گەشەیەی بەخۆوە دیووە. بەلام ئەو گەشەکردنەی فەلسەفەی کۆنتنێنتال لە ئەمەریکای باکوور بەخۆیەوە دیوویەتی بەپشتبەستنبووە بە تێکستی فەیلەسوفە ئەورووپایەکان. ئەو فەیلەسوفە ئەوروپاییانەش(بۆنموونە ئەدرنۆ) لە پێش و پاش جەنگی جیهانی دووەم ڕوویانکردۆتە ئەمەریکا ڕۆلی خۆیان لە گەشەدان بە فەلسەفەی کۆنتنێنتال دیووە. ئەلبەتە سەردانی هەندێ لە فەیلەسوفی تری ئەوروپایش لەم سالانەی دوایی بۆ ئەمەریکا بۆ سمینارسازکردن لە زانکۆکان یان بۆ هەندێ کاری تری فکری(لەوانە سەردانەکانی دێریدا, هابرماز, بۆدریار)مانای خۆی بۆ دروستبوونی هەندێ شەپۆل و ئاڕاستەی فکری و فەلسەفیش هەبووە.

هەروەها دەشێ ئەوەش بووترێ کە, فەلسەفەی ناوبراو کە فەلسەفێ دابڕاو نییە و پێوەندی بە نەرێتە فەلسەفیەکانی تریشەوە لاوازنییە خۆی وەك نەرێتێ فەلسەفی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و بیست لە ئەوروپا.

ئەم فەلسەفەیە کە بایەخ بە پرسیار و تێمای باو و گشتی دەدا چەند لایەنێ دەگرێتەوە لەوانە: شیاوی کۆتای میتافیزیك, ڕەخنەی کۆمەلایەتی و سیاسی تیۆری, ئیتیك وەك فەلسەفەی یەکەم, کات, مێژوو, گێڕانەوە, ئەفسانە, ڕاستی, ژنیدەر و بەرجەستەبوون.

بواریکارکردنی ئەم فەلسەفەیە پتر دیار دەبێ کاتێ ئەو ئاڕاستانە دەستنیشانکەین کە لەژێر چەتری ئەم فەلسەفەیە دا بوونە. بۆئەو مەبەستەش دەمەوێ بلێم گەر وەك فەترەی زەمەنی لە کانتەوە تائێستا بەنموونە وەرگرین بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال ئەوا پتر لە 50 ناوی فەیلەسوفی گەورەمان بەرچاودەکەوێ کە بەرهەمهێنەرێ باش بوونە ,لەوناوانەش کە دەشێ هەندێکی بەنموونە لێبهێنینەوە: هیگل, مارکس, کێرگجارد, نیچە, هوسرەل, هایدگەر, گادامێر, هابرماز, سارتەر, میرلۆ- پۆنتی, دێریدا, فوکۆ,لاکان, دولۆز, گاتاری, فیلیب لاکۆ-لابات, ژان لۆك نانسی, ژۆلیا کرستیڤا, هێلێن سیزۆ, ڤاتیمۆ و ..هتد. ئەم فەیلەسوفانەش هەریەکەیان مانایان بۆ هاتنەدونیای ئەو بزاڤ و ئاڕاستە فەلسەفیانە دیووە کە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا کاریگەریان هەبووە, لەوانە: فینۆمینۆلۆژیای ئەلمانی(هیگل, هوسرەل, هایدگەر), فینۆمینۆلۆژیای فەڕەنسی (سارتەر, میرلۆ-پۆنتی), بوونخوازی فەڕەنسی (سارتەر), هێرمێنۆتیکی ئەلمانی(هایدگەر, گادامێر), فێمینیزمی فەڕەنسی(کریستیڤا, سیزۆ, ئیریگارەی), سیمیۆلۆژیای فەڕەنسی(بارت), پاشبنەماخوازی فەڕەنسی(فوکۆ), پاشتازەگەری فەڕەنسی(بۆدریار, لیۆتار) و ئیتالی(ڤاتیمۆ), هەلوەشانەوەگەری فەڕەنسی(دێریدا,لاکۆ-لابات, نانسی), تیۆری ڕەخنەی(ئەدرنۆ, بنیامین), ئیتیکی ئاینی(لێڤیناس, کاپوتۆ), ڕەخنەی مارکسیتی(ئەلتۆسێر, لۆکاش), شیکردنەوەی دەروونی فەڕەنسی (لاکان), بنەماخوازی ئەنترۆپۆلۆژی فەڕەنسی(شتراوس), بنەماخوازی زانەوانی(سۆسێر) و ..هتد.

بۆ ئەوەی زۆرتر ئامادەبوونی ئەو دوو جەمسەرە فەلسەفیە ڕوونکەمەوە دەگەڕێمەوە لای دێریدا, وەك فەیلەسوفێ کۆنتنێنتالی هاوچەرخ و ئەو مێزگرتەی پێشتر لایسەرەوە باسمکرد کە تیایا ئاماژە بۆئەوەدەکا زمانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی ئەمڕۆ زمانێ ئونێڤرساله(12) بەلام بابزانین ئایا دێریدا تەنیا مەبەستی لەم زمانە زمانێ ڕووتە یان

شتێ تریشی مەبەستە. من پێموابێ مەبەستی دێریدا لە ئونێڤرسالبوونی(گەردووناویبوونی) زمانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی تەنیا زمان نییە وەك زمان بەلکو ئەو ڕوناکبیریەشە کە ئەم زمانە بەرهەمیدێنێ. من تەنانەت پێشموایە کە باس لە فەلسەفەی ئێستای ڕۆژئاوا دەکرێ گرینگە باس لە پێوەندی نێوان زمان و فەلسەفەش بکرێ. چونکە ئەو باسکردنە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە کامە گرووپی زمان خولقێنەرترە. ئەوەتا دێریدا لەوێڕا بەئاشکرا باس لە دەسەلاتی ئەنگلۆ-ئەمەریکی دەکا بەسەر جیهانەوە. بەلام جەغت لەوەشدەکا کە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەسەلاتە شتێکە هەموو تاقیمانکردۆتەوە. ئەمەو دێریدا قسەدێنێتەپێشێ لەسەر ئەوەی چۆن دەسەلاتی فەلسەفەی شیکردنەوەی, کە نەرێتێ ئەنگلۆ – ئەمەریکییە, بەسەر کولتوورەکانی تر لە جیهانا زالە, ئەوەتا لە ئاسیا و لە بەشێ لە ئەفەریقا ئەمە دەبینین (13). من زۆر باوەڕم بەوە هەیە کە نەك هەر فەلسەفەی شیکردنەوەی لەگشت شوێنێ ئامادەیە بەلکو پێش هەموو شتێ زمانی ئینگلیزی لە گشت شوێنێ ئامادەیە. بەخۆی ئامادەبوونی زمانی ئینگلیزی وادەکا نەرێتە فەلسەفیەکەی زمانی ئینگلیزیش زالبێ کە ئەم نەرێتە گشت فەلسەفەی جەمسەری ئەنگلۆ-ئەمەریکی لەخۆ دەگرێ.

نزدیکترین نموونە دەتوانم ئینستیتووتی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکۆلم یان ولاتانی تری ئەسکەندەنافی بەنموونە بهێنمەوە. ولاتانی ئەسکەندەنافی و بەتایبەت سوید و پاشان فینلەند و ئەمجار ئەوانیتر(دانیمارك, نەرویج) زۆرترین پێوەندیان بە نەرێتی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە هەیە کە بەخۆی نەرێتێ فەلسەفی ئەنگلۆ-ئەمەریکیە.

شوێنێ وەك فینلەنداش (بەتایبەت زانکۆی هیلسنکی) کە گەورەترین بایەخ بە فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی دەدا هیچ شوێنێکی بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال بەجێنەهێشتووە. نابێ ئەوەمشان لەبیرچێ کە جۆرج هنریك ڤۆن ڕایت کە یەکێکە لە گەورە فەیلەسوفانی فینلەندی قوتابی ڤتگنشتاین بووە و پاش مەرگی ڤتگنشتاینیش لە زانکۆی کامبرج بووە بە جێگیری ڤتگنشتاین و, پاش گەڕانەوەشی بۆ فینلەند ڕۆلێ زۆری لە پەڕەدان بە فەلسەفەی لۆژیك و بیری فەلسەفەی شیکردنەوەی بینیووە کە تارمایی ئەم ڕۆلەی ڤۆن ڕایت دواتر گەیشتۆتە ناو ئینستیتووتی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکۆلمیش.

بۆنموونە لە بەشی فەلسەفەی تیۆری و پڕاکتیکی لە زانکۆی ستۆکۆلم کەلەپووری فەلسەفەی کۆنتنێنتال کە فەلسەفەی نیچە و هوسرەل و هایدگەر و پاشان ئەو پۆلە فەیلەسوفە فەڕەنسیەش(دولۆز, فوکۆ, دێریدا, بۆدریار) دەگرێتەوە کە لە 1960 کانەوە گرینگیان بۆ بیری فەلسەفی ئەو بیریارە ئەلمانیانە گەڕانوەتەوە ئەو بایەخەی نییە یا گەر هەشیبێ بەزۆری فینۆمینۆلۆژیا دەگرێتەوە کە ئەوەش وادەکا بایەخ بە هوسرەل بدرێ و ئەو بایەخەش کە بە هایدگەر دەدرێ هەر لەو ڕێگایەوە دەبێ واتە لە ڕێگای بایەخدان بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسڕەل. بەبۆچوونی من بایەخنەدانی ئینستیتووتی فەلسەفە لە زانکۆی ستۆکۆلم بەم کەلەپوورە فەلسەفەیە بەتایبەت ئەو نەرێتە فەلسەفیە نیچەگەراییەی فەیلەسوفانی ناوبراوی فەڕەنسی کاریان لەسەرکردووە گەلێ هۆی لەپشتەوەیە گرنگترینیان ئەوەیە کە پسپۆر و توێژەرەوان لە بواری فەلسەفە لەم زانکۆیە سەرگەرمی فەلسەفەی شیکردنەوەیین کە ئەمڕۆ لە زۆربەی کۆلێجەکانی فەلسەفە لە ولاتانی ئینگلیزی زمان(ئەنگلۆ-ئەمەریکی) دا زالە و هۆی دیش بەدلنیایەوە بوونی هەیە لەوانە گومانکردنی روناکبیر و فەیلەسوفانی ئینستیتووتی ناوبراو لە فەلسەفەی بیریارانی ناوبراوی فەڕەنسی ( بەتایبەت نیچەخوازەکان) کە گەلێ کۆنکرێت نییە یان بە لۆژیك پشتبەستوو نییە. بەواتاێتر بەو فەلسەفەیەوە پشتبەستوو نیە( واتە فەلسەفەی لۆژیك) کە بنەچەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێیە. هەر سەبارەت بەم لایەنە دەمەوێ باس لەو نموونەیەش بکەم کە دێریدا لەو مێزگرتەی دەیهێنێتەوە. دێریدا کە باس لە هەندێ ڕووی دەسەلاتی فەلسەفەی شیکردنەوەی دەکا دێتە سەر نموونەێ زیندوو کە گوایە هەندێ قووتابی فەلسەفەی زانکۆیەکی ئەنگلۆ-ئەمەریکی ئەوەی بۆباسدەکەن کاتێ کە باسی هەندێ فەیلەسوف (هیگل و نیچە)یان بۆ مامۆستاکەیان کردووە مامۆستاکەیان پێیان پێکەنیوە و ووتویەتی ئەوە فەلسەفە نییە(14). خۆی ئەمەی دێریدا دەیگێڕێتەوە نموونەێ زیندووە لەسەر هەولی پەراوێزکردنی فەلسەفەی کۆنتنێنتال لەلایەن فەیلەسوفانی فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ-ئەمەریکی بەلام دەکرێ ئێمە نموونەێ لەوە نزیدکتر بهێنینەوە کە نموونەکەش ئەو کۆنفلیکتەیە (قەیران) کە لەنێوان دێریدا وەك فەیلەسوفێ دیاری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتال و جۆن سێڕل وەك فەیلەسوفێکی ئەمەریکی بەرچاوی ناو فەلسەفەی زمانەوانی, کە ئەم فەلسەفەیە بڕبڕەی پشتی فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکیە, ڕوودەدا(15).

تەنانەت من دەتوانم ڕوویەکی تری ئەم کێشەیە بەجۆرێ تر ڕوونکەمەوە. بۆنموونە دێریدا کاتێ کە کتێبی گراماتۆلۆژی (لەمەڕ نووسینناسی) دەنووسێ مرۆڤ بەئاشکرا هەستبەوەدەکا کە پڕۆژەی ئەم کتێبە وەلامێ ڕاستەوخۆیە بۆ فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکی بەتایبەت ئەو لایەنەی کە پێیدەلێن فەلسەفەی زمانەوانی کە کۆلەکەی پشتی فەلسەفەی شیکردنەوەیە.

بۆزێتر ڕوونکردنەوەی نەرێتی فەلسەفەی شیکردنەوەی کە نەرێتێ فەلسەفی ئەنگلۆ – ئەمەریکیە ئەوەش دەلێم کە ئەوی گەر یەك تێرم فەلسەفەی لە زانکۆی ستۆکۆلم یان زانکۆکانی تری ئەسکەندەنافیا خوێندبێ نەك هەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە چەند فەلسەفەی شیکردنەوەی سیحرێ گەورەی لە ژیانی فەلسەفی کۆلێجەکانی فەلسەفە لەم ولاتانەدا هەیە بەلکو ئەوەشی بۆ ڕووندەبێتەوە کە چەند نەرێتی فەلسەفەی کۆنتنێنتال کە نەرێتێ فەلسەفی فرانکۆفۆنی و

ئەلمانیە لەژێر لێوەوە باسدەکرێ و تاڕادەێ لە گەلێ قۆناغەکانی خوێندنی فەلسەفە ناوی بیریار و ئاڕاستە فەلسەفیەکانی ئەم جۆرە نەریتە فەلسەفیە هەر گۆشناکرێ. من کە کۆلێجی فەلسەفەی تیۆری و پڕاکتیکم لە زانکۆی ستۆکۆلم خوێندوە تەنیا جارێ گوێملێبووە وتراوە دێریدا, فوکۆ و بارت, ئەوەش ئەوکاتە بووە کە قسە هاتۆتەسەر بابەتی مەرگی سوبژێکت. بێژەرەکە( کە ناوی لارش ئو ئیریکسۆنە) ئەو بابەتەی گەڕانەوەتەوە لای هەندێ بیریاری فەڕەنسی لەوانە فوکۆ,دێریدا و بارت و بۆیەکمجاریش بووە گوێم لەو ناوانە بێ. ئەم فەرامۆشکردنەی فەلسەفەی کۆنتنێنتال کە بیریارانی فەڕەسی نوێ بە پلەی یەك دەگرێتەوە پێوەندی بە زالبوونی ئەو نەریتە فەلسەفیەوە هەیە کە ئەوەش فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ-ئەمەریکیە. بەلام لەهەمانکاتیشدا نەك ڕۆژ نەبووە بگرە وانەش نەبووە ناوی بیریارهایەکی وەك: مۆڕ, ڤتگنشتاین, ستراوسۆن, ئۆستین , کواین,فرێجە, ڕاسل, داڤیدسۆن و باقی بیریارانی تری ئەنگلۆ-ئەمەریکی گۆنەکرێ بەتایبەت بیریارانی فەلسەفەی ئاگای ,فەلسەفەی زمان و لۆژیك هەروەها فەلسەفەی زانستیش.

من بۆزێتر ڕوونکردنەوەی ئەوی لایسەرەوە ئەوەشدەلێم کە, نە دەکرێ وەك لای ئێمە هەوادارانی فەلسەفە تەنیا خەریکی گۆکردنی ناوی یەك دوو بیریار و چەند واتا و ئاڕاستەێ فەلسەفی بن و نەش وەك خوێندنی فەلسەفە لە زانکۆکانی ئەسکەندەنافیا کە تەنیا بە ووتنەوەی تاکە نەرێتێ فەلسەفیەوە تایبەتکراوە. من ئەم لایەنە دەکارم پتر ڕاڤەکەم تا تێگەیشتنێ لە فۆڕمێ دی بەردەست خوێنەری ئەم باسەخەم. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلاێ دەمەوێ قسەکانم بەلگەدارکەم, کە ئەوە زۆر گرینگە, و لەلاێدیش دەمەوێ ئەو لایەنە تاریکە لە تێگەیشتنی هەوادارانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەناو ئێمە ڕۆشنکەمەوە کە تائێستا دەستکاری نەکراوە. دەمەوێ لەوێشەوە وەسەرەتابێم کە لە ولاتانی ئەسکەندەنافیا یان لە گەلێ لە ولاتانی جیهان یاخود بۆ نموونە لە زانکۆی ستۆکۆلم کە نەرێتی فەلسەفەی شیکردنەوەی,کە نەرێتێ ئەنگلۆ – ئەمەریکیە, زالە ئەمە بەمەبەستەوە کراوە. واتە ئەو هەموو بایەخە بە تەرێتی فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی بە ئاگاییەوە دەدرێ. دیسانەوە ئەو فەرامۆشکردنەی فەلسەفەی کۆنتنێنتال بەتایبەت فەلسەفەی نوێی فەڕەنسیش(فەلسەفەی بنەماخوازی , پاشبنەماخوازی, فەلسەفەی پاش تازەگەری, فەلسەفەی هەلوەشانەوەگەری, فەلسەفەی فێمینیزم, فەلسەفەی هێرمینۆتیك و سێمیۆلۆژی) هەر بەئاگایی و مەبەستەوە کراوە. ڕەنگە هۆی سەرەکی لە پشت ئەم دیاردەیەوە ئەوەبێ کە من تەنیا لێرەدا دەتوانم ئەو حالەتە بەنموونە بهێنمەوە کە لە سالی 1992 دا بەسەر خودی دێریدا هات کاتێ زانکۆی کامبرج خەلاتی دکتۆرای فەخریان پیێنەدا لەبەر ئەوەی کە کارەکانی ڕێگا لەبەردەم پووچی دەکەنەوە ,ئەوەش بە ئیمزای بەشێ زۆر لە فەیلەسوفانی ئەو زانکۆیە(لەوانە کواین) ئەمەکرا. نەك هەر ئەوە بەلکو بەگشتی بایەخێ ئەوتۆ بە فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفە فەڕەنسیانەش نادەن کە لەژێرکاریگەری نیچە گەشە بە بیری فەلسەفی خۆیان دەدەن. گەر ناوی بەشێ زۆر لە بیریارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتالی فەڕەنسی بە نموونە بهێنمەوە لەوانە بارت, لیۆتار, بۆدریار, دولۆز, فوکۆ, دێریدا, لاکۆ-لابات, نانسی, گۆتارێ, لاکان, سیزۆ پێموانیە هەموو ئەم بیریارانە بەسەریەکەوە 10 کتێبیان بە زمانی سویدی هەبێ. بۆنموونە دێریدا کە پتر لە 70 کتێبی هەیە 5 کتێبی بە سویدی هەیە. دوو لەو کتێبانە ئەوانەن کە سەبارەت بە هوسرەل نووسراون. ئەمەش لەبەرئەوەی نەوەیەکی لاوی هوسڕەلی لە سوید لە هاتنە دونیایە, کە زۆربەیان تێزی دکتۆرانامەکانیان لەسەر هوسرەل نووسیوە(16). ئەم حالەتە واملێدەکا پرسیارێ لەم ڕوەوەبکەم : باشە کاتێ کەسێ لە شوێنێ وەك سوید خەریکی توێژینەوەێ زانکۆی بێ بۆنموونە لەسەر دێریدا یان فەلسەفەی فڕانکفۆنی پێش هەموو شتێ چ کێشەیەکی دێتە پێش کە ئەمەیان بەخۆی کێشەی خۆمە لەئەمئێستادا؟ پێشەکی کێشەی ئەوەی دێتە پێش کە ئەو کەسە توێژینەوە لەسەر جەمسەر یان نەرێتێ فەلسەفی دەکا کە باو و پۆپولێر نییە. پاشان هەر ئەم کەسە دووچاری کێشەێ سێستەماتیکی دیش دەبێتەوە ئەوەشە ئەوەیە کە ناوبراو بە زمانی سویدی کە زمانی دایکی ئەو توێژینەوەیەیە کارێ ئەکادیمی ئەنجامدەدا کە ڕەنگە لە 2٪ ی ئەو سەرچاوانە دەستکەون کە بۆ توێژینەوەکە بەکاردەبرێن جا لەم حالەتەدا مرۆڤ دەبێ هەمیشە زمانی ئیگلیزی بزانێ, کە لایسەرەوەش ووتم, زمانی تەنیا فەلسەفەی شیکردنەوەی نییە بەلکو زمانی گشت ئەو ڕوناکبیریەشە کە پێیدەوترێ ڕوناکبیری ڕۆژئاوا. ئەمە دوو کێشەن کە پتر لەوانیدی شایانی باسکردنن بەلام کێشەی تریش هەن کە ڕەنگە ئێرە شوێنی باسکردنی نەبێ.

مایەوە لەم بەشەی ئەم نووسینەدا ئەوەش یادخەمەوە کە هەلەمنەکرد پێشتر ووتم ئەوی لەناو ئێمە هەبووە فەلسەفە نەبووە و تابشلێی لە فەلسەفە جیابووە. فەلسەفە لای ئێمە ئەگەرچی لاسایکردنەوەێ ڕاستەخۆی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە بەلام لەگەل ئەوەشدا نووسەر و ئەڤیندارانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەناو ئێمە دەرکییان بەو دابەشەبوونە نەکردووە و زانیاریان لەسەر ئەوە نەبووە فەلسەفە لە ڕۆژئاوا وەك دیسپلینی ئەکادیمی دوو بەشە (فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك) و ئەمەش دوو جەمسەری فەلسەفی(جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتال و جەمسەری فەلسەفەی شیکردنەوەی) لەم دوو سەدەیەی دوای لە ڕۆژئاوا دروستکردووە و, تەنانەت هیچ ئاگایێکیش لەو ڕوەوە نەبووە کە ئەم دوو فەلسەفەیە(فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەی) دوو یان سێ زمانی فەلسەفی ڕایگرتووە و ناکۆکی و ناتەبایێ فکری زۆر لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە فەلسەفیەدا هەیە.

ئەوی لایسەرەوە ووتم واملێدەکا پیێلەسەرئەوەداگرم کە, ناشێ و گونجاو نییە باس لە بوونی فەلسەفە بکەین وەك زانینێ ئەکادیمی لەکاتێکدا چەندین ژانری فەلسەفی لەناو ئێمە جارێ نەناسراون. من کە لەسەرەوەدا باسم لەو دابەشبوونە نێودەولەتیەی فەلسەفە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیکی کرد مەبەستم لە خستنەڕووی ئەو دابەشبوونە تەنیا دابەشبوونێ ئیداری و بیرۆکراتی نەبوو بەلکو ئەو دابەشبوونە شتی تریشی بەدەمەوەیە لەوانەووردکردنەوەی پسپۆڕی و شارەزاییەکان کە ئەوەش بەپلەی یەك بواری توێژینەوە لەخۆدەگرێ.

گەر پتر بدوێم دەلێم, مەبەستم لەو خستەڕووە ئەوەشبوو کە ئەم دابەشبوونە بووەتە هۆی دابەشبوون و ووردکردنەوەی تر کە هەرهەمووش دواتر بوونە بە دەروازەێ بۆ دابەشکردنی کێشەکان کە بەخۆی هەولدانێکە بۆ مسۆگەرکردنی پسپۆڕی و شارەزایی لە گفتووگۆ و تیۆرییە فەلسەفیەکانا. لایئێمە کە جارێ فەلسەفە هەر فەلسەفەیە نەیتوانیوە بگا بە دابەشکردنی پسپۆڕی و شارەزای لەبواری فەلسەفە بەلام زۆر بەباشی و لێهاتووانە گەیووە بە پلەی بچووکردنەوەی گفتووگۆ و تیۆرییە فەلسەفیەکان و سەرقالکردنی فەلسەفە بە یەك دوو واتای فەلسەفی یان ناوی یەك دوو فەیلەسوف. ئەمەی لای ئێمە نە دەکرێ پێیبووترێ فەلسەفەکردن و نەش کارکردنە لەسەر وەدەستخستنی توێژینەوە لەسەر کێشە و گرفتە ڕۆژانەیەکان و تادەگاتە پرسیارە ئەبەدیەکانی فەلسەفە بەلکو ئەوە جۆرە ڕۆشنبیریکردنێ ناسێستەماتیکی سەرپێیانەیە بەسەر تێڕامان و تێفکرینەوە. ئەم جۆرە فەلسەفەیەش نە دەتوانێ کردەێ فەلسەفی یان پرۆسەێ لە فەلسەفەکردن بەرهەمبهێنێ و نەش هێزی ئەوەی هەیە دادوەری بەسەر بوون و نەبوونمانەوە بکا.

هەر سەبارەت بە باری ڕوناکبیری فەلسەفی لای خۆمان ئەوەش دەلێم کە بایەخێ زۆر لەناو ئێمە بە کەلەپووری فەلسەفەی کۆنتنێنتال دەدرێ بەبێئەوەی تێکستەکانی ئەو بیریارانە وەڕگێڕدرابێتنە سەر زمانی کوردی یان ئەو زمانانەی هەوادارانی فەلسەفە لەناو ئێمە دەیزانن. هەروەها فەلسەفەی کۆنتنێنتال لەناو ئێمە کە زۆر باوە بەلام ئەو ئاگایە لەناو ئێمە باو نەبووە کە ئەوەی باوە فەلسەفەی کۆنتنێنتالە. پاشان فەلسەفەی کۆنتنێنتال, کە پێشتریش ڕوونمکردەوە, نە تەنیا لە فەلسەفەی کۆمنتنێنتالی فەڕەنسی بریتیە و نەش لەو نەختە تێکست و واتایانەی بینەقاقای فکری فەلسەفی لایئێمەیان گرتووە. هەر لەم ڕوەوە پییم باشە دەست بۆ ئەو لایەنەش ڕاکێشم کە, لە درێژەی ئەو تەعەدایەش لەناو ئێمە لە فەلسەفەکراوە ئەوە دروستبووە کە نەك هەر هەست بەهیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەو دوو بەشەی فەلسەفەدا نەکراوە بگرە دەرکبەوەشنەکراوە کە هەریەك لەو دوو بەشە بیریار و فەیلەسوفی خۆیانیان هەیە کە ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بەشی یەکەمەوە بۆ بەشی دووەم بە ڕێباز و ڕێڕەوی جیادا دەڕوا.

من لایسەرەوە ئاماژەم بۆئەوەشکرد نووسەر و هەوادارنی فەلسەفە لەناو ئێمە زۆر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کۆنتنێنتال و ئاڕاستە و شەپۆلە فەلسەفیەکانی ئەم فەلسەفەیەدان بەلام هەرگیز لەوە بەئاگانین کە ئەوەی ئەوان کەوتونەتە ژێرکاریگەرییەوە فەلسەفەی کۆنتنێنتالە. هۆی ئەمەش تەنیا بۆ ئەو وەرگێڕاوانە دەگەڕێتەوە کە کەوتوونەتە بەردەستیان. یەك لەو هۆیانەش ئەوەیە کە لە جیهانی عەرەبی بەزۆری ڕۆشنبیری فڕانکفۆنی(فەڕەنسی زمان) و ئەلمانی باوە ئەم دوو گرووپی زمانەش سەرچاوەێ سەرەکین بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال. دووەمیان(واتە ئەلمانی) وەك ڕیشەی ئەو فەلسەفەیە و ئەوی یەکەمیش (فەڕەنسی) وەك هەنگاوێ بۆ گەشەدان بەو ڕیشەیە. تەنانەت ئەم نەرێتە لە ناو نووسەرانی فارسیش باوە. بەلام ئەوی نووسەرانی فارس لە نووسەرانی عەرەب جیادەکاتەوە سێ شتە. یەکەمیان ڕۆشنبیری عەرەبی زۆر وابەستیەیە بە ڕۆشنبیری فەڕەنسیەوە و تەنانەت کاری نووسەرە ئەلمانی و ئەنگلۆ – ئەمەریکیەکانیش هەر لە فەڕەنسیەوە وەردەگێڕن. بەلام هۆی دووەم ئەوەیە کە ڕۆشنبیری فارسی زۆرتر لە ڕۆشنبیری عەرەبی بە نەرێتی فەلسەفەی عیرفانیەوە گرێدراوە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر نووسەرانی فارسەوە لە گشت بوارەکانا جێهێشتوە. نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ کە مەزهەبی شیعە پتر عیرفاتی ترە و سیاسەتیش کە لاهوتیکراوە هەر ڕیشەێکی بۆ ئەو نەرێتە عیرفانیە دەگەڕێتەوە کەلەناو کولتووری فارسیدا زالە. هەرچی هۆی سێهەمە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری فارسی کەمتر گیرۆدەی ئەو کۆنفلێکتە سیاسیە بووە کە پێیدەلێن کێشەی عەرەبی-ئیسرائیلی, کە ئەم لایەنە زۆرجار وایکردووە نووسەرانی عەرەبی بایەخ بە کار و بەرهەمی ئەو بیریار و ڕوناکبیرە ڕۆژئاواییە فەڕەنسی و ئەلمانی و یان ئەنگلۆ-ئەمەریکیانە نەدەن کە جوون(یەهودین). بۆیە نووسەر و هەوادارنی کورد کە سالانێ زۆر لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبی بوونە باجی ئەو جیاوازیانەیان بە باشیداوە. ئەمە نەك هەر سەبارەت بە شتە فکریەکان تەنانەت لەبواری ئەدەب و بەتایبەت شیعریشدا ئەو جیاوازیە کاریگەری بەدیدەکرێ. بۆنموونە ئەدیب و شاعیرانی نەوەی 1970کان زۆرتر لەژێر کاریگەری ئەزموونی شیعرنوسین و ئەدەبی لوبنانی بەپلەی یەك و عێراقی-میسری بەپلەی دوو بوونە. بەلام نەوەی پاش ئەمان کە هەندێکی پێش چوونە هەندەران بەڕێگای ئێران خۆیان فێری فارسی کرد یان ئەوانەی لە کاتی بەرەو چوونە هەندەران خۆیان فێری فارسیکرد کەوتنە ژێرکاریگەری ئەزموونی شیعریی و ئەدەبی فارسیەوە کە هەروەك لایسەرەوەش ئاماژەم پێکرد, ئەم ئەزموونە جۆرە ئەزموونێ سۆفیگەرای لاهوتیە(زوهدی و عیرفانی) جودایە لە ئەزموونی بۆنموونە کەسانێ وەك بەدرشاکرئەلسەیاب , نازیك ئەلمەلایکە ,عەیدلوەهاب بەیاتی, ئەدۆنیس,

ئەنسی حاج و کەسانێ دی. بۆیشە ئەو دوو جۆرە ئەزموونە ئەدەبیە واتە ئەوی 1970کان و ئەوی پاش 1980کان لێکناچن. مەبەستم نەوەی یەکەم لەژێرکاریگەری شیعری تازەی عەرەبی بووە کە ئەویش بەخۆی لەژێر کاریگەری شیعری فەڕەنسی بەتایبەت سێکوچکەکەی شیعری فەڕەنسی بووە(بۆدلێر, مالارمێ, ڕامبۆ) بەلام هەرچی نەوەی دووەمە کەوتۆتە ژێرکاریی زەبری ئەو شیعرگەراییە زوهدیەی لە شیعری ئێرانیدا بەرجەستەیە کە زۆر لە بانگەشە فەلسەفیەکانی نیچە دەچێ کە بیریارێ پایەداری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتالە. ئەمەو ڕەنگدانەوەی هەندێ لە ئەزموونە شیعری  تراکل, ڕێلکە و هۆلدرلین ئەلبەتە فەلسەفەی زوهدی کێرکجاردیش.
دوای ئەو نەختە قسەکردنەم لەسەر کاریگەری ڕۆشنبیریەکان بەسەر سێستەمی نووسین و بیرکردنەوەی ئێمە دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر دیاردەێ تر ئەوەش مەسەلەی پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەبە کە بەرهەمی فەیلەسوفانی کۆنتنێنتالە نەك شیکردنەوەی بەلام سەیرە لائێمە کە هیچ زانیارێ لەسەر فەلسەفەی کۆنتنێنتال نییە وەلی پێوەندی فەلسەفە و ئەدەب لە لوتکەدایە. من دەتوانم ئەم لایەنە بەجۆرێ تر ڕوونکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو فەلسەفەیەی لائێمە باو بووە فەلسەفەێ عیرفانی بووە کە بوونیادی ئەم فەلسەفەیە تاڕادەێ زۆر ئەدبیەتی تیایە بۆیە باشترین شاعیری ئێمە پێش ئەوەی ئەدیب بێ دەکرێ وەك فەیلەسوفێکی عیرفان تەماشاکرێ لەوانە : نالی, مەحوی. بۆیە دواتر کە ژانری ئەدەبی تەنانەت ڕەخنەی ئەدبیەش, هاتۆتە دونیاخاسلەتەکانی ئەو فەلسەفە عیرفانیەی هەر بەسەرەوە ماوە. بۆیە زۆربەی ڕەخنە ئەدەبیەکانیشمان تائێستا هەر لەچوارچێوەێ زمانەوانی شیعرگەرای شێوە تیۆلۆژی دەنووسرێن. ئەم لایەنە کاریگەری بەسەر نووسینە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیشمانەوە بەجێهێشتووە. ئەوەتا باشترین سیاسی وەك تیۆلۆگ دەپەیڤێ. یان باشترین تێکستی ڕەخنەی فۆڕمێ شیعرگەرای زوهدی هەیە.
ئەم لایەنە واتە پێوەندی فەلسەفە بە ئەدەب کە پتر بەرهەمی فەیلەسوفانی فەلسەفەی کۆنتنێنتالە لە یەکێ لە پەڕەگرافەکانی لایسەرەوە بەشێوەێ سەرپێی قسەملەسەرکرد گەلێ ئاڕاستەی لێبوەتەوە زۆرترینی ئەمانەن:
هەلوەشانەوەگەریی فەڕەنسی(دێریدا),هەلوەشانەوەگەریی ئەمەریکی (دۆمان) , پاش بنەماخوازی فەڕەنسی (فوکۆ), فینۆمینۆلۆژی ئەلمانی(هایدگەر). ئەو پێوەندیەش کە لەنێوان فەلسەفە و ئەدەب دایە کە لەناو فەلسەفەی کۆنتنێنتالدا بەهێزە باسێ دیش دێنێتە پێشەوە کە ئەوەش بابەتی پێوەندی نێوان زمان و فەلسەفەیە کە لە ژێر سایەی فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال ڕەوتێ تری وەرگرتووە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر پێوەندی نێوان زمان و ئەدەبیش بەجێهێشتووە کە فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی بەو شێوەیە ناڕوانێتە پێوەندی نێوان زمان و ئەدەب. گرینگە باس لەوەشکەم کە, بەشێ لە فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال بایەخ بە هونەر دەدەن(ئەدەبی هونەر) و بۆئەوەش دەچن کە کاری(ئەرکی) هونەر پاڕادیمە بۆ فەلسەفە. هەلەشناکەم بلێم فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال ڕاستەخۆ کاریان لەسەر زمان, شیعرگەرایی و ئەدەب کردووە و لەمڕووەوەشەوە نموونە زۆرە: بۆنموونە کارکردنەکانی هایدگەر لەسەر هۆلدرین. بەخۆی هایدگەر نموونەێ گەورەیە لەسەر مەسەلەی فەلسەفیانە بیرکردنەوە لەمەڕ هونەر کە دواتر ئەم پەتایە گەلێ لە بیریارانی تری کۆنتنێنتالی گرتەوە لەوانە دێریدا. دێریدا لەپال کارە فەلسەفیەکانی گەلێ تێکستی لەسەر شیعرەکانی سیلان یان مالارمێ, شانۆکانی ئارتۆ یاخود تێکستەکانی ژان ژینێ و جویس نووسیوە. ئەمەش دەرگای لە گەلێ لە ڕوناکبیرانی تری کۆنتنێنتال کردۆتەوە. یان نووسینەکانی ئەدرنۆ لەسەر موزیك تەنانەت کولتووریش هەروەها قسەکانی دولۆز لەسەر سینەما یان بۆدریار و سینەما یاخود وێنە(فۆتۆ).

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**✱-ئەمە بەشێکە لەو بابەتەی لەم بارەیەوە نووسراوە**

1- بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە:

Derrida , J, Ethics , Institutions, and the right to philosophy, translated , ediited, and with commentrary by Peter pericles Trifonas, Lanham Md: Rowman & Littlefiled, 2002,p.23

لەم سەرچاوەیەدا بڕوانە ئەو مێزگرتەی دێریدا لەتەك چەند نووسەرێ ئەنجامیداوە کە بەخۆی لەیارەی ئەو تێکستەوەیە کە ناوبراو لەو کۆنفرانسە نێودەولەتیەدا پێشکەشیکردووە کە لەبارەی وتاری هۆمانییەوە بووە کە لە ئەپریلی (نیسانی) 1994 دا بەستراوە. دێریدا  لەوێڕا باسێ لەژێرناوی" "لەمەڕ دیسپلینی هیۆمانی و فەلسەفی: ماف بۆ فەلسەفە لەڕوانگەی دیدێ کۆسمۆپۆلیتیکیەوە" " پێشکەشدەکا. خودی ئەم تێکستەی دێریدا خۆی لەسەر ئەو باسە پێکهێناوە کە دێریدا لە ئایاری 1991 دا لەو کۆنفرانسە نێودەولەتیە پێشکەشیکردووە کە یۆنسکۆ لە پاریس سازیکردووە.

Roundtable discussion : Hazard Adams, Ernst Behler, Hendrick Birus, Jacques Derrida, Wolfgang Lser, Murray Krieger, J. Hillis Miller, Ludwig Pefeiffer, Bill Readings, Ching.hsien Wang, Pauline Ya

2- سالانی 1950 بۆ 1980 كان چەند نووسەرێ عەرەبی, لە لوبنان و میسر و دواتر لە مەغریبیش, هەندێ دەرگایان لە ناساندنی فەلسەفەی یۆنانی كردەوە بەلام ئەم ناساندنە ئەو كاریگەریەی بەسەر ڕۆشنبیری فەلسەفی ئێمە زۆر جێنەهێشت و پاشان خراپی لە وەرگێڕانی تێكستەكان و لەوەش بگەڕێتەوە باش عەرەبی نەزانینی بەشێ لە خوێنەرانی ئەو تێكستە وەرگێڕاوانە لەناو ئێمە كاریگەری خۆیان لە شێواندی ئەو فەلسەفەیە هەبووە كە ڕیشەی فەلسەفەیە. لەو كێشانە بەدەرتر دەكرێ باس لەوەشكرێ كە تێكستە فەلسەفیە یۆنانیەكان زۆرجار لە زمانی ترەوە بەتایبەت ئینگلیزی یان فەڕەنسی نەك یۆنانیەوە كراون بە عەرەبی. بەلام دەكرێ لێرەدا باس لە دیاردەێ تریشكرێ , ئەوەش ئەو كێشەیە كە لەناو ئێمەدا باوە و بەلام بەخۆی لە ئەزموونی نووسین و وەرگێڕانی ڕۆشنبیرانی عەرەبیەوە وەرمانگرتووە كە بەشێ لەوانەی كاری فەلسەفییان لە جیهانی عەرەبی كردووە ڕوناكبیرهایەكی ئەكادیمی نەبوونە و یان فەلسەفەیان وەك دیسپلینێكی ئەكادیمی وەرنەگرتووە بەلكو نووسەر و وەرگێڕهایەكی عیسامی بوونە و یان حەزی خۆیان و هەوەسیان بۆ فەلسەفە بەرەو ئەوەی بردوون وەرگێڕن یان فەلسەفەبكەن. ئەو پەتایەش زۆربەئاسانی لەناو ئێمە بلاوبۆتەوە. هەرچی تایبەتە بەم سالانەی دوای و خۆسەرقالكردنی هەندێ كەس لە كوردستان بە زمانی فارسی و یان گەیشتنی نووسین و وەرگێڕاوی نووسەر و وەرگێڕە فارسەكان بۆ كوردستان كەمتر لەو كێشانەی دروستنەكردووە كە لایسەرەوە لێیدواین. چونكە ئەو وەرگێڕاو و نووسینانە نووسەرانی كوردیان بەرەو ئەوە بردووە كە فەلسەفە وەك مۆدە و یان وەك خۆشیەك وەرگرن نەك وەكئەوەی فەلسەفە هەلوێستەكردنە لفەئاست كێشەكانی مرۆڤ. بەواتاێ بەرینتر فەلسەفە بەرپرسیارییە و ئەركێ گەورەش پیادەدەكا.

3- بەپێی ئەو نەرێتەی لە ئینستیتووتەكانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا پێڕەودەكرێ دیالۆگەكانی ئەفلاتوون دابەش سێ قۆناغدەكرێ: قۆناغی لاوی, قۆناغی ناوەراست و قۆناغی كاملی یان پیری. ئەو دید و سێركردنانەش سەبارەت بە جوانكاری, ڕەوشتی سیاسی, تێگەیشتنی فەلسەفی و .. هتد لەو دیالۆگانەدا ووتراون بەپێی قۆناغەكان گۆڕانی هاتۆتەسەر و لەوبارەیەوە دێیاتی جۆراوجۆری فەلسەفیش بوونیان هەیە.

4- ئەم كۆبوونەوەیە كە لە ئایاری 1991 دا لە پاریس سازكراوە یەكەم كۆبوونەوە بووە كە یۆنیسكۆ لەژێر ناوی ***كۆنفرانسێ نێودەولەتی بۆ وتاری هیۆمانی*** سازیكردووە. ئەو وتارەش كە دێریدا تیایا بەشداریكردوە بەم ناوەوە بووە: ***ماف بۆ فەلسەفە لە ڕوانگەی دیدێ كۆسمۆپۆلیتیكیەوە***. لەم ڕوەوە بڕوانە لاپەڕەكانی 18-1 ئەم سەرچاوەیە:

Derrida , J, Ethics , Institutions, and the right to philosophy, translated , ediited, and with commentrary by Peter pericles Trifonas, Lanham Md: Rowman & Littlefiled, 2002..

5- بڕوانە هەمان سەرچاوە لاپەڕەی 39.

6- بڕوانە لاپەڕەی 23 و 40 ی هەمان سەرچاوە.

7-بڕوانە لاپەڕەكانی 37-35 لە بەشی دووەمی ئەو كتێبەی سەرەوە كە بابەتی مێژگرتەكە لەخۆدەگرێ.

8- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Wittgenstein, Ludwig , Tractatus logico-philosophicus, översättning, inledning och noter Anders Wedberg, Thales, 1997.

سەبارەت بە تێگەیشتنی ڤتگنشتاین لە ""**تراكتاتۆس**"" , لەو بەرهەمەی لایسەرەوە ناویهات, لەمەڕ فەلسەفە ,كە بەخۆی تێگەیشتنیشیەتی لەسەر میتافیزیك, پێویستە هەمیشە ئەوە لەبیرنەكرێ كە ئەو بەرهەمە ڕوانین و بیرۆكەكانی ئەوەندە ئەستەم و دژوارن ناكرێ لە چەند گوزارەێ كورت و پووختكرێتەوە . ئەمەش تەنیا كێشەی من نییە و بگرە كێشەی گشت فەیلەسوفانی ئەنگلۆ-ئەمەریكییە یان كێشەی گشت ئەو فەلسەفەیە كە لەژێر ناوی فەلسەفەی شیكردنەوە ئەمڕۆ لە ولاتای ئینگلیزی زماندا نەشونمادەكا. چونكە لەو بەرهەمەی كە لایسەروە ناویهات ڤتگنشتاین بیرێ زۆر دەگمەن و سەیر لەسەر فەلسەفە دێنێتەكایەوە و لەگەل كەمی لاپەڕەكانی ئەو بەرهەمە بەلام تائەمڕۆ یەكێكە لە ئینجیلەكانی فەلسەفەی لۆژیك كە بەزۆری لە زانكۆكانی ولاتانی ئەنگلۆ ئەمەریكیدا زالە. ئەم بەرهەمە لە زۆربەی كۆلێجی فەلسەفەی ئەو زانكۆیانەی لەسەر ترادیسیۆنی فەلسەفەی شیكردنەوەی دەڕوا دەخوێندرێ و بە

یەکێ لە کتێبە سەرەکیەکانی بەشی فەلسەفەی تیۆری دادەنرێ. من لە کارێکمدا کە جارێ تەواونەبووە کە بەخۆی توێژینەوەێ بووە سەبارەت بە کۆرسی ""تراکتاتۆس "" تێڕامانی خۆم لەو ڕووەوە دەخەمە بەردەست خوێنەری کورد.

9- لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو مێزگرتەی دێریدا لەتەك چەند نووسەرێ ئەنجامیداوە کە بەخۆی لەیارەی ئەو تێکستەوەیە کە ناوبراو لەو کۆنفرانسە نێودەولەتیەدا پێشکەشیکردووە کە لەبارەی وتاری هۆمانییەوە بووە کە لە ئەپریلی (نیسانی) 1994 دا بەستراوە. دێریدا لەوێڕا باسێ لەژێرناوی""لەمەڕ دیسپلینی هیۆمانی و فەلسەفی: ماف بۆ فەلسەفە لەڕوانگەی دیدێ کۆسمۆپۆلیتیکیەوە"" پێشکەشدەکا. خودی ئەم تێکستەی دێریدا خۆی لەسەر ئەو باسە پێکهێناوە کە دێریدا لە ئایاری 1991 دا لەو کۆنفرانسە نێودەولەتیە پێشکەشیکردووە کە یۆنسکۆ لە پاریس سازیکردووە.

لەم ڕووەوە بڕوانە لاپەڕەکانی 37-27 ی بەشی دووەمی ئەو کتێبەی لایسەرەوە کە ناونیشانی مێزگردەکە بەمجۆرەیە :

Roundtable discussion : Hazard Adams, Ernst Behler, Hendrick Birus, Jacques Derrida, Wolfgang Lser, Murray Krieger, J. Hillis Miller, Ludwig Pefeiffer, Bill Readings, Ching.hsien Wang, Pauline Ya

10- بڕوانە ئەم سەرچاوەی لایخوارەوە کە بەشی یەکەمی کتێبی""**ماف بۆ فەلسەفە** ""پێکدێنێ و بەشی دووەمی کتێبی ناوبراویش ناوی"" **چاوەکانی زانکۆ**"" لەخۆدەگرێ:

Derrida ,J, Who´s afraid of philosophy? : Right to philosophy 1 , Translated by Jan Plug , Stanford University Press,2002

11- لەم ڕووەوە دەمەوێ سەرنجی خوێنەری ئەم تێکستە بۆ ئەم کتێبەی"" **پێتەر سینگر**"" ,کە فەیلەوسوفێ ئوسترالییە, ڕاکێشم کە بە کتێبێ بناغەی لە بواری فەلسەفەی پڕاکتیك لەقەلەم دەدرێ و ئەو باسانانەش سینگر , لەوێڕا لە سێ دەیەی لەمەوبەر, گفتوگۆیدەکا لەگەلێ لە بەشەکانی فەلسەفەی پڕاکتیك لە زانکۆکانی ئەوروپا بووە بە شوێنی لێخووردبوونەوە. بەشێ لەو تێمایانەش سینگر گفتووگۆی دەکا کە تائەمڕش فەیلەسوفانی ئیتیك لە ڕۆژئاوا پەرەپێدەدەن ئەمانەن: ستاتۆسی ڕەوشتی ئاژەل, لەباربردن, زەبری سیاسی, بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی, ئەرکی یارمەتیدانی ئەویتر, بەرپرسیاری بەرامبەر بە ژینگە, ڕەفتار لەتەك پەناهەندەدا. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Singer, P, Praktisk etik, översättning av Jonas Josefsson, Thales,1990.

12- بڕوانە لاپەڕە 20 ی مێزگرتەکەی لایسەرەوە.

13-بڕوانە هەمان مێزگرت لاپەڕە 29.

14-بڕوانە هەمان سەرچاوە لاپەڕەی 53.

15- لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە کتێبەکەی دێریدا بەناوی ""***پەراوێزەکانی فەلسەفە***"" کە لە سالی 1972 بە فەڕەنسی بەچاپگەێندراوە. لەم کتێبەدا ئەو سەروتارەی دێریدا نووسیویەتی بەناوی"" ***ئیمزا, ڕووداو, تێکست***"" تیایا بلاوکراوەتەوە کە بەخۆی سەروتارێکە لەو کۆنفڕانسە نێودەولەتیە پێشکەشکراوە کە لە سالی 1971 لە مۆنتریال سازکراوە. لەو سەروتارەدا دێریدا هەلوێست وەردەگرێ بەرامبەر بە ""***تیۆری کردەی ئاخاوتنی ئەنگلۆ-ئەمەریکی***"" . بڕوانە ئەم سەرچاوەیە بۆ وەدەستهێنای ئەم سەروتارە:

Derrida, J, Margin of philosophy, translated with additional notes by Alan Bass, Brighton , Harvester press,1982

سەرچاوەی دووەم ئەوەیە کە فەیلەسوفی زمانی ئەمەریکی جۆن سێرل وەلامی سەروتارەکەی دێریدا لە ژێر ناوی ""***دووبارەکردنەوەی جیاوازیەکان وەلامێ بۆ دێریدا***"" دەداتەوە و ئەم وەلامەش لە بەشی یەکەمی گۆڤاری Glyph

گلیف سالی 1977 بلاودەبێتەوە و پاشان دێریدا وەلامی سێڕل دەداتەوە و لە بەشی دووەمی هەمان گۆڤار ولە

هەمانسالدا لەژێر ناویLimited Inc abc. بلاودەبێتەوە.

16- ئەم 5 کتێبەش ئەمانەن: **1**. دەروازەیٚ بۆ ژیۆمێتری هوسرەل , **2**. دەنگ و دیاردە. ئەم دوو کتێبە ئەو دوو دانەیەن کە بە بیری فینۆمینۆلۆژی هوسرەلەوە تایبەتن. **3**. شیبۆلێت. ئەو کتێبەیە کە سەبارەت بە شیعرگەرای شاعیری ئەلمانی پۆل سیلان نووسراوە.**4**. ئاین. ئەو کتێبەیە کە دێریدا لەگەل فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنی ئیتالی گیانی ڤاتیمۆ نووسیویەتی. **5**.مۆنۆلینگویزمی ئەویتر یاخود باخیبوونی ڕیشەیی.